**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٦

**٢٠٠١ ـ بەرگی بیست و شەش**

---

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست:


| | | |
|---|---|---|
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێک | ٢٠٠١/٣/١٥ | ل ٧ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک | ٢٠٠١/٣/١٨ | ل ١٦ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو | ٢٠٠١/٣/٢٨ | ل ١٩ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ | ٢٠٠١/٣/٣١ | ل ٥٦ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار | ٢٠٠١/٤/٢ | ل ٧٢ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج | ٢٠٠١/٤/٩ | ل ١٠٨ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش | ٢٠٠١/٤/١١ | ل١٥٤ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت | ٢٠٠١/٤/١٨ | ل١٨٠ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت | ٢٠٠١/٥/٢ | ل٢٢٥ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ | ٢٠٠١/٥/١٦ | ل٢٥٦ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە | ٢٠٠١/٥/١٧ | ل٢٩٤ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە | ٢٠٠١/٦/٤ | ل٣٣٠ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە | ٢٠٠١/٦/٥ | ل٣٤٢ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سیازدە | ٢٠٠١/٦/٢٠ | ل٣٩٧ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە | ٢٠٠١/٦/٢٦ | ل٤٤٠ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە | ٢٠٠١/٦/٢٧ | ل٤٥١ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە | ٢٠٠١/٦/٢٨ | ل ٤٥٨ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە | ٢٠٠١/٦/٣٠ | ل ٥٥٠ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەکی نارەسمی | ٢٠٠١/٣/٣٠ | ل ٥٦٩ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەکی نائاسایی | ٢٠٠١/٧/٢ | ل ٥٩٠ |
| پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دووی نائاسایی | ٢٠٠١/٨/١٥ | ل ٦٣٤ |

پێشنیارەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

رێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

بابەت/ پرۆژە

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی مادده (٧١)لە پەیرەوی ژمارە یەک ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پرۆژەی یاسای سەندیکای مامۆستایانی کوردستان پێشکەش دەکەین تکایە بفەرموون بە عەرز کردنی بۆ سەر ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ گفتوگۆ وبڕیار دان لەسەری لەگەڵ رێزماندا:

١- د.ناسح غەفور
٢- عفان نەقشبەندی
٣- وریا دزەیی
٤- جعفر شێخ علی بەرزنجی
٥- یحیی محمد عبدالکریم بەرزنجی
٦- سیروان کاکەیی
٧- حسن صالح
٨- حسین علی کمال
٩- جلال خۆشناو
١٠- مەلا هادی خضر
١١- حمید سلیم
١٢- احمد سالار
١٣- زاهیر محمد

مشروع قانون اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق

الفصل الاول

«الاهداف»

المادة الاولى:

المصطلحات ادناه تعبر عن المعاني الواردة ازاء كل منها اينما ورد في هذا القانون:

١- اتحاد المعلمين: اتحاد معلمي كوردستان العراق.
٢- المجلس: مجلس اتحاد معلمي كوردستان.
٣- السكرتارية: مكتب سكرتارية اتحاد معلمي كوردستان.
٤- الرئيس: رئيس اتحاد معلمي كوردستان.
٥- الفرع: فرع اتحاد معلمي كوردستان.
٦- القطاع: قطاع اتحاد معلمي كوردستان.
٧- مندوب المدرسة.
٨- المعلم: جميع معلمي اقليم كوردستان ـ العراق العاملين ضمن وزارة التربية والتعليم العالي اعضاء في اتحاد معلمي كوردستان.

المادة الثانية:

بموجب هذا القانون، يكون مقر مكتب السكرتارية لاتحاد معلمي كوردستان ـ العراق في اربيل العاصمة، وتؤسس الفروع في مراكز محافظات الاقليم وللفرع وحسب الحاجة تأسيس قطاعات الاتحاد في مراكز الاقضية بعد اشعار مكتب السكرتارية بذلك.

المادة الثالثة:

اتحاد معلمي كوردستان صاحب شخصية معنوية، له حق تملك الاموال المنقولة وغير المنقولة وله حق التعامل بها لتحقيق الاغراض والاهداف الواردة في هذا القانون.

«الاهداف»

المادة الرابعة:

يعمل اتحاد المعلمين لتحقيق الاهداف الواردة ادناه:

١- مساندة مكتسبات البرلمان وحكومة اقليم كوردستان والمحافظة عليها وتثبيت الفدرالية لكوردستان.

٢- الدفاع عن سيادة القانون.

٣- الدفاع عن الحريات الديمقراطية والسلم ومبادئ حقوق الانسان.

٤-مساندة النضال التحرري للشعب الكوردي في سبيل تحقيق المطامح القومية والتربوية للاجيال الكوردية.

٥- الاسهام في رفع المستوى التربوي والتعليمي والقدرات العلمية والثقافية والفكرية لمعلمي كوردستان واعدادهم بالشكل الذي يحقق الايمان التام بالقضية القومية واهداف حركة التحرر الكوردية (الكوردايه تي).

٦- المساهمة والمشاركة في وضع وصياغة ستراتيجية نظام التربية والتعليم في اقليم كوردستان لاعداد برامج تتلاءم مع الاهداف والطموحات المشروعة للشعب الكوردي.

٧- احترام مهنة التعليم وصيانة قدسية المدارس والمعاهد والدفاع عن حقوق معلمي كوردستان وتحقيق اهدافهم وطموحاتهم وضمان الحرية الكاملة لاداء مهامهم.

٨- النضال في سبيل رفع المستوى المعاشي للمعلمين وتقديم الخدمات الاقتصادية والاجتماعية والصحية وفي جميع المجالات التي تحقق الحياة الكريمة للمعلم الكوردستاني.

٩- صيانة الوضع الثقافي الكوردي والحفاظ على التراث القومي وابراز دور المعلم الكوردستاني في البناء والتطوير الحضاري وتحويل المجتمع الكوردي الى مجتمع مدني.

١٠- النضال في سبيل اشاعة التعليم وتعليم الكبار وحملة مكافحة الامية في الاقليم وازالة مظاهر الجهل من منطلق: (التعليم حق طبيعي لكل انسان).

١١- التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والاتحادات المهنية والجماهيرية في اقليم كوردستان.

١٢- العمل على تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في العراق لمصلحة معلمي كوردستان.

١٣- محاولة مدّ قنوات اتصال مع الاتحادات والنقابات العالمية.

١٤- محاولة اشراك معلمي كوردستان في الندوات والمؤتمرات التربوية والعلمية في العالم.

١٥- ضمان وحماية الحقوق الثقافية للاقليات القومية والدينية في اقليم كوردستان ـ العراق كالتركمان والكلدانيون والآشوريون.

## الفصل الثاني
## المكونات والعضوية

المادة الخامسة:

أ- جميع معلمي مدارس الاقليم ضمن وزارة التربية والتعليم العالي المعينين رسمياً اعضاء في هذا الاتحاد ويشمل كذلك كافة الذين يتقاضون المخصصات المهنية للتعليم.

ب- المعلمين من شهداء حركة التحرر لشعب كوردستان والذين تعرضوا لعمليات الانفال اعضاء فخريون في اتحاد معلمي كوردستان.

ج- معلمي ثورة ايلول التحررية اعضاء في اتحاد معلمي كوردستان.

د- المتقاعدون من المعلمين اعضاء في اتحاد معلمي كوردستان ولمدة سنة واحدة اعتباراً من احالتهم على التقاعد وبعد صدور هذا القانون.

المادة السادسة:

١- لاتحاد معلمي كوردستان تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية الخاصة بالمعلمين في اقليم كوردستان.

٢- لاتحاد معلمي كوردستان حق الاشراف المباشر على الجمعيات والمؤسسات التي يقوم بتأسيسها وله ان ينتدب عضواً من الهيئة الادارية في هذه الجمعيات لتمثيله.

٣- لايحق لاية جهة او مؤسسة في الاقليم العمل باسم المعلمين او تأسيس الجمعيات والاتحادات.

٤- لاتحاد المعلمين حق الغاء الفقرتين ١ ,٢ من هذه المادة إذا تبين له بانهما تلحقان الاضرار بمصالح المعلمين.

## الفصل الثالث
## الهيئات والمؤسسات

المادة السابعة:

يتكون اتحاد معلمي كوردستان من الهيئات الاتية:

١- المؤتمر العام.

٢- المجلس التنفيذي لاتحاد معلمي كوردستان.

٣- رئيس اتحاد معلمي كوردستان.

٤- مكتب سكرتارية اتحاد معلمي كوردستان.

٥- مؤتمر الفرع.

٦- الهيئة الادارية للفرع.

٧- الهيئة الادارية للقطاع.

٨- ممثل المدرسة.

المادة الثامنة:

اولاً: يعتبر المؤتمر العام اعلى سلطة في اتحاد معلمي كوردستان حيث يتولى رسم سياسته، واعضاء المؤتمر هم الاعضاء المنتخبون من فروع الاتحاد في اقليم كوردستان اضافة الى اعضاء مكتب السكرتارية حيث يتم انتخابهم مرة كل سنتين عن طريق الاقتراع المباشر.

ثانياً: مدة العضوية في المؤتمر العام ومؤتمرات الفروع سنتين، ويتمتع كافة الاعضاء بحقوق العضوية الكاملة الى حين انتهاء مدة الدورة الانتخابية.

ثالثاً: يعقد المؤتمر العام اجتماعاً دورياً مرة كل سنة خلال العطلة الربيعية بناءاً على طلب المجلس التنفيذي لاتحاد المعلمين او طلب ٢/٣من اعضاء المجلس التنفيذي او بناءاً على طلب تحريري من ١/٣ من اعضاء المؤتمر العام.

رابعاً: للمؤتمر العام في اجتماعات الدورة الاعتيادية ان يقوم باجراء التغييرات في مكتب السكرتارية كلاً او اي عضو فيه وذلك باكثرية اصوات الاعضاء او ان ينتخب اعضاءاً لمكتب السكرتارية بدلاً منهم.

خامساً: يمثل المؤتمر العام جميع معلمي اقليم كوردستان العراق ويتكون من:

أ- اعضاء مكتب السكرتارية واعضاء الهيئات الادارية للفرع.

ب- ممثل عن كل ١٥٠ مائة وخمسين عضواً من مجموع اعضاء فروع الاقليم

## واجبات المؤتمر العام

المادة التاسعة:

١- دراسة ومناقشة قانون اتحاد المعلمين وقانون الضمان وصندوق المساعدات وصندوق الامراض المستعصية والخطرة واقرارها باكثرية الاصوات.

٢- دراسة ومناقشة المنهاج والنظام الداخلي لاتحاد معلمي كوردستان واقرارها باكثرية الاصوات بشكل لا يتنافى وبنود هذا القانون.

٣- انتخاب الرئيس ونائبه واعضاء مكتب السكرتارية.

٤- دراسة وتنظيم واجبات ومهام اللجان واقرار التقرير الاداري والمالي باكثرية الاصوات.

٥- دراسة ومناقشة الموازنة السنوية العامة لاتحاد المعلمين، واقرار بنودها وفصولها.

المادة العاشرة:

اولاً: يعتبر المجلس التنفيذي لاتحاد معلمي كوردستان اعلى سلطة في الفترة ما بين عقد المؤتمرين ويتكون من:

ب- رؤساء الهيئات الادارية للفروع.
ثانياً: يقرر المجلس التنفيذي لاتحاد المعلمين وبأصوات ٢/٣ من اعضائه عقد المؤتمر العام او اجراء الانتخابات العامة، وله ان يقرر تأجيل الانتخابات او عقد المؤتمر لمدة سنة واحدة بعد انتهاء مدة الدورة.
ثالثاً: متابعة وتنفيذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام.
المادة الحادية عشرة:
اولاً: يعتبر مكتب السكرتارية اعلى سلطة بعد المجلس التنفيذي لاتحاد معلمي كوردستان ويتألف من الرئيس ونائبه و(١٣) ثلاثة عشر عضواً اصلياً و (٥) خمسة اعضاء احتياط وفي اول اجتماع له ان ينتخب السكرتير ومسؤولي اللجان المالية والادارية ويقوم بتوزيع الاعمال بين اعضائه.
ثانياً: واجبات وصلاحيات مكتب السكرتارية:
١- تنفيذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام.
٢- اصدار التوجيهات والتعليمات اللازمة لتمتين العلاقة مع الهيئات الادارية للفروع بما يحقق المصلحة العامة لاتحاد المعلمين.
٣- مناقشة واقرار الموازنة السنوية العامة واعدادها للمؤتمر العام.
٤- اقرار صرف الاموال اللازمة لتنفيذ مهام مكتب السكرتارية في حدود الصلاحيات المقررة ضمن المبالغ المرصودة للمكتب في حدود الميزانية العامة للاتحاد، وله ان يجري المناقلات المالية او اية تغيرات اخرى ضمن الموازنة المقررة.
٥- العمل من اجل تعزيز العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية في اقليم كوردستان.
٦- تقوية العلاقة مع المؤسسات الحكومية لتحقيق اهداف ومصالح معلمي الاقليم.
المادة الثانية عشرة:
اولاً: يتكون مؤتمر الفرع من ممثلي المعلمين بنسبة ١ ـ ١٥ من عدد اعضاء الفرع في حدود أية محافظة، ويتم انتخاب اعضاء الهيئة الادارية للفرع مرة كل سنتين.
ثانياً: يعقد الفرع مؤتمره مرة كل سنة خلال العطلة الربيعية في الفترة القانونية المحددة وقبل عقد المؤتمر العام المقبل للاتحاد.
ثالثاً: يعقد الفرع مؤتمره الاعتيادي سنوياً ويمثل الاتحاد في حدود المحافظة ويقوم بتنفيذ المهام والواجبات ادناه:
١- تنفيذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام لتحقيق اهداف الاتحاد في محافظات الاقليم.
٢- انتخاب رئيس الفرع ونائبه واعضاء الهيئة الادارية باكثرية اصوات اعضاء المؤتمر.
٣- مناقشة الموازنة السنوية العامة الخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية العامة للاتحاد

وتنفيذ التعليمات المالية وقانون الضمان وصندوق المساعدات الخاصة بالمعلمين وصندوق الامراض الخطرة.

٤- ادارة وتحديد مهام قواطع الاتحاد.

٥- الاشراف والعمل على تطوير المهام المهنية والثقافية والاجتماعية والفنية ..الخ لاتحاد معلمي كوردستان ضمن المحافظة وتقديم التقارير في هذا المجال الى مكتب السكرتارية والمجلس التنفيذي للاتحاد.

المادة الثالثة عشرة:

اولاً: تتكون الهيئة الادارية للفرع من(٧)اعضاء اصليين و(٢)عضوين احتياط وفي أول اجتماع له ينتخب بطريقة الاقتراع السري اللجان المختصة ويحدد مهامها.

ثانياً: عضوية الهيئة الادارية سنتان وفي حالة أستقالة اي عضو من اعضائه او وفاته يحل محله العضو الاحتياط الأول وهذا لايشمل رئيس الفرع.

ثالثاً: إذا شغر منصب الرئيس يحل محله نائب الرئيس وذلك إذا كانت المدة المقررة لعقد مؤتمر الفرع اقل من ستة أشهر وبعكسه فإن مؤتمر الفرع يعقد اجتماعاً لانتخاب الرئيس بدلاً من الرئيس السابق.

المادة الرابعة عشرة:

يتم اتخاذ القرارات في المؤتمر العام ومؤتمرات الفروع بأكثرية الأصوات.

المادة الخامسة عشرة:

اولاً: تتكون الهيئة الإدارية للقاطع من(٣-٥)أعضاء، ويتم انتخاب الاعضاء خلال الاجتماع الموسع للقاطع بطريقة الاقتراع السري.

ثانياً: يتم تشكيل القاطع في مراكز الاقضية شريطة أن لايقل عدد المعلمين فيه عن ٥٠٠ معلم.

ثالثا: يشارك رئيس الهيئة الادارية للقاطع في الاجتماع الموسع للفرع.

المادة السادسة عشرة:

ممثل المدرسة: يتم انتخاب ممثل المدرسة في كل مدرسة او كلية ومعهد من قبل الهيئة التعليمية مباشرة، وفي حالة وجود عضو مؤتمر في المدرسة يكون ممثلاً لمدرسته.

المادة السابعة عشرة:

اولاً: رئيس اتحاد معلمي كوردستان هو رئيس المجلس التنفيذي ويمثل اتحاد معلمي كوردستان لدى الجهات المختصة ويوقع على كافة الاوامر والقرارات وإصدار التعليمات وأوامر الصرف وله ان يمنح جزءاً من صلاحياته لنائبه أو أحد اعضاء مكتب السكرتارية.

ثانياً: الشروط الواجب توفرها في رئيس اتحاد معلمي كوردستان ورئيس فرع الاتحاد في المحافظة:

١- ان يكون من سكنة إقليم كوردستان ـ العراق.

٢- ان لايقل عمره عن(٣٥)سنة.
٣- لاتقل خدماته في سلك التعليم عن(١٥)سنة.
٤- أن يكون صاحب سجل مشرف في النضال الوطني وخدمة المعلمين.
المادة الثامنة عشرة:
عضوية مكتب السكرتارية والفرع والقاطع سنتان.

## الفصل الرابع
## المالية

المادة التاسعة عشرة:
اولاً: تتكون مالية اتحاد معلمي كوردستان من المصادر التالية:
١- يدفع كل عضو في اتحاد معلمي كوردستان مبلغ(٥)دنانير شهرياً كبدل العضوية وعلى الشكل التالي:
أ- مقابل الاشتراك في صندوق الضمان يستقطع مبلغ(٢)ديناريـن من راتب كل عضو في الاتحاد.
ب- يستقطع مبلغ دينار واحد من كل عضو في الاتحاد كبدل الاشتراك في صندوق(مساعدة المعلمين المتوفين).
ج- يستقطع مبلغ دينار واحد من كل عضو في الاتحاد كبدل الاشتراك في صندوق(الامراض المستعصية والخطرة).
د- يستقطع مبلغ دينار واحد من كل عضو كبدل اشتراك شهري بدل العضوية.
٢- المساعدات الممنوحة من حكومة الاقليم.
٣- ريع المشاريع المقامة من قبل الاتحاد.
٤- ريع المطبوعات ونشريات الاتحاد.
٥- ريع فوائد الحفلات والتبرعات.
٦- بدلات ايجار المباني المملوكة للاتحاد.
ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات(أ، ب، ج، د)من المادة الاولى، وعلى الهيئات الادارية للفروع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة باسم(لجنة الضمان ولجنة مساعدة الاعضاء)لتنفيذها.
ثالثاً: يتم فتح حساب في مصارف الاقليم لتنفيذ الفقرات(أ، ب، ج، د)من المادة اولاً ويلتزم رئيس واعضاء الفرع به.
رابعاً: يتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في اجتماعات الفرع.

خامساً: تخضع كافة الحسابات العامة لاتحاد المعلمين الى الرقابة القانونية والمالية العامة.

سادساً: لايحق لأي عضو المطالبة بالحقوق المالية في الفقرات(أ، ب، ج، د)إذا فقد عضويته في الاتحاد.

سابعاً: يتم نقل نسبة(٥٪)من الموارد المالية في الفقرة(د)من المادة الاولى الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفروع.

المادة العشرون:

اولاً: السنة المالية لاتحاد معلمي كوردستان تبدأ من اليوم الاول من كانون الثاني وتنتهي في اليوم الاخير من كانون الأول من نفس السنة.

ثانياً: تبدأ السنة المالية الجديدة بصورة طبيعية ويعمل بالميزانية الجديدة بعد استحصال الموافقات الأصولية في المؤتمر العام والمجلس التنفيذي وبموجب الصلاحيات الواردة في البند الرابع من المادة الحادية والعشرين من هذا القانون.

ثالثاً: تودع كافة المستندات والوثائق المالية في مكتب السكرتارية ولها خصوصية مركزية وتودع مثيلاتها في الفروع لدى الفرع ويتم الحفاظ عليها.

المادة الحادية والعشرون:

اولاً: تتكون الميزانية العامة لاتحاد معلمي كوردستان من الميزانية الخاصة لمكتب السكرتارية والفروع والمشاريع والاعتمادات الخاصة بمكتب السكرتارية او الفرع.

ثانياً: لايجوز العمل بالميزانية الجديدة بموجب اسس هذا القانون والمنهاج والنظام الداخلي والتعليمات الخاصة إلا بعد استحصال الموافقة الاصولية مع مراعاة الفقرة(٤)من هذه المادة.

ثالثاً: تنظم ميزانية خاصة بالاتحاد والتي يتم إقرارها بموجب بنود هذا القانون والنظام الداخلي للاتحاد وتقدم مشروع ويقدم للجهات المختصة لاستحصال الموافقات الاصولية، لكي توضع ضمن الميزانية العامة السنوية للاتحاد ومن ثم تقدم معاً كمشروع متكامل الى الجهات ذات العلاقة لاستحصال الموافقات النهائية والعمل بموجبها.

رابعاً: إذا بدأت السنة المالية ولم تكتمل الموافقات على الميزانية العامة فسيكون العمل بالميزانية العامة للعام المنصرم أو خلاصة الحسابات التي تقررت الميزانية العامة الجديدة بموجبها، وأيهما كانت أقل شهرياً بنسبة(١، ١٢)من الاعتمادات.

المادة الثانية و العشرون:

اولاً: لمكتب السكرتارية أن يستثمر جزءاً من موارده المالية في مشاريع انتاجية تدر فوائداً على الاتحاد، وكذلك يحق للهيئة الادارية للفروع أن يستثمر جزءاً من موارده المالية تدر ربحاً يستثمر لصالح الاتحاد على ان يتم استحصال موافقة مكتب السكرتارية.

ثانياً: موارد مكتب السكرتارية والفروع خاضعة للمتابعة والتدقيق القانونيين من قبل المحاسبين والمدققين المجازين ويتم إعلان نتائجها في المؤتمر العام والمجلس التنفيذي لاتحاد

معلمي كوردستان.

## الفصل الخامس
## الواجبات والإجراءات الإدارية

المادة الثالثة والعشرون:

اتحاد معلمي كوردستان المنظمة الوحيدة التي تمثل جماهير المعلمين في إقليم كوردستان وخارجه، ويمثل المعلمين في الندوات والمؤتمرات والمراسلات المتعلقة بالاتحاد، وكذلك له حق تمثيل المعلمين في الوفود الرسمية والتي تتعلق بالمعلمين واعدادهم وتنظيمهم، ولايحق لأية مجموعة او تنظيم العمل باسم المعلمين أو منح هذا الحق لنفسه.

المادة الرابعة والعشرون:

اولاً: يدافع اتحاد المعلمين عن اعضائه، وله ان ينتدب من يمثله في اللجان التحقيقية ولجان الانضباط الوزارية أو في دوائر التربية بموجب بنود هذا القانون.

ثانياً: يساهم اتحاد المعلمين في جميع المجالس المتعلقة بمجال المعلمين او التربية والتعليم.

المادة الخامسة والعشرون:

بقرار من المجلس التنفيذي للاتحاد وصولاً لتحقيق اهداف المعلمين يشارك الاتحاد ضمن المنظمات لتمثيل المعلمين سواءاً داخل الإقليم أو المنظمات العالمية للمعلمين شريطة ألا تتعارض مع اتحاد معلمي كوردستان.

المادة السادسة والعشرون:

اولاً:

أ- يتم تفرغ رئيس اتحاد معلمي كوردستان أو رؤساء الفروع لإنجاز أعمال ومهام الاتحاد.

ب- بقرار(٣/٢)من أعضاء مكتب السكرتارية، يتم تفرغ اي عضو من اعضاء مكتب السكرتارية او الهيئات الإدارية للفروع لإنجاز مهام وواجبات الاتحاد.

ج-لوزير التربية وباقتراح من مكتب السكرتارية انتداب أي عضو من اعضاء مكتب السكرتارية عند الحاجة وبموجب هذا القانون لأية مهمة داخل او خارج الاقليم.

د- يجب ان لايتجاوز عدد الذين يتم تفرغهم لمهام الاتحاد من اعضاء مكتب السكرتارية او الهيئات الادارية للفروع الـ (١/٣)من عدد الاعضاء.

ثانياً: في الفترة التي يقضيها العضو المنتدب او الموفد بموجب الفقرة(ج)من المادة الاولى تدفع رواتب ومخصصات العضو من قبل الوزارة المختصة.

ثالثاً: يتم منح مخصصات محددة للعضو المتفرغ لمهام وواجبات الاتحاد وبقرار من مكتب السكرتارية اضافة الى رواتبه ومخصصاته المهنية او الجامعية والمقررة بموجب القانون والتعليمات الخاصة.

رابعاً: تعبتر المدة التي يقضيها عضو الاتحاد كمنتدب او متفرغ لمهام الاتحاد خدمة فعلية لاغراض الترفيع والعلاوة والتقاعد والترقية العلمية.
خامساً: لاتحاد معلمي كوردستان ايفاد اي عضو من اعضاء مكتب السكرتارية او الهيئة الادارية للفرع داخل او خارج الاقليم بعد استحصال موافقة الوزير المختص.

## الفصل االسادس
## الاحكام الختامية

المادة السابعة والعشرون:
اولاً: لايجوز وضع اليد على اموال او ممتلكات الاتحاد او بيعه لسداد القروض المقروضة عليه، الا في حدود المالغ التي يتم الحجز عليها بموجبه.
ثانياً: بموجب بنود هذا القانون، اذا تم حل الاتحاد فان ممتلكاته وبقرار من مجلس الوزراء تؤول الى الجهة المماثلة والتي تتطابق اهدافها مع اهداف الاتحاد.
ثالثاً: اذا تم حل اية مؤسسة او جمعية تابعة للاتحاد او الفرع او القواطع فان ممتلكاتها تؤول الى اتحاد معلمي كوردستان.
المادة الثامنة والعشرون:
يتم التصديق على النظام الداخلي ومنهاج الاتحاد في المؤتمر العام بموجب بنود هذا القانون.
المادة التاسعة والعشرون:
لايجوز مراقبة وتفتيش مقر مكتب السكرتارية او مقرات الفروع الا بحضور رئيس اتحاد معلمي كوردستان او رؤوساء الفروع او من يمثل الاتحاد.
المادة الثلاثون:
على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.
المادة الحادية و الثلاثون:
يتم منح هويات الاعضاء من قبل الفرع ضمن الحدود الجغرافية للمحافظة ويجب ان تكون الهويات موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية.
المادة الثانية و الثلاثون:
لا يعمل بموجب قانون نقابة المعلمين رقم (٧) لسنة ١٩٨٩ او اي قانون اخر.
المادة الثالثة و الثلاثون:
يتم العمل باحكام هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك شێروان حەیدەری، بەڕێزان ئەو پرۆژەیە ئاراستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەكانی پەروەردەو یاسایی و ئابووری دەكەین، خاڵی سێیەمی بەرنامەی

کاری ئەمرۆمان گفتوگۆکردنە لەسەر یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ، بەرێز وەزیری دارایی قسەی هەیە فەرمو.

**بەرێز سەرکیس ئاغا جان مامەندۆ/ وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ وەزیر بە وەکالەت دانەندراوە، پێویستە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان جێگری سەرۆک وەزیران لە دانیشتنەکە ئامادە بێت بۆیە پێشنیار دەکەین ئەو بابەتە دوا بخرێ بۆ کاتێکی تر، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر پێشنیاری وەزیری دارایی و ئابووری خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان دوا دەخەین بۆ دانیشتنی داهاتومان،لێرەدا کۆتایی دێت بە کاروباری ئەو دانیشتنەمان، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دووشەممەی دادێ سەعات «١٠» دەبێت، سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە چوار**

دوو شەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠١

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# ٣٠

سالّی/٢٠٠٢ ـ بەرگی سی

چاپی یەکەم ٢٠٠٢

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٣/٢٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٦ ل١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٧ ل٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ـ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٣ ل٦٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ـ پێنج شەممە ٢٠٠٢/٤/٤ ل٨٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/٩ ل ١٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٤/١٠ ل١٥٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ـ یەک شەممە ٢٠٠٢/٤/١٤ ل١٨٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ـ دوو شەممە ٢٠٠٢/٤/١٥ ل٢٢٠

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/١٦ ل٢٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٢ ل٣٢٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ـ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٤ ل٣٤٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٩ ل٤١٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سیازدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٥/٦ ل٤٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٥/٧ ل٥٢٠

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، کاک فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزدار جمیل عبدی سندی بۆ لیژنەی ئیشغال و ئاوەدانکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا،سوپاس، دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتییە لە خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە. تکا لە ئەندامێکی لیژنەی یاسایی دەکەم کە بێتە سەر مەنەسە بۆ خوێندنەوەی یاساکە و ئەندامێکی تری لیژنەی یاساش بۆ وەڵامدانەوە، هەروەها ئەندامێکی لیژنەی پەروەردە و لیژنەی داراییش، فەرموو یاساکە مادده بە مادده بخوێننەوە.

**بەڕێز سعید محمد أحمد یعقوبی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

«قرار»

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق ، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ /  /٢٠٠٢ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم(  )لسنة٢٠٠٢

قانون اتحاد معلمي اقليم كوردستان ـ العراق

الفصل الأول

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

١ـ الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق.
٢ـ الوزارة: وزارة التربية.
٣ـ الاتحاد: اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.
٤ـ المجلس: المجلس التنفيذي لاتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.
٥ـ مكتب السكرتارية: مكتب سكرتارية اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.
٦ـ الهيئة العامة: جميع أعضاء اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.
٧ـ المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في الجامعات والمعاهد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له پێناسەکەدا وا هاتووە «الاتحاد: اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.»، پێمان باشە بکرێتە «الاتحاد: اتحاد معلمي إقليم كوردستان ـ العراق.»، له برگە «٧»دا هاتووە« ٧ـ المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في الجامعات والمعاهد.»، ئەگەر «والمعيدين»یشی بخرێتە سەر باشترە، چونکە ئەوانیش له سەندیکای یەکێتی مامۆستایاندا ئەندامن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە کە ئێمە له راپۆرتی ژمارە «ج/٦ له ٢٠٠٢/٤/١»دا بۆ بەڕێزتانمان ئاراستە کرد، ئێمە داواکارین کەوا له جێگای «الاتحاد» بکرێتە «مشروع قانون نقابة معلمي كوردستان ـ العراق» و (إحلال كلمة النقابة مكان كلمة الاتحاد أين ما ورد في المشروع حيث

ان النقابات أقوى من الاتحادات من الناحيتين القانونية و المالية وأسوةً بكافة النقابات لشرائح أخرى في الاقليم كالاطباء والصيادلة و المحامين والمهندسين)، دووەم پێناسەی مامۆستا هاتووە«٧ـ المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في الجامعات والمعاهد.»بە رای ئێمە ئەم پێناسەیە کافی نییە، چونکە قوتابخانە هەیە سەر بە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتییە، کە ئەوانیش مامۆستان و دەرماڵەی دەرس گوتنەوە وەردەگرن، لەبەر ئەوە پێناسەی مامۆستا بگۆڕدرێ و بکرێتە(جميع المعلمين والمدرسين في الاقليم العاملين في سلك التعليم والتدريس أعضاء في النقابة)، لەبەر ئەوە لە پێناسەکەدا زۆر کەس بێ بەش دەبێت و ناگونجێ لەگەڵ واقعی ئێستا ئەوانەی ئێستا ئەندامن و دەرماڵەی میهەنی لە وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی هەرێم وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاک ەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رایەکەی لیژنەی دارایی، ئەو پێناسەیەی کە لە یاساکەدا هاتووە، رای یەکێتی مامۆستایانە بە هەمئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی پەروەرد دانراوە، بەڵام ئەو مامۆستایانەی کە لە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و لە وەزارەتی پەروەردە ئەوانە ناگرێتەوە، چونکە ئەوانە مامۆستان لەسەر میلاکی وەزارەت و هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکێتی مامۆستایانەوە نییە، دووەم سەبارەت بە وشەی «إتحاد» ئەوە بەرەنگارییەکە لە مانەوەی یەکێتی مامۆستایان کە ساڵەهای ساڵە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئیشی کردووە و لەناو خەڵکی ناسراوە بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەبەر ئەوە پێویست نییە ئێستا بیگۆڕین و بیکەین بە «نقابە» چونکە لەسەر ئەو ئەساسەی گۆوا هێز لە یاساوە وەردەگرێ و لەسەر چ شتێک دامەزرێت هەر لەسەر ئەوە دەمێنێتەوە، جا نازانم «نقابە»بۆ لە«إتحاد» بە هێزترە، ئەگەر یاسایەک هەبێت پشتکیری ئەو «إتحاد»ە بکات و ئەو «إتحاد»ەی پێ دروست ببێت، هەموو شتێک لە یاساوە هێز وەردەگرێت ئەو یاسایەش کە دەرچوو واتا هێزی خۆی وەردەگرێ و پێویستیشی بەوە نییە کەوا ناوی «یەکێتی مامۆستایانی کوردستان» بسڕێتەوە کە خەڵکی بەو ناوە ناسیویەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مەبەست گۆڕینی ناوی یەکێتی مامۆستایان بێت ئەبێت «إقلیم»یش نەمێنێ، جا ئێوە خۆتان لە پێناسەکەدا وشەی «إقلیم»تان نەخستووەتە سەری بۆ ئەوەی هەر بە «یەکێتی مامۆستایانی کوردستان» بمێنێتەوە، خاڵێکی تریش هەیە لە زمانی دەرەوە «إتحاد و نقابە» هیچ جیاوازییەکیان نییە، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی یەکەم؟، بەڕێز کاک عبدالخالق

فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاکەرەش دەکەم، کە بەناوی لیژنەی یاساییەوە پێشکەشی کرد، چونکە ئەم ناوە پیرۆزە و ئەبێت بیشی پارێزن و، ئەمە یەکێکە لە دەسکەوتەکانی گەلەکەمانە لە بەیانی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠، جا بە رای من ئەو ناوە بمێنێت و وشەی «إقليم»یشی تیادا نەبێت، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، جا بۆیە من پشتگیری ئەو رایەی لیژنەی یاسایی دەکەم و زۆر مامۆستاش هەیە کەوا لە شوێنەکانی تری کوردستانن وەکو کەرکوک و خانەقین و مەخمور دەتوانێ خۆی بە ئەندامی ئەم یەکێتییە بزانێ هەتاوەکو ئەگەر ئەندامی فعلیش نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتوو زۆر لە جێگای خۆیەتی، تەنها «إتحاد معلمي إقليم كوردستان ـ العراق»وابزانم ئێمە قسەمان لەسەر وشەی «إقليم» نەکردبوو، تەنها «إتحاد معلمي كوردستان ـ العراق» بوو، بە رای من «إقليم» زیادە. سەبارەت بە ئەو رایەی کە دەڵێت «معيد»یشی بخرێتە سەر، من پێم باش نییە، چونکە کە ئەڵێین «تدرسيين في الجامعات والمعاهد» هەموو کەسێک ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە وشەی «معيد» پێویست نییە، جا وابزانم ئەم ماددەیە لەسەر رێککەوتنی هەر دوو لیژنە هاتووە، جا ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رێکخراوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رێکخراوێکی سیاسیی پیشەیی بووە لە مایسی ساڵی ١٩٦٢دا دامەزراوە و، دەسکەوتێکی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بووە و، رێکخراوێک بووە کە خزمەتی شۆڕشی کردووە و بە دەیان مامۆستا قوربانی داوە لە پێناو میللەتی کورد بە ناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و، ئەو ناوە تاوەکو ئەمڕۆ نەگۆڕاوە و لە ساڵانی حەفتاکانیش لە سەندیکاوە هەوڵ درا کەوا ئەو ناوە بگۆڕدرێت و، بکرێت بە «نقابە»

مامۆستایانی کوردستان رازی نەبوون و، ئێستاش رازی نابن، بۆیە من داوا دەکەم کەوا ئەو ناوە وەکو خۆی بمێنێتەوە. سەبارەت بە داواکارییەکەی مامۆستا عفان منیش پێم وایە هیچ کێشەیەکی تیادا نابێت ئەگەر «معید»یشی بخرێتە سەر، چونکە ئەوانیش ئەندامن لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەگەر نەشبێت هیچ کێشەیەک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بێمە سەر یاسا، تێبینییەکم لەسەر بەرنامەی کار هەیە کە دەڵێ: (لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە) خۆی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار نەکراوە، بەڵکو لەلایەن رادەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بێینە سەر یاساکە، سەبارەت بە «الوزارە» کە پێناسە کراوە، ناوی وەزارەتی پەروەردە نەهاتووە، کەچی زۆر پێویستە لە ماددەیەک، یا لە بڕگەیەکدا پەیوەندی وەزارەت بە یەکێتی مامۆستایانەوە دیاری بکرێت، من کەتەماشای یاساکەم کرد بینیم لە کۆتاییدا دەڵێت: (٢ـ إذا تم حل الاتحاد فإن ممتلكاته تؤول الى الجهة التي يقررها مجلس وزراء إقليم كوردستان.)، نەیوتووە چ وەزارەتێک، واتە ئەنجومەنی وەزیران بڕیار ئەدات بدرێتە چ وەزارەتێک، بەڵام ئەگەر لێرە وەزارەتی پەروەردە هاتبووایە بۆ پێناسە کردن ئەبێت ببەسترێتەوە لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار، ئەمە لە سەندیکاکانی تریشدا هاتووە، سەندیکای پزیشکان پەیوەندی لەگەڵ وەزیری تەندروستی ئەبێت و، سەندیکای ئەندازیاران لەگەڵ وەزیری ئەشغال پەیوەندیان ئەبێت، جا لێرە نەبەستراوەتەوە، جا ئەبوایە ماددەیەک، یا بڕگەیەک هەبووایە دیاری کردبایە کەوا ئەم سەندیکایە بە چی لەگەڵ وەزارەتەوە پەیوەندی ئەبێت، ئایا لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی سەندیکادا، یا لەکاتێکدا کە سەرۆکایەتی ئەو سەندیکایە نامێنێت، جا بەرای من دیاری کردنی ئەو پەیوەندیە زۆر پێویستە، لە بڕگە «٧»یشدا لەکاتی پێناسەکردنی «المعلم» دەڵێت: «جمیع المعلمین»، باشە بۆ نالێ: «كل عضو يزاول مهنة التعليم ويشمل جميع المعلمين و المدرسين من منتسبي.... »، سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک جمیلیش راستە وەکو جەنابت وتت لە زمانی بیانی دا چەندین زاراوی جۆراوجۆر هەنە کە شوێنی «إتحاد و نقابە» ئەگرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی عبدالکریم برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ناوی سەندیکا بە رای منیش هەر بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بمێنێتەوە، سەبارەت بە خاڵی «٧» کە بەڕێزان کاک جمیل و کاک إبراهیم باسیان کرد، بەڵام بەڕێز کاکەڕەش لە وەڵامەکەیدا ئاماژەی بۆ نەکرد، چینێک هەن دەرچووی بەشی دەروونناسین و وانەش ئەڵێنەوە، بۆ نموونە مامۆستاکانی قوتابخانەی نابینایان ئەمانە پێویستە ئەم پێناسەیە بیانگرێتەوە، جا یا بەشێوەیەکی گشتی لێ بکرێت وەکو کاک إبراهیم ئاماژەی پێ کرد، یان ناوی ئەوانیش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیپ محمد حسین «سیروان کاکەیی»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەم کەوا ناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە و، وشەی «إقلیم»یشی نەخرێتە پاڵ و ناوەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەڵامی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو کەسانەی کە لە نابینایان وانە ئەڵێنەوە ئاگادار نیم کەوا ئەندامن لە یەکێتی مامۆستایان، یان نا، جا ئەگەر لەو قوتابخانانەی کە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن، یا وەزارەتی تەندروستی وانە ئەڵێنەوە، ئەگەر ئەندامن ئەبێت لێرە ناویان بێت، ئەگەریش ئەندام نین من زانیاریم لەسەری نییە، جا بۆیە ناتوانم بەتەواوەتی وەڵام بدەمەوە، بەڵام سەبارەت بەوانەی قوتابخانەکانی وەزارەتی ئەوقاف من دەزانم کەوا لەگەڵیدا نین، چونکە ئەوانە پەیوەندی تایبەتییان بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، ئەوانە مەسەلەی پیشەییان نییە، وەکو مامۆستایان کە دەرماڵەی پیشەیی لە وەزارەتی پەروەردەوە وەردەگرن، تەنها ئەگەر مامۆستایەک لە وەزارەتی پەروەردەوە نووسراوی بۆ کرابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عفان فەرموو.

**بەڕێز عـــفـــان عــــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بەو مامۆستایانەی کە لە وەزارەتی ئەوقاف و تەندروستی و رۆشنبیری وانە ئەڵێنەوە، ئەوانە تاوەکو ئێستا پەیوەندیان نەبوو بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە و، ئەندامیش نەبوونە لەم یەکێتییە، سەبارەت بەگۆڕینی ناوی یەکێتی مامۆستایانیشەوە ئەوە شتێکی ئاسان نییە، چونکە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان خاوەن «١٨١» شەهیدە، ئەگەر ئێستا بیگۆڕین واتە شتێکی خراپمان کردووە، بە درێژایی تەمەنیشی حکومەتی مەرکەزی بوارمان نەداوە کە بگۆڕێت، ئێستا بیگۆڕین!؟، جا لەبەر ئەوە بەهیچ جۆرێک پێمان باش نییە ناوەکەی بگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک د.إدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.إدریـس هـادی صـــــــالـح:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

یەکێتییەکە گونجاوترە، چونکە ئەو نقابانەی کە لە کوردستان هەن زۆربەیان بڕوانامەکانیان بەکالۆریۆسە، بڕوانامەی کەمتر وەرناگرن، بەڵام مامۆستایان دبلۆم و بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆراشی تیادا هەیە، لەبەر ئەوە یەکێتییەکە گونجاو ترە، دووەم لەبەر ئەوەی هەموو سونفەکانی تیادایە من بە پێویستی نازانم کەوا باسی وەزارەتی پەروەردەی تیادا بکرێت، چونکە مامۆستایانی پەیمانگا و کولێژەکانی تیادایە، جا لە پاشە رۆژدا ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا دامەزرێنین ئەو کاتە ئەبێت ناوی ئەویشی تێخەین، جا لە چ شوێنێک ناوی وەزارەت هات با بنووسرێت وەزارەتی پەروەردە، لەسەرەتاکەیدا پێناسە نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شـــــعـــــبـــــان طـیـب:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

زۆر جار قوتابخانەکان پێویستییان بە مامۆستا دەبێت و هەر کەسێک مومارەسەی وانە وتنەوەی هەبێت و وانە بڵێتەوە وەکو «محاضر» لەم کاتەدا ئەگەر ئێمە وتمان «یمارس التعلیم» واتە هەمووی دەگرێتەوە بەوانەشەوە کە وانە ئەڵێنەوە «محاضر» و مامۆستای ئاینی و پزیشکێکیش کە بێت و هەندێ وانە بڵێتەوە، لەبەرە ئەوە هەموو کەسێک ئەگرێتەوە، جا لەبەر ئەوە هەر بە «کل معلم» بمێنێتەوە باشترە بۆ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە یەکێتی مامۆستایان چەند شەهیدی داوە و چەند خەباتی کردووە، کاتێ کە دامەزرا لە کوردستاندا و لەکاتی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن هەر لەو کاتەدا یەکێتی مامۆستایان لە عێراقدا هیچ دەرماڵەیەکی پیشەییان نەبوو، پاش ئەوەی یەکێتی مامۆستایانی عێراقی بوو بە «نقابە» دەرماڵەیان بۆ دەرچوو و، من ئەو کاتە ئەندام بووم لە «جمعیة الاقتصادیین العراقیین» لە بەغدا، ئێمە هیچ دەرماڵەیەکی پیشەییمان وەرنەدەگرت، بەڵام «نقابه المحاسبیین العراقیین» دەرماڵەیان هەبوو،چونکە «نقابه» بوون، سەرۆکی جەمعییەکە هەوڵێکی زۆری ئەدا بۆ ئەوەی ببێتە «نقابه الاقتصادیین» تاوەکو دەرماڵەی پیشەیی وەرگرن، جا لەبەر ئەوە مەبەستی ئێمە تەنها بۆ بەهێزکردنی ئەوە بوو، جا لێرەشدا لە کوردستان «نقابه المحامین» و «إتحاد الحقوقیین»یش هەیە، بێگومان «نقابه» کە بەهێزترە لە «إتحاد»ەکە، جا ئەمە لە هەموو عێراقدا وایە کەوا «نقابه» بەهێزترە لە «إتحاد» و دەرماڵەی خۆی هەیە، هەتاوەکو لە میسریش کاتێ ئەڵێن «نقابه المحامین» ئیزرابیان کردووە بەهێزترە لەوەی بڵێن «إتحاد الحقوقیین» ئیزرابیان کردووە، را رای ئێوەشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرماڵە لەسەر بنەمای «نقابە» نادرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای یاسا مامۆستایان موخەسەساتی میهەنیان هەبووە کە تەبعەن کەم بووە ئێستا زیاد بووە، هیچ پەیوەندییەکی بە سەندیکاوە نییە، ئەگەر ئەندامی سەندیکا بێت موخەسەسات وەردەگرێت، سەندیکای موحامین کەس موخەسەسات وەرناگرێت، سەندیکایە و هیچ موخەسەساتی نییە، چونکە بە یاسا بۆی فەرز نەکرایە، هەموو موخەسەساتێک بە یاسا دەدرێت، جا ئەگەر سەندیکا بێت یا (إتحاد) بێت، لەتوانادایە (إتحاد معلمین)بەهۆی یاساکەوە موخەسەساتی میهەنیان بدەیێ، ئەگەر نەیان دەیێ دەتوانی بە یاسا لێیان (حەزف)بکەی کە موخەسەسات نییە، لەبەر ئەوە ناو دەلیل نییە کە سەندیکا بێت موخەسەسات وەردەگرێت و ئەگەر سەندیکا نەبێت موخەسەسات وەرناگرێت، بۆ نمونە دەڵێن ئەگەر ئەندازیارێک لە سەندیکای ئەندازیاران نەبێت موخەسەساتی میهەنی مەدەنێ، مەبەستیان لەوەیە کە ئینتیما بکات بۆ ئەندامێتی، مانای ئەوە نییە بە سەندیکاکەی کە ئەندازیارەکەی ئیسپات

دەبێ، تەنیا بابەتەکە ئینتیما کردنە بۆ ئەوەی زیاد بێتن، بۆ ئەوەی بتوانن ئیجرائاتی دەرحەق بکەن، ئەگەر خوانەخواستە خوار رۆیشت، لەبەر ئەوەی یەکێتی مامۆستایان ناوێکی زۆر پیرۆزە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە وشەی (إقلیم) لابدرێت وەک بەڕێز د. ناصح فەرمووی ئتیفاقمان نەکردووە، لەوانەیە لەسەر ئێمە لاچووە کاتی ئیتیفاقەکە نەمان نوسیووە، وەکو خۆی بمێنێ و، ئەو ناوەی کە هاتووە (جمیع المعلمین والمدرسین) زۆر لە جێی خۆیەتی، چونکە دەڵێین (معید) موعید لە زانکۆ کاریان چیە؟ بۆیە ناوی موعیدە دەرس دەڵێتەوە جا ئەگەر کەم یان زۆر، یارمەتی مامۆستایەک دەدات یان یارمەتی پرۆفیسۆرێک دەدات، واتە دەرس دەڵێتەوە شتی بۆ ئامادە دەکات، لەبەر ئەوە پێویست نییە و زۆر بە رێکوپێکی هاتووە، کە بەڕێزتان هیچ لاریتان نەبێ بدرێتە دەنگدانەوە، برادەران رەئیەکی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بخوێنێتەوە بۆ ئەو هەڵەو چاکردنەوانەی کە بەڕێزتان ئیشارەتتان پێدا.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

١ـ الإقليم: إقليم كوردستان ـ العراق.

٢ـ الوزارة: وزارة التربية.

٣ـ الإتحاد: إتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.

٤ـ المجلس: المجلس التنفيذي لإتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.

٥ـ مكتب السكرتارية: مكتب سكرتارية إتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.

٦ـ الهيئة العامة: جميع أعضاء اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.

٧ـ المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدرسيين في الجامعات والمعاهد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوی یاسایەکە دەبێت بە(قانون إتحاد معلمي كوردستان العراق)، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ماددەکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، ماددەی یەکەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

التأسيس والأهداف

المادة الثانية:

يؤسس بموجب هذا القانون إتحاد بإسم اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق ويكون مقره الرئيس في العاصمة أربيل وله أن يفتح فروعاً في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەوە هەیە کە (له أن يفتح فروعاً)ببێتە (عليه أن يفتح فروعا)، چونکە ئەوە ئیجبارییە، بەڵام (له) ئیختیبیاریە، ئەگەر وا بکرێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی داراییٚ ئێوە هیچ تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە لەسەر(له و عليه).

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، (له) مەبەستی ئیختیاریە ئەگەر ڕەئی ئەوان وایە دەبێت (فرع)ەکە هەبێت، ئەگەر توانا

هەیە بڵێین (وله فروع في محافظات الاقلیم) بەبێ (أن یفتح) ئەو وشەیە لاببەین،(یؤسس بموجب هذا القانون اتحاد بأسم اتحاد معلمي کوردستان ـ العراق ویکون مقره الرئیس في العاصمة أربیل وله فروع في محافظات الإقلیم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرەئی من ئیلزام نابێت، لە شوێنێکدا کە ژمارەی یاسایی نەبێت، لەوانەیە زروفێکی وا بێت کە شەفەویەن بتوانێت. هەر وەختێک توانی بیکاتەوە ئەیکاتەوە، کاک د. ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئەم پرۆژەیەی کە هاتووە رەئی لیژنەی یاسایی و رەئی لیژنەی پەروەردەیە، جا ئەگەر کەم وکورتیەک لە وشەیەک هەبێت، ئێمە وەکو ئەشخاس دەتوانین رەئی خۆمان دەربڕین، چونکە ئەم پرۆژەیەدا هاوبەشە و، یەکەم جارە پرۆژەی وا دەکرێت، پرۆژەیەکی هاوبەشە بەناوی (لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە) پێکەوە رێکەوتین لەسەر ئەم پرۆژەیە، من پێم وایە ئەوەی لەم پرۆژەیەدا هاتووە زۆر بەتوانا ترە لەوەی کە(له ان یفتح) ئەگەر نیسابی یاسایی هەبوو حەتمەن(له أن یفتح) لێرە هیچ کەم وکورتیەکی تێدا نییە، وابزانم ئێمە وا رێکەوتین، یەعنی (علیه) ئەگەر نیساب نەبوو چۆن دەبێ بکرێتەوە(علیه)، ئەمەیان زۆر رێکوپێک ترە، داوای لێبوردن دەکەم ئێمە وەکو ئەشخاس تێبینیمان هەبێت زۆر ئاساییە، بەڵام وەکو لیژنەی پەروەردە، ئاسایی نییە، چونکە هەموومان رێکەوتین لەسەر ئەم پرۆژەیە، لەگەڵ رێزمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک جەوهەر شاواز، فەرموو.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە کە لە دوای (یفتح فروعاً في محافظات أو بعض الأقضیة)چونکە ئێستا لقی خانەقینمان هەیە، ئەگەر ئیزافە نەکرێت ناتوانین ئەم لقە بکەینەوە، چونکە خانەقینش عاییدی پارێزگای دیالەیە، من وا پێشنیار دەکەم لێرە ئەو عیبارەیە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید، فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە بۆ ئایندە دروست دەکرێن، یەعنی نەک بۆ شتێک حازر هەبێت، ئێمە ئەگەر یاسایەک

بۆ شتی حازر دروست بکەین، ئێمە یاسایەک بۆ ئاینده دروست دەکەین، راستە واقیعەکە ئەوەیە کە ئیتیحادەک پێشتر هەبوو، بەڵام بە گوێرەی ئەم یاسایە دەبێت شتێکی تازە دروست بکەین، لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی کە بچن مۆڵەت وەربگرن، کێ دەچیت مۆڵەت وەردەگریت؟ یان ئەو ئیتیحادەی پێشتر ئەوە هەر دەبێتە ئیتیحاد، دەبێت بە گوێرەی ئەو یاسایە کۆمەڵێک هەبن بچن مۆڵەت وەربگرن و، ئیتیحاد بە گوێرەی ئەم یاسایە دروست بکەن، هەروەها دەبێت یاسا بێتە جێبەجێ کردن نەک بێتە دروست کردن، جێبەجێکردنیش دەبێت سەقفەکی زەمەنی بۆ دابنێین کەوا کەی هەڵبژاردنەک دروست دەبێتن بەگوێرەی بەرژەوەند جا شەش مانگی تر یان ساڵێکی تر، تاکو ئەو یاسایەی بە دروستی پێدا بچیتن، ئینجا زەروریە ئەو فەقەرە زیاد بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە، مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رەئیەی کاک ئیبراهیم دانیم، چونکە مونەزەمە هەیە مەوجوودە، تەنیا یاسایەکە بۆ تەنزیمی ئیش وکاری تازە و کۆن لێک بکاتەوە یاخود زیاد کردنی فەقەراتی تێدا هەبێت، هیچ حەق نییە گۆرانکاری تێدا بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم هەیە لەسەر عیبارەی (له ان يفتح فروعاً في محافظات الإقليم)(له) بەمانای ئیختیار دێت، بەس ئەگەر سەیری ماددەی (١٤و١٥) بکەین، هەر لە یاسادا هاتووە (هيئة فروع و انشطة قضاء) یەعنی بە قانون ئیلزامییە (له فروع في محظات الإقليم والاقضية) شتێکی وا بێت بە رەئی من باشترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هاتبێت لە قانونەکە کە فەرعەکان لە مەرکەزی پارێزگاکان بێت، ئەو کاتە برادەران حەقیان هەبوو باسی قەزا و ناحیەکان بکەن، بەڵام دەڵێت (محافظات)حدود ئیداری شاملی نەواحی و قەزایەکانە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڵێین (الاقضية والنواحي) زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ئەگەر وەلامتان هەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا بەنیسبەتی فەرموودەی کاک ئیبراهیم سەعید، کە مونەزەمەی یەکێتی مامۆستایان موجازە رەسمیەن بەبێ قانونی جەمعیات ئێستا حالیەن ئیش دەکات، قانونەکە کە دەرچووە تەنیا مەسەلەی تەنزیمی قانونێکە بۆ دوارۆژ و ئیش و کارەکانی رێک بکات، لەبەر ئەوە پێویستیان بە ئیجازە وەرگرتن نییە ئیجازەیان هەیە، بەلام قانونەکە شێوەی ئنتیخابات و تەرتیباتی بۆ کردینە کەی ئینتیخابات دەکەن و؟ چۆن ئینتیخابات دەکەن؟ لەمەو دوا ئەو مونەزەمە موجازە بە پێی قانونەکە خۆی حازر دەکات، بەپێی تەمسیل بەپێی ئەو نیسبەتەی کە لە قانونەکەدا هاتووە، لەبەر ئەوە پێویستی بە ئیجازە نییە، خۆی موجازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە دووبارە ماددەی دووەم بخوێنەوە جارێکی تر.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

التأسيس والأهداف

المادة الثانية:

يؤسس بموجب هذا القانون إتحاد بأسم اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق ويكون مقره الرئيس في العاصمة أربيل وله أن يفتح فروعاً في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دوو پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە،زۆر سوپاس، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، یەک دەنگ پەسەندی ناکات، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

الإتحاد منظمة مهنية مستقلة تتمتع بالشخصية المعنوية وله حق تملك الأموال المنقولة وغير المنقولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی، هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە وەکو لیژنە هیچ تێبینیتان نییە، چونکە پرۆژەکە هی خۆتانە و، تەنیا بۆ وەڵامدانەوە و، هەروەها بەنیسبەت لیژنەی پەروەردەش، ئەمە کارەکەمان ئاسان دەکات، تەنیا بخوێنرێتەوە و ڕەئی ئەندامان وەربگیرێت، لەوانەیە لیژنەی دارایی تێبینی هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی ئێمە ماددە ڤی شکلی بێتە نڤیسین ( تتمتع النقابة بالشخصية المعنوية وله الاستقلال المالي والاداري) زۆر ریکو پیک ترە وەکو هاتووە(له حق تملك الاموال المنقولة والغير منقولة)، واتا (الاستقلال المالي والاداري)هەموو شت دەگریتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت عەرەبییەکەی مامۆستا مەلا طاهر بۆمان چاک بکاتن، تۆزێک ئیلتباسی تێدا هەیە.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الاتحاد منظمة مهنية مستقلة تتمتع بالشخصية المعنوية) ئەوە خەبەریەتی ، (له) بۆ ئیتیحادە نەک بۆ مونەزەمە، خۆی (له) وە نەک(لها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الاموال المنقولة والغير منقولة)، یان (المنقولة و غير المنقولة).

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(غير لا يتعرف ابدا)، واتە (غير) هیچ (ال)ی لەسەر نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز نەمرکەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الأتحاد منظمة مهنية مستقلة) وا بزانم لێرە شتێکی زیاد هاتووە، قانونی جەمعیات تەعریفی مونەزەمات و نیقابات و ئتیحادات و هەمووی کردووە، یەعنی میهەنیە موستقلە ئەو تەعامولەی لەگەڵ فەقەرەی دووەمی ماددەی یەکەم (الوزارة: وزارة التربية) سەر بەخۆ نەوعە تەعاروزەک هەیە، بەڵام بە شێوەی گشتی قانونی مونەزەمات تەعریفی هەموو مونەزەمات دەکات، نیقابەی مامۆستایان و ئەندازیاران و پزیشکان و هەمووی میهەنی و موستەقیلن، بەڵام ئیشارەتی کردووە کە لە زمنی قانونێکی گشتیدا هاتووە، یەعنی لێرە مونەزەمەی مستەقلە چاکی بکەن باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئامانجێ ئتیحادێ شتەکی تێدا نینە بۆ خزمەتا قیتاعێکی مەزنی کۆمەلەیێ، بەرڤەرێ ژ بەر هەندێ ژ بەر قانونەکا داهاتیە کو حەق تەمەلوکا (الأموال المنقولة وغير المنقولة) ببێتە نەسەکی قانونی من وەکو بۆ جهێ ئیجتیهادێ نەمێنێت ئان سوئالی من پێشنیار دەکەم (لتحقيق أهدافه او أغراضه المنصوص عليه في هذا القانون )بێتە زیاد کردن، دیمایکا وێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تێبینیەکەی بەڕێز نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران، نایەوێ چونکە لە قانونی جەمعیات هاتیە، ئێستا ئەوە قانونەکی تایبەتیە بەو قانونەی دروست دەکرێت، ئەوە دەبێتە قانونێکی تایبەتی ، لەو قانونە تایبەتیە دەبێت پێناسەی خۆی بۆ بێت، چونکە رادەوەستێ قانونی جەمعیات شەملی ئەوە ناکات، بە قانونی خۆی موعامەلەی لەگەڵ دەکرێت، ئەو قانونە کە دەرچوو بەو قانونە تەئسیس دەبێ و بەو قانونە ناوی لێ دەنرێت، لەبەر ئەوەی عیلاقەی بە قانونی جەمعیات نامێنێ.

بەنیسبەت ئەوەی کاک د.رزگار فەرمووی، پێویست ناکات چونکە ئەهدافی هەیە و حەقەکیشی هەیە، بەڵام ئەو حەقەی بۆ چیە؟ هەندێک ئەهداف لەسەر شانیتی ئەهدافەکان جێبەجێ دەکات،

ئینجا ئەگەر لێرە بگوترێت و نەگوترێت پێویست ناکات، وشەیەکی زیادە چونکە ئەهدافی هەیە ئەهدافەکان جێ بەجێ دەکات، ئەگەر ئەهدافەکەشی جێبەجێ نەکرد ئەوە شتەکی تەبیعیە مومکینە لە لایەکی تر محاسەبە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سێیەم تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

الإتحاد منظمة مهنية مستقلة تتمتع بالشخصية المعنوية وله حق تملك الأموال المنقولة و غير المنقولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی سێیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولاً: يعمل الاتحاد لتحقيق الاهداف التالية:

١ـ تجسيد النظام الفيدرالي لكوردستان ـ العراق.

٢ـ الدفاع عن الحريات الديمقراطية والسلم ومبادىء حقوق الإنسان.

٣ـ الإسهام في رفع المستوى التربوي والتعليمي والقدرات العلمية والثقافية والفكرية للمعلمين وإعدادهم بما يحقق الإيمان التام بالقضايا القومية والوطنية وأهداف الحركة التحررية الكوردية(كوردايتي).

٤ـ المساهمة في وضع ستراتيجية نظام التربية والتعليم لإعداد برامج ومناهج تتلائم مع الأهداف والطموحات المشروعة لشعب كوردستان ـ العراق.

٥ـ إحترام مهنة التعليم وصيانة قدسية المداراس والمعاهد والجامعات والدفاع عن حقوق معلمي كوردستان وتحقيق أهدافهم وطموحاتهم وضمان الحرية الكاملة لأداء مهامهم.

٦ـ رفع المستوى المعاشي للمعلمين وتقديم الخدمات الاجتماعية والصحية في المجالات التي تحقق الحياة الكريمة.

٧ـ الحفاظ على التراث القومي في كوردستان وتطوير الوضع الثقافي وأبراز دور المعلم في

البناء والتطوير الحضاري وتحويل المجتمع الكوردستاني الى مجتمع مدني.
٨ـ المساهمة في إلزامية التعليم وتعليم الكبار ومكافحة الأُمية في الأقليم.
٩ـ التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات و المنظمات والأتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم وخارجه.
١٠ـ تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية.
١١ـ إشراك معلمي كوردستان في الندوات والمؤتمرات التربوية والعلمية خارج الاقليم.
١٢ـ ضمان وحماية الحقوق التربوية والثقافية الخاصة بالمعلمين في الأقليم.
ثانياً:
١ـ للاتحاد تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية الخاصة بالمعلمين في الأقليم.
٢ـ للاتحاد حق الإشراف المباشر على الجمعيات والمؤسسات التي يقوم بتأسيسها وله أن ينتدب عضواً في المهنة الإدارية لهذه الجمعيات لتمثيله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جميل عبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لە فەقەرەی (٩) نۆدایە کە هاتیە(التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والأتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم و خارجه) ڤێرى (خارج الأقليم) گەلەک ختورەتی تێدا هەیە، یان وشەی (خارجه)بێتە حەزف کرن، چونکە بەرێ وی کە ژی گەلەک جەمعیات و نقاباتا تەلەب کرد ژی حەزف کری، یان ژی ئیزافە بێتە کرن (بعد اخذ الموافقة من الجهات الرسمية) بەشکلی موتلەقی بێنێتن، دێ (سوء الاستغلال) تا کرن، زەرەر ژیا تێدایە، ڕەئیش بۆ بەڕێزا جەنابێتەیە.
لە فەقەرەی (ثانياً:١ـ للاتحاد تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية الخاصة بالمعلمين في الأقليم)، هەر وەکی ڕاپۆرتێ خۆ دەمە نیشانە پێداین مە گوتین لێ ئیزافە بێتە کرن(بعد اخذ الموافقات الاصولية من الجهات المعنية ولها حق في الغائها في حالة الحاق الضرر بالاتحاد) چونکە ماددەی چوار ئەساسی ماددەکا دی بی مەشروعی کەڤندا، واتە دوو تێبینیمان هەی فەقەرەی (٩)(وخارجه)، و(ثانيا:١ـ بعد اخذ الموافقات الاصولية من الجهات المعنية) کە حەقی ئەوشی ژ هەبیتن (وله حق الغاء اي منها عندما يلحق الضرر بالاتحاد)، مەبەستی من زەرەری مادییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، ناوی ئەو بەڕێزانە

نوسراوە تکایە ئەوەی ناوی نەنوسراوە بادەستی بەرز کاتەوە،

١- بەڕێز د. رزگار.

٢- بەڕێز د. ناصح.

٣- بەڕێز إبراهیم سعید محمد.

٤- بەڕێز د. إدریس هادی صالح.

٥- بەڕێز حمید سلیم میران.

٦- بەڕێز سفر محمد حسین.

٧- بەڕێز د. لطیف محمود احمد برزنجی.

٨- بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا.

بەڕیز حاکم سەفەر، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان دوو تێبنی بچوکم هەیە، (اولا: ٥- أحترام مهنة التعلیم وصیانة قدسیة المدارس والمعاهد) وابزانم شوێنی (قدسیة) بکەینە (حرمة) باشترە و مولائیم ترە.

وتێبینی دووەم لە فەقەرەی (٧- الحفاظ علی التراث القومي)وشەی (الوطني) زیاد بکرێت باشترە چونکە لە پێشی هاتووە ( القومي والوطني) بی باشترە چونکە موتەکامیل دەبی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی (١١- إشراك معلمي کوردستان في الندوات والمؤتمرات التربویة والعلمیةخارج العراق)، شتێک بووە لە موئتەمەری(٣،٤،٥،٦) ئەوە لە شیعاری موئتەمەری ئێمەدا بووە، هەتا لە نیقابەی مەرکەزی ئەمەیان مەنع نەکردیە کە بڵێن عیلاقاتەکە دەبێ ببێ، تێبینی دووەم ئەوەیەکە لە فەقەرەی(٣- الاسهام في رفع المستوی التربوي)بەرەئی من با بکرێت بە (العمل علی رفع) نەک (الاسهام) چونکە (الاسهام) کەمەک موشارەکە کردنە، ئیش کردنی جیدی (العمل علی رفع المستوی) یەعنی ئیشەکەی (الاتحاد)بۆ ئەوەیە نەک موساهەمات، موساهمە یەعنی بەشێکە، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیەش وەکو ماددەکانی تر وەکو گوتم رەئی هەردوو لیژنەیە، بەڵام پێش ئەوەی رەئی لیژنەکان بێت،راستە لەسەر داوای (١٠) ئەندام بووە، بەڵام ئەو پرۆژەیە لەبەر ئەوەی زۆر گرنگ

بوو، پەیوەندی بە شەریحەیەکی یەکجار زۆر گرنگ هەیە لە کوردستانی عیراق،بۆیە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز بە پەسەندی زانی ئاراستەی حکومەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوە هەم وەزارەتی دارایی ڕەئی خۆی لەسەر داوە هەم وەزارەتی پەروەردە ڕەئی خۆی لەسەر ئەم پرۆژەیە داوە، ئینجا بەناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە جارێکی تر هاتۆتە لای ئێمە، ئێمەش دیسان وەکو هەردوو لیژنەکە موشارەکەمان کردووە، یەعنی ڕەئی ئەوانیشمان بە ئیعتیبار وەرگرتووە، ئەمە مانای ئەوە نییە نابێ موناقەشە بکرێت، بەڵام حەز دەکەم بزانم ئەمە گەلاڵەی ئارایەکی یەکجار زۆرە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من تێبینیەکم هەیە لەسەر فەقەرەی(١٠ـ تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية)، من لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەم نیقابەیە، ئەم نیقابەیە ئیعترافی بە ئێمە نەکردووە بە عەکسەوە مەوقفیشی زۆر سلبیە لە فیدراڵیەتەکەمان و لە ئیتیحادەکەمان، لەبەر ئەوە من وا تەسەوڕ ئەکەم ئەم فەقەرەیە دەبێ هەندێک بیگۆڕین(تمتين العلاقة مع معلمي جمهورية العراق) باشتر دەبێت بێ ئەوەی لەگەڵ نیقابەکە بێت، ئەم مەسەلەیە ئیشکالێکمان بۆ دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مەبەست لە نیقابە نییە کە ئێستا هەیە، مەبەست دوارۆژە، بەڵام لە قانون ناتوانی بڵێین ئەم نیقابەیە ئیعترافی پێ ناکرێت و ئەوە ئیعتیرافی پێ دەکرێت، بەڵام مەبەست ئەم نیقابەیە، ئەم نیقابەیە نییە ئەوەی تریانە، بەڕێز د.ئیدریس.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕەئی من فەقەرەی (١٠) هەر نەمێنێت باشترە، چونکە لە فەقەرەی(٩ـ التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات...) بەشێوەیەکی گشتی یەعنی فەقەرەی (١٠)شی شمول کردیە، واتە دووبارە بوویتەوە بەشێوەیەکی تایبەتی، فەقەرەکی زیادە پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لە بارەی فەقەرەی(٧و٨)، فەقەرەی(٧ـ الحفاظ على التراث القومي في كوردستان وتطوير الوضع الثقافي وإبراز دور المعلم في البناء والتطوير الحضاري وتحويل

المجتمع الكوردستاني الى مجتمع مدني)، بەرەئی من (تحويل المجتمع الكوردستاني الى مجتمع مدني) ئەوە ئیشی ئەوان نییە، لەوانەیە موساهەمەی تێدا بکەن، بەڵام ئیشی ئەوان نییە.

بەنیسبەت فەقەرەی(٨ ـ المساهمة في إلزامية تعليم الكبار ومكافحة الأمية في الاقليم)، ئەوە موساهەمەی تێدا دەکەن بەڵام ئەوەش ئیشی ئەوان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەر بۆرا مرۆڤایەتیە ئیسپاتی کردیە کە دیموکراتیەت شتێکی زۆر گرنگە و پێتڤیە بۆ مەسەلا ئیبداعێ زێدە کرنا بەرهەمێ و ئاوا کرنا عیلاقاتێ ئینسانێ ناڤ بەینا کۆمەلادا، ژ بەر هەندێ گرنگی پێدان بۆ دیموکراتیەتێ ناڤ ڤێ شەریحەتێ بەئیعتیبار مەزنترین شەریحە د کۆمەڵێ دا، ژ ناحیا ئەرکێ ئەرکەکی زێدە گرنگ و ئەساسە بۆ ئاوا کرنا کۆمەلێ، من پێشنیار دکەم ئەڤ فەقەرە بێتە ئیزافە کرن، هەر چەندە ئیشارەت دایە(العمل من اجل توسيع وتعميق العملية الديموقراطية في المجتمع الكوردستاني وممارستها بشكل فعال في المدرسة و داخل صفوف الاتحاد)، ئەڤە یەک، تێبینیەکی بچوکم هەیە لەسەر فەقەرە(٣ـ الايمان التام بالقضايا القوميه والوطنيه) ئەوە دی چونکە قەزایای قەومی و وەتەنی گەلەک مەزنە بەر فرە هو شاملی هەمی تشتەکی کرنا ئەڤە دوو، لە فەقەرەی(١٠ـ تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية) با بمینێت، چونکە مومکنە گۆرانکاری زۆر هەبیت، من پێشنیار دکەم وشەی(الجمهورية العراقية) با بمینێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز إبراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەهداف تەبعەن تشتەکی زۆر پیرۆزن، ستراتیژیەت و سیاسەتا وێ نیقابە دەرکەتن، فەرقا لەگەڵ ممارەسا ئیختیساسێت رۆژانە گەلەک فەرقا هەیە، تەبیعی هەتا فەقەرەی(١٢)، گەلەک دروستن ئەڤە ئەهدافن، بەڵام(ثانياً) ئەڤە ئەهداف نییە، ئەمە ممارەسەی ئیختیساساتە، یەعنی (١ـ للاتحاد تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية...، ٢ـ للاتحاد حق الاشـراف...) لە هەر چی نیقابەیەک تەماشا بکەین، ئەمە زمنی ممارەسەی ئیختیساسی مەجلیس دانراوە، مەجلیسی ئەو نیقابەیە، نە ئەهدافن ئەمانە، یەعنی ئەمە دەبێت لێرە لابرێت و بچێتە فەقەرەی مەجلیسی تەنفیزی، یەعنی ئەمە ئیختیساسی مەجلیسی تەنفیزیە، لە ئەهداف نامینێتن، فەقەرەی (١٠) ئەڤە دەبێت تەرکیزی لەسەر بکەین، مەوزوعی نیقابەی مامۆستایان،

به حەقیقەت تەعریفی نیقابات و ئتیحادات ئەوە دەکرێتن مونەزەمەکی میهەنی موستەقلە، هی عیراق ئەبەدەن موستەقل نییە، چونکە مونافەسەی تێدا نییە، کەی هاتوو قەوائیمێت مونافەسەی هاتە تەقدیم کرن، هەرچی نیقابات تەمسیلا هەمی مامۆستایانی عیراقێت دکاتن، ئەوسا ئێمە دەبێت تمتینی عیلاقات لەگەڵ بکەین، ئینجا باشتر وایە ئەم فەقەرەیە لابچیتن و هەر کاتەک نیقابەکی وا لە عیراق دروست بوو کە بگونجێتن لەگەڵ مونەزەمەکی میهەنی موستەقل، ئەوسا با ئێمە با تەعدیلەک بخەینە سەر ئەهداف و ئەو فەقەرەیە دروست بکەین، بەلام ئێستا من بە زەرورەتی دەزانم کەوا فەقەرەی(١٠) لابچیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. لەتیف فەرموو.

**بەڕێز د. لطیف محمود احمد برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بڕگە (٩) و (١٠) هەبوو، کاک د. ئیدریس و برادەران هەندێک باسیان کرد، بەڕاستی بڕگە دە ئیبرازی ئەو تەعاونەیە و تەرکیزێکی زیاترە لەسەر خاڵەکە بە رای من ئەو بڕگەیە لاببرێت، ئەو ئیشکالەش حەل دەکات کە کاک عەبدولخالق باسی کرد، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش پرسیارێکمان هەیە، پرسیارێک و پێشنیارێکمان هەیە:

١ ـ (تجسید) یەعنی چی؟ بۆ نموونە بڵێین ئامانجێکمان هەیە (تجسید)ی نیزامی فیدراڵی یەعنی چی؟ بۆ نموونە (الدعم والحمایە) ( دعم وترسیخ) قەبوڵە، بەس (تجسید)، کاک ئیبراهیم دەڵێ یەعنی ئەبعادی بۆ دادەنێین.

٢ ـ پەیوەندی بە یەکەم و دووەمەوە هەیە، ئیعتیراز لەسەر دووەم هەبوو، ئەمە پەیوەندی بە یەکەمەوە نیە، لە حەقیقەتدا دووەم وەسائیلی جێ بەجێ کردنی یەکەمە، دەتوانین ئەو رەبتە لێرەدا بکەین، دووەمیان شتێکە (لتحقیق اهداف الاتحاد) یەک و دوو ئەو:

ثانیاً: لتحقیق اهداف الاتحاد:

١ ـ تأسیس الجمعیات.

٢ ـ حق الاشراف المباشر علی الجمعیات .

ئەو رەبتەی دەبێت، ئەگینا ئەو رەبتە خۆی عەمەلیەن ئەوانە وەسائیلن، یەعنی ئەوەشی تیا نەبێت هەر عەینی شتە، جا تکایە وەڵامەکانتان، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مامۆستا مەلا هادی فەرمووی لەبارەی بڕگە دوو (الاسهام) کەمە، چونکە ئیبتیدائەن

دەڵێ (يعمل الاتحاد) مانای ئەوەیە عەمەلە، دووەمیش (الاسهام في رفع المستوى التربوي) یەعنی مانای ئەوە نییە کەمە، هەوڵ دەدات لەگەڵی ئەویشی تێدایە لەناو مەوزوعەکەی مانای ئەوەیە بۆ دەورێکی کەمە (الاسهام) دەور نیە، (العمل) مانای ئەوەیە لەو لاو لەو لا داوا بکات، مانای ئەوەیە خۆی لە ناو مەوزوعەکەیە(یساهم فی)، بەڵام عەمەل لەوانەیە هەوڵ دەدات لەو لاو لەو لا، بەڵام (یساهم) خۆی دەچێتە ناو مەوزوعەکەی و هەوڵیش دەدات، لەبەر ئەوەی (الاسهام) زۆر بەهێزە لەو حاڵەتەی لە سەرەتاوەش وتراوە(**يعمل الاتحاد لتحقيق الاهداف**)، بەنیسبەت برادەران زۆریان باسی برگەی دەیان کرد( مع الجمهورية العراقية) بەڕێزتان وەڵامتان دانەوە، بەس بۆ مەوزوعەکە بەو تەنگیە وەربگرین (نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية)نەقابەی ئەو حوکمەتەی نیە، هی مامۆستایانی عێراقە بۆ ئێمە ئیبرازی ئەو دەورە نەکەین کە ئێمە وەک مامۆستایانی کوردستان حەزمان لێیە پەیوەندیمان لەگەڵ مامۆستایانی عێراق هەبێت، ئێستا ناوی جمهوری عێراقە پێمان خۆش بێت یان ناخۆش بێت، ئەوجا لە دوا رۆژ ناوی چی لێ دێت وەختەکی ترە، ئەمە با مامۆستایان وا تێبگەن ئێمە خۆمان بە مەعزەل نینە، ئەمەش لەگەڵ مامۆستایانی عێراق هاوسۆزی ئەوانین، ئەگەر غەمەکیان هەبێت غەمیان دەخۆین و ئاگاداریانین و با یەکتر بناسین، بە رای من ئەوە چ موشکیلە ناگۆڕی بۆ یەکسەر ئیستیفزاز دەبین کە باسی جمهوری عێراق دێت، ئێمە پەیوەندیمان بە عێراق نیە، پەیوەندیمان بەو خەڵکەیە کە لەوێیە، یەعنی پەیوەندیمان باش دەبێت لەگەڵ ئەو مامۆستایانە، ئیتر ئەو خراپە، چاکە کەیفی خۆیەتی، بەس با مامۆستایان هەست بکەن کە ئێمە ئەوانمان وەکو مامۆستایان لە بیر نەکردووە.

بەنیسبەت زۆربەی برادەران، وەکو کاک د. رزگار فەرمووی مەوزوعی دیموکراتیەت ئیبراز بکرێت، دیموکراتیەت باسی تێدایە (دفاع عن الحريات الديمقراطية والسلم ومبادىء حقوق الانسان)، موجتمەع مەدەنی کاک حەمید فەرمووی ئەوە ئیشی وان نیە، راستە ئیشەکە ئەرکی ئەوان نیە، بەس ئەوانیش بەشێکن لەوەی، ئەگەر هەوڵ بدەن دانیشتوانەکەی بگۆڕن و روو لە مەدەنیەت بکەن و شتی وا هەرچەند زۆربەمان ئێستا کە گوێمان هەتا لە وەسائیلی ئیعلامیش دەبێت زۆر جار مەسەلەی مەدەنیەکت بە زۆر نەوعی عەنتیکە تەفسیر دەکەین، دانیشتوانی مەدەنی هەندێک گرانە، دانیشتوانی مەدەنی مانای ئەوەیە حکومەت لەناو مەوزوعەکەی بچێتە دەرێ، هەموو شتێک ببێتە ئەهالی و بەشەر بەحەقیقەت موساهەمەیە، هەوڵ دانە با هەوڵ دەین هەموو لایەکمان ئەو موجتەمەعەی بگۆڕین بە موجتەمەعی مەدەنی رزگارمان بێت لەو وەزعەی کە هەیە، خراپ نیە کە دنیا هەمووی داوای دەکات موجتمەع مەدەنی بێت، ئەگەر سەقافەتی هەبوو مەجتەمەعی مەدەنیبیە، هەر ئەوانە بوو مەوزوعی جەنابت وەڵامت داوە بەنیسبەت کاک ئیبراهیم سەعید برگەی دوو، بۆیە داخیلی ئەهداف نەکرا بە شتێکی موستەقیل هاتۆتە خوارێ بۆ بەندەک لە ماددەک، مانای ئەوەیە بەشێک لەو ئەرکانەی ئیمکان نییە لەو رێگایە، ئەوەی بەڕێز کاک جەمیل

فەرمووی کەوا (للاتحاد تأسيس الجمعيات والنوادي) ئەگەر ئیجازە وەربگری هیچ ئیتیحادێک و هیچ جەمعیەیەک دروست نابێت، ئەگەر ئیجازە وەرنەگری و، هیچ کەسێک حەقی نیە نادی بکاتەوە کە دەڵێ یەعنی حەقی هەیە بکاتەوە، ئەو حەقە بەچی دەکات بە قانون داوا دەکات لە وەزارەتی ناوخۆ دەڵێ نادی دەکەمەوە و، هەر نادیەکیش و هەر جەمعیەتێکیش لە ئەهدافی تەئسیسی خۆی دەربچێ یاخود لە داب و نەریتی قانونەکە دەربچێ موحاسەبە دەکرێ و دادەخرێت، لەبەر ئەوەی پێویست نیە بڵێین حەقی هەیە دابخرێت، بۆ حەقی هەیە وەزارەتی ناوخۆ هەر جەمعیەک دابخات ئەگەر لە ئەهدافی خۆی دەرچوو یان خوانەکا ئیسائە بوو بۆ موجتەمەعەکەی ئێمە، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات بە گۆڕانی ماددەکە، چونکە بەڕێکوپێکی هاتووە، ئەو وشەیەش بەڕێزتان راتان وا بوو ئێمەش لەگەڵ رای ئێوەینە با بیێتە (ترسيخ النظام الفيدرالي لكوردستان العراق) لە باتی (تجسيد)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز شێخ عەفان، بە سیفەتی سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانە، ئایا ئەو خاڵە لا بچێت ( تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية) هیچ تەئسیرێکی هەیە؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئسیری نیبە، بەس وابزانم لە مسوەدەکە تۆزێ بە کەموکوڕی هاتووە، بۆیە دەستی دەدەینێ (بما يخدم مصالح المعلمين) ئەگەر ئەوەی تیا بێت زەرەری چیە و هیچ زەرەری نیە ( ) ئەوە نەهاتووە نازانم، نەخێر ئیعتیرازمان نیبە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەسەور دەکەم ئێوە ئەگەر ئیعتیرازتان نەبێ لابردنی باشتر بێت، مومکینە لابردنی باشتر بێت، ئیعتیرازتان نەبێ ئێوە وەکو یەکێتی مامۆستایان، چونکە تەئویل دەکرێت راستە ئێمە دەزانین چیە مەوزوع، بەس خەڵکی تر لەوانەیە بە نەوعێکی تر لێکی بدەنەوە، یان بە نەوعێکی تر باسی بکەن، ئەگەر خۆتان ئیعتیرازتان نەبێ، ئێمە مانعمان نیە، لەو ئیشکالەش رزگارمان دەبێت، لە دوا رۆژدا دەتوانن پەیوەندی باش بکەن، یان (تمتين العلاقة مع معلمين العراق) ئەویش دەبێت، بیریشی لێ بکەنەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت گوتت ئەگەر لابردرێت ماددەی پێشوو دەیگرێتەوە (التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والاتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم وخارجه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس من تەسەور دەکەم شتێک هەبێت کە پەیوەندی لەگەڵیدا هەبێت وەکو عێراق (تمتين العلاقة) کاک عەبدولخالق پێشنیارێکی باشی کرد، (تمتين العلاقة مع معلمي العراق) بۆ نموونە، شتێکی وای تیا هەبێت، یەعنی چەند خسوسیەتێکی هەیە بەنیسبەت ئێمەوە مامۆستایانی عێراقیش بەم شێوە هەم شتێکی وای تێدا هەبێت، فەرموو کاک حمە عەلی.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین عێراقەکە داخیل بکەین (التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والاتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم والعراق وخارجه) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر هەر خۆی باشترە کە ئەویش (تمتين العلاقة مع معلمي العراق) یان (مع المعلمين في بقية انحاء العراق) بۆ ئەوەی ڕەبت بێت لەگەڵ عینوانی یەکەم، ئەوجا تکایە ئەو تێبینیانەی ڕەچاوتان کردووە، ئەو گۆڕانکاریانەی خستوومانەتە سەری، جارێکی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولا: يعمل الاتحاد لتحقيق الاهداف التالية:

١ ـ ترسيخ النظام الفيدرالي لكوردستان العراق.

٢ ـ الدفاع عن الحريات الديمقراطية والسلم ومباديء حقوق الانسان.

٣ ـ الاسهام في رفع المستوى التربوي والتعليمي والقدرات العلمية والثقافية والفكرية للمعلمين وإعدادهم بما يحقق الإيمان التام بالقضايا القومية والوطنية وأهداف الحركة التحررية الكوردية (كوردايتي).

٤ ـ المساهمة في وضع ستراتيجية نظام التربية والتعليم في الاقليم لإعداد برامج ومناهج تتلائم مع الأهداف والطموحات المشروعة لشعب كوردستان العراق.

٥ ـ إحترام مهنة التعليم وصيانة قدسية المدارس والمعاهد والجامعات والدفاع عن حقوق معلمي كوردستان وتحقيق أهدافهم وطموحاتهم وضمان الحرية الكاملة لأداء مهامهم.

٦ ـ رفع المستوى المعاشي للمعلمين وتقديم الخدمات الاجتماعية والصحية في المجالات التي

تحقق الحياة الكريمة.
٧ ـ الحفاظ على التراث القومي في كوردستان وتطوير الوضع الثقافي وإبراز دور المعلم في البناء والتطوير الحضاري وتحويل المجتمع الكوردستاني الى مجتمع مدني.
٨ ـ المساهمة في إلزامية التعليم وتعليم الكبار ومكافحة الأمية في الأقليم.
٩ ـ التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والأتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم وخارجه.
١٠ ـ تمتين العلاقة مع المعلمين في بقية انحاء العراق.
١١ـ إشراك معلمي كوردستان في الندوات والمؤتمرات التربوية والعلمية خارج الاقليم.
١٢ـ ضمان وحماية الحقوق التربوية والثقافية للقوميات المتآخية في الاقليم.
ثانيا :لتحقيق اهدافه للاتحاد :
١ ـ تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية الخاصة بالمعلمين في الاقليم.
٢ ـ حق الاشراف المباشر على الجمعيات والمؤسسات التي يقوم بتأسيسها وله أن ينتدب عضوا في الهيئة الإدارية لهذه الجمعيات لتمثيله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوارەم پەسند دەکەن بەم شێوەیەی خوێندرایەوە دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی چوارەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا.
لێرەدا کۆتایی دێنین بە دانیشتنەکەمان، دانیشتنی داهاتوومان ڕۆژی یەک شەممە دەبێت کاتژمێر (١٠)ی بەیانی، سوپاس.

| | |
|---|---|
| **فرست أحمد عبدالله** | **د.ڕۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٢/٤/١٤

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٢/٤/١٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە حەوت)ی خولی یەكەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە حەوت)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٢/٤/١٤ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی مامۆستایانی هەرێمی كوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی یەكەمی ساڵی (١١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی مامۆستایانی هەرێمی كوردستانی عێراق، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەكەم كە لە دانیشتنی پێشودا لەسەر مەنەسەكە ئامادە بوون بفەرموون بێنە سەر مەنەسەكە. پێش ئەوەی دەست بەكار بین ئەنجامی هەڵبژاردنی لیژنەكانمان بەدەست گەیشتووە بەڵام هێ پێنج لیژنەی ئیمزاكانیان تەواو نەبوو بۆیە ناردمانەوە كەوا ئیمزای لەسەر بكەن، جا تكام لە لیژنەی كاروباری پەروەردە و خوێندنی باڵا، كاروباری تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی، لیژنەی پەیوەندی و كاروباری ڕۆشنبیری، هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان، ئەم پێنج لیژنەیە ئیمزاكانیان تەواو نەبووە، لیژنەی هەڵبژاردن بەڵكو ئەمڕۆ تەواوی بكەن بۆمان بنێرن، لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی ڕۆژی چوار شەممە وابزانم گەیشتینە ماددەی پێنج تكایە فەرموون ماددەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

العضوية

المادة الخامسة:

يعتبر أعضاءاً في الاتحاد:

أـ جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في المعاهد والجامعات في الاقليم.

ب ـ المعلمين من شهداء الحركة التحررية الكوردستانية أعضاء فخريين.

ج ـ معلمي ثورة أيلول التحررية أعضاء فخريين.

د ـ المتقاعدون من أعضاء الأتحاد ولمدة سنة واحدة إعتباراً من تاريخ إحالتهم على التقاعد وإنفكاكهم من الوظيفة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە هەر وەکو پێشو جەنابتان فەرمووتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردەش تێبینی نییە، دەمێنێتەوە دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاپۆرتی ئێمە ئەوەمان داوا کردووە (وجميع المعلمين والمدرسين في سلك التعليم والتدريس المعينين رسمياً في الإقليم أعضاء في الاتحاد) ئەوە شاملترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە. ئەو ناوانەی نوسراون ئەم بەڕێزانەن (د.رزگار، کاک ئیبراهیم سەعید، شێخ یەحیا، مەلا محمود دێرشەوی، مەلا محمد طاهر) ناوی هەمووان نوسراوە کەواتە، بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیم لەسەر برگە (جـ ـ معلمي ثورة أيلول التحررية أعضاء فخريين.) بۆچی ئەم مامۆستایانە کە روبەروی تۆپ و تەیارە بوونە ئەوان معلمی فعلی بون و بۆچی ئەندامێکی فعلی

نەبن بۆچی ئەندامێکی فخری بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا محمد مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی کەلیمەی (العضوية) لێرە بەزیاد دەزانم چونکە لە پێشان لە فەسڵەکە لە ئەوەلەوە، تەبعەن ئەم فەسڵە چوار ماددەیە (تأسيس، أهداف، عضوية)یە، عضویە حەقی وای هەیە ببردرێت بۆ لای فەسڵەکە ئەگەر واشبێ دابەشی بکەن دەبێ (تأسيس) لەسەر ماددەی خۆی دابنێن (أهداف) لەسەر ماددەی خۆی دابنێن ئینجا (العضوية) لەسەر ماددەی خۆی دابنێن، ئەوە یەک دووەم دەربارەی خالی ئەلف (أ- جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في المعاهد) (والتدريسيين في المعاهد) لێرە کاتی خۆی گوتمان مامۆستایانی ئەوەی سەر بە وەزارەتی ئەوقافە بەرناکەوێ بەلام کە گوتت (والتدريسيين في المعاهد) پەیمانگا بە گشتی گوتراوە ئەویش تەبعەن بەردەکەوێ، دووەم دەربارەی خالی «بێ» (المعلمون من شهداء الحركة التحرية) نەک (المعلمين) خالی جیمیش (معلمو ثوره أيلول التحرريه) نەک (معلمي) دەربارەی خالی دالیش (د ـ المتقاعدون من أعضاء الأتحاد ولمدة سنة واحدة بعد إحالتهم على التقاعد إعتباراً من تأريخ إنفكاكهم من الوظيفة.) چونکە عادەتەن مێژووی ئیحالەو مێژووی ئینفیکاک دوو شتی جیاوازن لە یەکتری، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم تێبینیانەتان نوسی وانییە؟ بەڕێز کاک ئەنور شوکر فەرموو.

**بەڕێز انور شوکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەم بەسەر کردنەوەیە ڕێزلێنانە لە ڕۆڵی خەباتی ئەو مامۆستایانەی کە بەشدارییان لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن کردووە و وەک لە بڕگەی جیم لەماددەی پێنجەم هاتووە (جـ ـ معلمي ثورة أيلول التحررية أعضاء فخريين.) مایەی شانازیە، بەرای من ئەم ڕێزلێنانە مامۆستایانی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتن خوازیش بگرێتەوە کە شۆڕشی گوڵان نا ئومێدی لە دڵی میللەتی کورد نەهێڵاو ئومێد و هیوا بەخش بوو هەروەها ناسنامەی میللەتی کوردی پاراست و هەوڵ وپیلانی دوژمنانی لە گۆڕ نا، کەواتە بڕگەی جیم لە ماددەی پێنجەم بکرێتە (معلمي ثورتي أيلول وگولان التحررية أعضاء فخريين) ،هەروەها ئەگەر بڕگەیەکی تریش زیاد بکرێت ڕێز لە هەڵوێستی ئەو مامۆستایانەش بگیرێت کە لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی و پارتایەتی تەمەنێکیان لە زیندانەکانی ڕژێم بەسەر برد ئەوانیش بکرێنە ئەندامی فخری، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤە ئینتمایە لێرە ئەگەر بخوێنن هەمووی بەرەو خوێندنی تەبیعی ئینتماء وەکو نەوعەکی ئیختیاریە زیاتر بەڵام ئەوە لێرە نەوعەکی ئیجبارییە، لەبەر هەندێ هەر ئینتمایەک ئەبێ بە تەڵەبێکی تەحریری تەقدیم بکەی، تەقدیمی تەڵەبێکی تەحریری هەر کەسێ بۆ سکرتاریەت یان بۆ مەجلسی تەنفیزی کو نەقیب یان مەجلسی تەنفیزی موافەقەی لەسەر بکات، لێرە ئەم شەرتە نینە وەکو شەرتێک دەبێ ئینسان داڤخازی بکات ماموستا داڤخاز بکات ئینتمائی بکات، ئەڤە یەک هـی دووێ: (معلمين من شهداء الحركة التحررية الكوردستانية) دەزگایەکی تایبەتی هەیە سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی ئێمە موئەسەسەیەکی هەیە ئیهتمام بەم مەسەلەیە دەدات، ئەڤە عیلاقەی بەوە هەیە شەهید بی دەچێتە رەحمەتی خواو دەزگایەک هەیە ئیهتیمامی پێ بدەن و سجلی بۆ بکرێتەوە ئەوە پەیوەندی بە دەزگای شەهیدەوە هەیە، یا جیم(جـ ـ معلمي ثورة أيلول التحررية المتقاعدين أعضاء فخريين.) تەبعەن لێرە موتەقاعدین زیاد دەکەن چونکە هەر موتەقاعیدەکان ماون، نەماون خزمەتی بکەن تەبعەن سی چل ساڵ بە تەئکید نەماینە با کەلیمەی موتەقاعدین زیاد بکرێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کاک دکتۆر قسەکەی منی کرد، ئەویش مەوزوعی ئینتماء بوو، ئەم عضویەتە بەراستی بەس بۆ ئەمەنیە کە ئۆرێدی تێدانە ئەدی ئەگەر کەسێکی تر تازە بیەوێت ئینتماء بکەتن چ ڕێگایەک هەیە بچێتن، ئەویش دائیمەن لە قەوانینی پێشتر سێ ڕێگامان داناوە (يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى نقيب أو رئيس الفرع في المحافظة) دووەم (يعرض طلب الانتماء على المجلس) لێرە مەکتەب سیاسی بێت یان مجلس تەنفیزی بێت یان مەکتەبی سکرتاریەت یان مەجلسی تەنفیزی (خلال ثلاثين يوماً) ئەگەر نەبوو حەقی پێشنیاری هەیە، ئەوەی دەبێ تێدابێت عضویەت و ئینتماء بێتن نەک تەنها عضویە بێت، چونکە لە هیچ شوێنی تر نەهاتووە جگە لەوەش شروتی تر هەنە لە عضویەت لە نەقاباتی پێشتر هەر دیسان لێرە باس نەکراوە وەکو هاوڵاتی خەڵکی کوردستان بێتن و موقیم بێت تیای، ئەوی تریان (غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف) نازانم ئینجا ئەوان مەبەستیان لێرە کە تەعین

بووینە لەبەر ئەوە ئەو دوو شروتانە لە ئەسنای تەقدیمی وەزیفە ئەو شروتانە بەسەریان دانراوە یان یاخود ئەگەر نا دەبێ ئەوەش ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمەڵێک مامۆستا هەن لە کۆمەڵەی نابینایان یان کەڕولاڵەکان ئەمانە بەشێکیان سەر بە وەزارەتی پەروەردەن هەندێکیشیان سەر بە وەزارەتی تەندروستین، تیایان هەیە سیفەتی مامۆستایەتی هەیەو ئەندامە و تیاشیاندا هەیە سیفەتی مامۆستایان پێ نەبەخشراوە لە وەزارەتی پەروەردە چونکە سەر بە وەزارەتی تەندروستین و ئەندامیش نین، بۆیە تکا ئەکەم ئەمانە بەش خوراون گەلێ جاریش داوایان پێشکەش کردووە بۆ یەکێتی مامۆستایان و هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی وەکو مامۆستا ئیعتباریان بۆ بکرێت، هەمان شەهادەیان هەیە شهادەی زانستی کۆمەلایەتی هەیە، هەیە شهادەی زانستی دەروونناسی هەیە، وئەرکەکانیان قورس ترو گرانترە ئەزانم بۆیە بوون بە مامۆستایەکی ئیعتیادی، بۆیە تکام وایە لێرە شروتی عضویەتی پێ بدرێ بەڵکو ئەگەر بکرێت لە فورسەتێکا چاوێ بەم وەزعە بخشێندرێتەوە لە ماددەی یەکەما قبوڵ نەکرا بۆ ئەم یەکێتی یە، بەڵکو پەنا بەخوا بتوانن ئەوانیش ڕێزی مامۆستایان لێ بگیرێت و پێشنیاریش ئەکەم کە ئەم پێشنیارە بخرێتە تەسویتەوە بۆ ئەوەی کە شەرەفی عضویەتیان پێ ببەخشرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەلامی لێژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دوو سێ برادەر تەئکیدیان لەسەر کرد جەنابی مامۆستا مەلا مەحمود و کاک ئەنوەر، مەوزوعی شۆڕشی حەرەکەی تەحەروری بۆ ئەعزای فەخرییە هی شۆڕشی ئەیلول، بەراستی ئەندامی فەخرین لەسەر ئەو ئەساسەی زۆربەیان لەوانەی هەڵگری شەهادات نەبووینە لەوانەیە خەریجی ئیبتدائی و شتی وابووینە بە دەورات لەبەر پێویستی و لەبەر ئەرکی شۆڕش و ئەوانە کراون بە مامۆستا بۆ ئەوەی خەڵک سودیان لێوەر بگرێت، تەبعەن ئەم شەهاداتانە سەبەبی تەئهیلە بۆ مامۆستایەتی کە ئێستا پێیان دەڵێن ئەندامی فەخری مایەی ڕێزلێنانن دەنا ئەوانە ئەساسەن لە ڕیزی مامۆستایان نینە، ئێستا لەوانەیە بەشێکیان لەکار نەبێت لە ئیش نەبێت بەلام مادام ئیسپات بکات مامۆستای شۆڕشی ئەیلولە لەوانەیە ئەندامێکی بەڕێزی یەکێتی مامۆستایان بێت، ئەوەش تەبعەن ڕێز لێنانەکە بە تەئکید کە لێرە ئەوە هاتووە. دوایی ئەوەی

کاک ئەنوەر فەرمووی بابەتی ئەوانەی گیراوەکان، گیراوەکان دوو ئیحتمال هەیە ئەوانە بەربوونە یان خوایان لیّ خۆش بووەو کوژراون، ئەگەر کوژراون شەهیدی (حرکة التحررية الكوردية)ن ئەندامن لە یەکێتی ئەعضای فەخریین ئیعتیادییە ئەگەر ماشبن چ لەسلکی تەعلیم بن ئەوانە بن گەڕابنەوە بە تەئکید ئەوانە دوو بارە دەتوانن پەیوەندی بکەنەوە بە یەکێتیەکەو ئەندامیشن بەتەئکید شمولیان دەکات، بەنیسبەت ئەوەی برادەران فەرمویان بۆ داواکردنی پەیوەندی کردن نییە تەبعەن موعەلمین و مودەرسین بە حوکمی قانون ئەندامن، بەحوکمی ئەم قانونە ئەندامن ئەوان لە یەکێتی، مانای ئەوەی موعەلیمە لە وەزارەتی پەروەردە ئەوەی تەدریسیە لە زانکۆ و پەیمانگاکان ئەندامن ئەوە کارە تەبیعیەکەیە، دەمینێتەوە ئەوەی کاک ئیبراهیم فەرمووی بۆنمونە: یەکێکی تازە موراجەعەتی نەقابەی بکات تەنها ئەمری دامەزراندنی ببات کە تەعین کراوە ئەوە لە باتی هەموو تەڵەبی ئینتمایەو لەباتی هەموو شتە ئەو ئەمرە ئیسپاتی ئەوە دەکات کە بووەتە فەرمانبەری ئەو دوو سێ جێگایەی کە لە قانونەکە هاتووە بەتەئکید ئەو کاتە دەبینە ئەندام، ئەوەی کە کاک شێخ یەحیا فەرمووی بابەتی ئەو مامۆستایانەی کە لە قوتابخانەی نابینایانن تەبیعی ئەوانە دوو جۆرن، جۆرێکیان هەیە لەسەر وەزارەتی پەروەردەن مونەسەبن لەوێ ئیش دەکەن ئەوانەی مونەسەبن هیچ ئیشکالیان نییە، چونکە لە ئەساسەوە فەرمانبەرن، لە لایەکی تر سیفەتێکی رەسمیان هەیە و تەنسیب کراون، ئەوانی تر کە ئێستا لەسەر میلاکی وەزارەتی تەندروستین و لەو موئەسەساتانە دەرس دەڵێنەوە ئەوانە ئێستا لە یەکێتی مامۆستایان ئەندام نین بەراستی یاساکەش بەم شکلە دارێژراوە شمولی ئەو کەسانە دەکات کە لە یەکێتی مامۆستایان ئەندامن و قبوڵ کراون مانای خەڵکێکی تر زیاد نەکراوە بیخەینە ناوێ وئەو مەترسیەش هەیە لەوانەیە مەرجی تەدریسی تێدا نەبێت ئێمە بڵێین ئەو کەسانەی لەوێ دەرس دەڵێنەوە ئەندام بن، لەوانەیە بینە ئەندامی یەکێتی مامۆستایان لەوانەیە هیچ مەرجی تەدریس و تەعلیم و ئەوانەی تێدا نەبێت و هەشە وەکو فەرموتان ئیحتمال هەیە بەکالیۆریۆسی هەیە لە دەرون ناسی وئەوانە ئەو نەوعەشی تێدایە، لەبەر ئەوە ئەوە مەتروکە بۆ یەکێتی مامۆستایان بە ئیعتبار ئەوانە لە سەرەتا ئەندام نەبوونە لەسەر ئەو ئەساسە تەتەروق نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزو تەقدیر بۆ بۆچونی کاکەرەش کە تەعبیری لەڕای هەردوو لێژنە کرد ئیهتمام بۆ هەندێ هاتێ، بەلام بەڕای من وەکو نەوعە ئیجباریەک ئەڤ ئیجباریانەش ئیحتماله گەلێک مەرغوب نەبن مانای چ گرفت هەیە ئەگەر ئیلتزام بکەن تەقدیمێکا تەڵەبێکی تەحریری بۆ ئینتماء بکەن، یا دوو

من گوتم کلیمەی موتەقاعد زیاد بکرێت چونکە هەر چەندە مەفهومی وی لەسەر موتەقاعیدانە، بەڵام کلیمەی موتەقاعد لێرە نەیەتە زیاد کردن لەوانەیە تەئویلەک یان تەفسیرەکی هەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شێخ عفان فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رایەی کە برایانی لیژنەی یاسایی دایان تەبعەن رەئیەکی زۆر رێک و پێک بوو بەنیسبەت ئەوە هەر مامۆستایە تەڵەبێک تەقدیم کا ئەوە مومکین نابێت چونکە ئی وا هەیە ئێستا بە سەدان مامۆستا چوار سەد پێنج سەد مامۆستا کە تەعین نەبووە خەریجی (دار المعلمین)ە و خەریجی کولیاتە، ئەو کەسە دەبێت بە ئەندامی یەکێتی مامۆستایان کە مومارەسەی عەمەلی ئیش و کارەکە بکات کە مومارەسەی کرد ئۆتۆماکییەن بە ئەمرە ئیداریەکە ئیعتبار دەکرێت بە ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و لە هەموو عێراقیش هەر وایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەعقیب لەسەر ئەم بابەتەیە؟ تەعقیبمان ناوێت، یەک تەعقیب و تەواو لەسەر ئەم بابەتە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وانیە ئەمە تەعقید بێت بە پێچەوانەوە ئەمە ئاسانکاریە بۆ مامۆستا ئەمە لە قازانجی مامۆستایە بەتایبەتی کە دامەزرا ئۆتۆماتیکیەن دەبێت بە ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، بە پێچەوانەوە ئەمە ئاسانکاریە نەک تەعقید لەبەر ئەوە من پێم وایە شتێکی زۆر باش و پیرۆزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیتان هەیە؟ تەعقیب لەسەر ئەم بابەتەیە یان تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ رایەکانی لیژنەی یاسا دروستە، بەڵام تکا ئەکەم ئەوانە بەش خوراون چەند ساڵە لەم شوێنانە هیلاک دەبن مانای ئەگەر ئیعتبار بکرێت شەرەفی ئەندامیان پێ ببەخشرێ تازە ئایا ئەوە هیچ خەلەلێک دەگەیەنێت؟، ئەوە لەلایەنێک، لایەنێکی تر حەزم کرد بەڕێز نوێنەری یەکێتی

مامۆستایان بەراستی تێبینی بکردبا لەسەر ئەم بابەتە بەڵام بەداخەوە ئەو ئیشارەتی نەکرد، لایەنێکی تر دەرچوانی با بڵێین دار موعەلمین ئێستا رەئی فەرموو کە ئەوانە نابنە ئەندام هەتا دانەمەزرێن ئایە مامۆستایان یان دەرچوانی دار موعەلمین لە شوێنێک کە تەعین دەبن؟ هەر دەبن بە مامۆستا ئێ باشە لەم رۆژەوەی کە دەردەچن و شەهادەکەی وەردەگرن جا کەی تەعین بوو قەیناکا باشە بۆچی سیفەتی مامۆستایەتیان پێ نەبەخشرێ چونکە ئەمان ئەمساڵ تەعین بن یان ساڵێکی تر تەعین بن هەر مامۆستان، پێویستە یەکێتی مامۆستایانیش هەوڵ بدات بۆ دامەزراندنیان و تەعینیان لەبەر ئەوە حەقی وایە ئەوان هەر لەم رۆژەوە دەرچوون و شەهادەکەیان وەرگرت ئیعتبار بکرێن بە مامۆستا ئینجا کەی تەعین دەبن یەکێتی مامۆستایان هەوڵیان بۆ بدات ئەوە شتێکی ترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەبەستی ئەوە نەبوو، مەبەستی ئەوەیە زۆر مامۆستا هەیە تەخەروج دەکات و مامۆستایەتی ناکات دەچێ ئیشێکی تر دەکات ئەوە حەقی نییە ببێت بە ئەندام تا ئیش نەکات، بۆیە ئەم شەرتە دانراوە دەبێ ئیش بکات فەرمانبەر بێت یان لە شوێنەک مامۆستا بێت ئەو کاتە داخیلی نەقابە دەبێت، فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوانەی مامۆستان لە وەزارەتی تەندروستی تەبعەن هەیە دکتۆرە، ئەو دکتۆرە لە نەقابەی پزیشکانە، هەیانە خەریجی کولیەی تەمریزە ئەوە لە کارمەندانی تەندروستی یە لە نەقابەی ئەوانە، تەبیعی یەکێک نابێت ئەندام بێت لە دوو نەقابە، تەبیعی ئەم بریارەی کە ئێمە ئێستا لەسەری رۆشتووین نەمان توانیوە لێی لا بدەین لەبەر یەک دوو شت نەمان توانیوە بەتایبەتی ئەمە موقەرەراتی موئتەمەراتی ساڵی ۱۹۹۲ لەناو کۆنگرەیا بە ژمارەیەکی زۆر لە چوار سەد، پێنج سەد ئەندامانی کۆنگرە ئەمەیان بریار دابوو، لەبەر ئەوە ئێمە تا بەستنی کۆنگرە ناتوانین دەستکاری بکەین لەبەر ئەوە دامان نەنا لە یاساکە، ئینجا بە نیسبەت مامۆستایانیش وەکو موهەندسین نین موهەندیس ئەروا کاری تایبەتی خۆی دەکات ئەوە موهەندیسە لە نەقابەی موهەندسین، بەڵام مامۆستا کە تەعین نەبێت مانای وایە مامۆستا نییە لەوانەیە بچێت سایەق تەکسیاتی بکات لەبەر ئەوە تا عەمەلیەتەکە نەکات پێی ناوترێت مامۆستا، لای ئێمە پێی ناوترێت مامۆستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەسەور دەکەین گفتوگۆی ئەم ماددەیە تا ئەم حەددە بەس بێت، بۆیە تکایە ماددەی پێنج بخوێنەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە، بەو تەعدیلاتانەی کە کردوتانە فەرموو.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

المادة الخامسة:

يعتبر أعضاءاً في الاتحاد:

أ- جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في المعاهد والجامعات في الاقليم.

ب ـ المعلمون من شهداء الحركة التحررية الكوردستانية أعضاء فخريين.

جـ ـ معلمو ثورة أيلول التحررية أعضاء فخريين.

د ـ المتقاعدون من أعضاء الإتحاد ولمدة سنة واحدة إعتباراً من تأريخ إحالتهم على التقاعد وإنفكاكهم من الوظيفة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی پێنچەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی پێنچەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم تکایە.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبی:**

الفصل الثالث

المادة السادسة:

يتكون الاتحاد من الهيئات التالية:

١ـ الهيئة العامة.

٢ـ المجلس التنفيذي.

٣ـ مكتب السكرتارية.

٤ـ هيئة الفرع.

٥ـ لجنة القضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تێبینی نەقابەی تر بکەین لەم تەشکیلە لێژنەی ئینزباتی تیایە، عەجەبەن بۆچی لە نەقابەی مامۆستایان نییە ئەم پرسیارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مــــلا مــــحــــمــــد طاهر زین العــــابدین:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من قسەم لەسەر ئەوە هەیە ئێمە پێناسە ی(المجلس) مان کردووە نەک (التنفیذي) تەنفیزیەکە لە کوێ هاتووە پێم وایە خۆی هی مەکتەبی سکرتاریەتە حەقیقەت، (المجلس)مان پێناسە کردووە لە پێشا ئەمە یەک، دووەم لە خاڵی چوار و پێنج (هیئة الفرع في المحافظات) (لجان الاتحاد في الاقضیة) بەرای من وا باشترە چونکە لیژنەکە یەک لیژنە نییە (اقضیة) لەوانەیە لجانی ئەقضیەمان تەبعەن هەیە هەیئاتی فروع هەنە تەبعەن لە پارێزگاکان نەک هەیئە واحدە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قــاسم مــحــمــد قــاسم(د.رزگــار):**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

یەک ئەوەی کاک ئیبراهیم سەعید فەرمووی کە لیژنەی ئینزبات نییە، دوو (المجلس التنفیذي) ژمارەی وان تەحدید نییە یەکن دوون چەندن؟ شروطی عضویەتی وان تەنها شروطی عضویەت بۆ سەرۆکی داناوە، مجلس تنفیزیش هەندێ شروط نەدانانە نە عەدەدی وان دانانە، جا نازانم لە موتلەقی یاساکە هەیە مومکینە ماددەی (١٢)ش ئەگەر برادەران ئاگادار بن باسی کردووە بەڵام ژمارەی نەداوە لە ماددەی (١٢)ش هەیە (المجلس التنفیذی) زۆر سوپاس.

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئێستا تۆ موناقەشەی ماددەی شەش دەکەی یان حەفت؟ .

**بەڕێز د.قــاسم مــحــمــد قــاسم(د.رزگــار):**

ببورە مامۆستا من ئیشارەتم کردووە گوتم لە ماددەی (١٢)ش هەیە، ماددەی شەش من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ژمارەی بۆ دیاری نەکردووە (المجلس التنفیذي) هەموو یاساکەم خوێندیتەوە نە تەحدیدی ژمارەی وان چەندە ئەندامی مەجلسی تەنفیزی یەکێتی نە شروطی عضویەتی مەجلسی تەنفیزی هەنە لە هەموو یاساکە مەوجود نییە، سوپاس.

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــمــد نقــشــبندی:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

هەموو ئەندامانی مەجلیس تەنفیزی مەرجی تەعینیان تێدایە ئەگەر جەنابی کاک د.رزگار تێبینی

کـردبێت چونـکە مـەجلیس تەنفـیـزی پێـک هاتووە لە مـەکـتـەبی سکرتاریەت شروط دانراوە بۆ دامەزراندنیـان بۆ سەرۆکی یەکێـتی یە ئەویش شروطی بۆ دانراوە سەرۆکی ئەندامانی لقەکان ، سەرۆکی دەستەی لقەکان شروط دانراوە چۆن سەرۆکی لقەکان دادەمەزرێ، جەنابتان کە گەیشتینە تەشکیلاتی مەجلسی تەنفیزی کە لە چ پێک دێت لەو کاتی دا ئەگەر شروط نەبوو ئیمکانی هەیە چارەسەری بکەین بەڵام شەرت هەیە بۆ هەموویان بۆ ئەعزای مەکتەبی سکرتاریەت کە هەموویان ئەندامی مەجلسی تەنفیزین بۆ سەرۆکی یەکێتی شەرت هەیە بۆ سەرۆکی لقیش شەرت هەیە، سەرۆکی لقیش ئەندامە لە مەجلسی تەنفیزی کەسی تریش ئەندامی مەجلسی تەنفیزی نییە هەر ئەوانەنە مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆکی لق و سەرۆکی یەکێتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی شەش ئەخەینە دەنگ دانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی شەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی شەشەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەفتەم تکایە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

المادة السابعة:

أ- تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء الأتحاد الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب أحكام هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة فيه وتجتمع في مركز الاتحاد كل سنتين مرة واحدة لعقد المؤتمر العام عن طريق المندوبين بنسبة مندوب واحد لكل مائتين وخمسين عضواً لانتخاب رئيس الاتحاد وأعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددهم خمسة عشر عضواً أصلياً وأربعة أعضاء احتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد مرور خمسة عشر يوماً من الاجتماع الأول وفي نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث عدد المندوبين.

ب - يكون رئيس الاتحاد وأعضاء المجلس التنفيذي ومكتب السكرتارية وأعضاء هيئات الفروع أعضاءً في المؤتمر.

جـ - للاتحاد عقد مؤتمر إستثنائي بناءً على طلب يقدمه ٣/٢ من أعضاء المجلس التنفيذي أو بناءً على طلب ثلث أعضاء المؤتمر العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە: نوسراوە (کل سنتين مرة واحدة) لە هەموو نەقابەک و یەکێتیەک هەر

سێ ساڵ جارێکه لێره ئەو دوو ساڵه ببێته سێ ساڵ زۆر زۆر عەمەلی تره و بۆ یەکێتیش زۆر قازانجە لە ناحیەی دارایی مەعقولیش نییه هەر دوو ساڵ کۆنگره ببەسترێ وەکو هەموو یەکێتی و نەقاباتی تر سێ ساڵ بێت، تەسەورم کرد لێژنه قانونی خۆی ئەو تەعدیله دەکات، دووەم: دوو برگەی تری تێدا بوو وەکو کۆبونەوەی ساڵانه بەرای ئێمه ئەوە لابچێت دیسان لێژنەی یاسا بۆ خۆی ئیلغای کردووە لە مەشروعی تازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە؟ مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت لێژنەی تەنفیزی ژمارەی وەکو برادەران گوتەنی ژمارەی لێژنەی تەنفیزی دیار بکرێت ئینجا ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لێرانه هاتووە دەڵێ (ینعقد المؤتمر العام عن طریق المندوبین بنسبة مندوب واحد لكل مائتین وخمسین عضواً) بەرای من زۆرە راستە مامۆستایان زۆرن بەڵام ئەگەر قەزاکان وەربگرن زۆر جار لە قەزایان (٢٥٠) مامۆستا نییه، یەعنی مەندووبی ناوێ، لەبەرە ئەوە من ئەو ژمارەیه بە زۆری ئەزانم، واته لە سەدوو پەنجا زیاتر نەبێ لەجیاتی دووسەدو پەنجا مەبەست وایە قەزا شمل ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مامۆستا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی لێژنەی قەزا حەقە، ئەندامی موئتەمەر بن، چونکە لێژنەی قەزا بەهەڵبژاردنە (المجلس التنفیذي) لەگەڵ مەکتەبی سکرتاریەتدا تکرارە تەبعەن، چونکە مەکتەبی سکرتاریەت قائیمەی ئەندامانی هەر مەجلیسەکەیە بەرای من (المجلس التنفیذي ) تەبعەن لاناچێ (یكون رئیس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتارية والرؤساء وأعضاء الفروع واللجان، اعضاء في المؤتمر )

چونکە مەجلیسی تەنفیزی لەگەڵ مەکتەبی سکرتاریەت تەقریبەن موتەداخیلی یەکن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرمووو شێخ عفان.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، بەڵام هەندێکی لەم دواییەی کەمێ زیادەی تیایدابێت ، ئەگەر ئامادە نەبوون پازدە ڕۆژ دووبارە بوو، عادەتەن موئتەمەر هەموو کاتێ ئامادە ئەبێ، قەت مومکین نیە ئامادە نەبێ ئەوە یەک.

بەنسبەت تەحدیدی ئەعزای مەجلیسی تەنفیزی، ئەوە لەدوای یەک دەچێ مەعلووم نیە لقەکان، چەند لق دروست دەبێ تا وەکو سەرۆک لقەکان بێن بە ئەعزای مەکتەبی تەنفیزی لە دوای ئەمە ڕۆن ئەبێ کە ئەندامەکان ئەبن بە چەند، بەنسبەت دووسەدو پەنجا کە ئێمە لامان هەندێک زیاد بێت ،ئەگەر دووسەد بێت باشترە هەرچەند ئێمە ئێستا پێم خۆشە ئاگادار بن هیچ قەزایەکمان نیە لە هەزار مامۆستا کەمتری تیا بێت بە تەئکیید یەعنی هەزارمان نیە، هەزارو چوارسەد، هەزارو دووسەد، دووهەزار، قەزاشمان هەیە سێ هەزار مامۆستای تیایە وەکو قەزای شەقلاوە، ئینجا لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێت بە دوو سەد، ناحیەی مالیەکە مۆتەمەرە قەلەبالغیەکەی ئێمە ئێستا (٢٧٦٣٠)ی مامۆستا بەشداریی هەڵبژاردنەکە دەکەن، ئەگەر بیکەی بە چواریش زائیدەن ئەوانەی کە ئەندامن هەندێکی تریش کە میوانن بانگ دەکرێن، تەقریبەن ئەبێ بە سێ سەد کەس، جا لەبەر ئەوەی ئێمە تەحدیدمان کردوە، ئەگەر بکرێت بە دووسەدیش هەر باشە، بۆ هەر دووسەد دەنگ یەک نوێنەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ بەڕێز کاک شێروان حیدری فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک عبدالخالق وتی بەنیسبەت قەزا، قەزا تەحدید کرایە پەنجا، بە سییش دەعوەتی هەیە بەنیسبەت فەرعیشەوە لە پارێزگایەوە بە سەدو پەنجا تەحدید کرایە لە یاسایەکەدا، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم سەفەر فەرمووو.

ئەو مەبەستی ئەوەیە هاتن بۆ مؤتەمەرە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان لە خاڵی ئێک لە دوو ماهی(ویعتبرالنصاب کاملا بحضورثلث عدد المندوبین) کە ئاخر ئیحتیمالە، لە یاسای دی هاتووە هەموو وسائیری نیقابات وبعکسە هەر ئەندامێک حازر نەبوو ( یعتبر المجلس مستمرا لدورة اخری) وابزانم مەفهومە ئەوەی کاکە ڕەش، وبعکسە (یعتبر المجلس مستمرا لدورة اخری)، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێگەیشتن لە قسەکەی، ئەو ئەڵێ ئەگەر ثلث حازر نەبوو مەجلیسەکە بەردەوام دەبێت، پاش پازدە ڕۆژ، ئەگەر لە ٣٠٪ حازر نەبوون بە دوو جار نیصاب نەبوو ئەوە مەجلیس تا دەورەیەکی دیکە ئیشی خۆی دەکا، مەجلیسی تەنفیزی وسکرتاریەت بەیەکەوە. خۆی ئیحتمالەکە زەعیفە بەدوو جار نیصابەکە حاصل نەبێ، بەس ئەوە چونکە مەندووبن، حازر دەبن بەزۆری، بەڵام بەو ئیحتمالەی کە حازر نەبوون پێشنیارەکەی لە جێی خۆیەتی، لەحەقیقەت.

**بەڕێز کاکە ڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئێمە وای لێ نەکەین، با بڵێین هەڵبژاردنەکە دەبێ (مهمابلغ عدد الحاضرین)با هەر بکرێ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتوانن واشی لێ بکرێ، جا فەرموو جەنابت جوابیان بدەرەوە.

**بەڕێز کاکە ڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەسەلەکە ئیحتمالاتە، چونکە ئەوانە هەر حازر دەبن، بەحەقیقەت، بەس ئیحتمالەک هەیە کە ئەبێ چارەسەر بکرێ، بەس بە ڕای ئێمە وای لێ نەکەین کە مەجلیسەکە بەردەوام بکات، وای لێ بکەین بلێین بۆ جاری دووەم لە پاش پازدە ڕۆژ(مهما بلغ عدد الحاضرین) هەڵبژاردنەکە بکرێ، نەک مەجلیسەکە بەردەوام بێت، دوای ئەوە مەجلیسەکە هەوڵ بدات خەڵکەک نەیێ..هتد، هەندێک گیروگرفت پەیدا بکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێ، بڵێین هەڵبژاردنەکە(مهما بلغ عدد الحاضرین) ئەو ٣/١ لادەبەین ئەوەی دوایی، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت جوابی هەموو وڵامەکانی تر بدەرەوە.

**بەڕێز کاکە ڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک عبدالخالق فەرمووی، بەحەقیقەت بەنسبەت ئێمە لاریمان نییە چەندی دائەنێن، چونکە ئەم ژمارەیە ئێمە دامان نەناوە، ژمارەکە لەسەر داواکاری یەکێتی مامۆستایان بوو کاتی خۆی وئێستاش یەکێتی مامۆستایان دەیەوێ دووسەد بیت یان دەیەوێ سەدو پەنجا بیت، بەنیسبەت ئێمە هەر ژمارەیەکی پەرلەمان و ئێوەی بەڕێزتان بڕیار بدەن ئێمە لاریمان نییە، تەداخولی ژمارەکە ناکەین، بەنسبەتی مەجلیسی تەنفیزیش کاک شێخ عفان روونی کردەوە کە لەکێ وکێ پێک دێت ئەوەش مەجلیسی تەنفیزیە ئەبێ لەسەرەتا ناتوانین بڵێین هەتاکو ڕەئیس وڕوئەسای هەیئات و فروعی دیارنەکرێ هەڵبژاردن لە بەینیان نەکرێ، وابزانم هەر ئەوەندەش بوو، وبەنیسبەت سێ ساڵ ودووساڵیش، ئەوەی کە بەڕێز لیژنەی دارایی فەرموی ئێمە لەوەش تەدەخولمان نەکرد، ئەوەش لەسەر داواکاری یەکێتی بوو، بەحەقیقەت چونکە ئەوان وتیان ئێمە پێمان خۆشە مؤتەمەراتمان زوو بۆ بکرێ و، زوو مەکتەبی سکرتاریەت بگۆڕێ وتەنشیت بکرێ، لەبەر ئەوە ئەو ژمارەیە ڕاستە لە نیقابات و زۆربەی سێ ساڵ هاتووە بەس ئەو ژمارەیە ئێمە تەدەخولمان نەکردوە مومکینە ئەوان موبەڕڕی خۆیان هەبێ دەتوانن جواب بدەنەوە بۆ دوو ساڵە سێ ساڵ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە، (عن طريق المندوبين) لە ئێستاوە تەحدیدی کەین دووسەدوو پەنجا بۆچی تەحدیدی کەین( عن طريق المندوبين ) ئەو کاتە مەکتەبی تەنفیزی خۆی مندوبین تەحدید دەکا چەند بێ؟ یا لیژنەی تەحزیری مەسەلەن بۆ نموونە چونکە من تەسەوڕ ناکەم ئەو ژمارەیە دووسەدو پەنجا لەخۆیەوە هاتبێ، ئەو دوسەدووپەنجایە پاش ئەوەی یەکێتی دانیشتووە لەنێوان خۆیان گفتوگۆیان کردووە وئیتسالاتیان کردوە بۆ ئەو مؤتەمەرەی کە دادێت بەتەئکیید دووسەدو پەنجا کەسیان داناوە، بۆیە نوسیویانە بۆ یاسایەکە لەخۆیانەوە نەیان هێناوە ئەو ژمارەیە، فەرمووکاک عفان.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت دوو ساڵ وسێ ساڵ تەبیعی ئێستا عادەتەن لەوەو پێش لەسالانی (١٩٧٤) هەر یەک ساڵ بووە، چونکە بە ئیعتیبار دەورەی مامۆستایانە، مامۆستا تەخەرج دەکا ئەروا گۆڕانکاری ئەبێ لە مەنهەج وپێرۆ وپرۆگرام، گۆڕانکاری لەوەزعی عام، یەک ساڵ بووە، ئێمە وتمان لەبەر زروفەکی تایبەت کردمان بە دوو ساڵ، ئێستا لە سلێمانی مومکینە هەر یەک ساڵ بێت، ئێمە کردومانە بە دووساڵ، ئێستا بکرێ بە سێ ساڵ زۆر زەحمەتە، بەنسبەت ئەندامانی کەرتەکان،

ئەگەر ئەندام بن لەكۆنگرە ئەوە تەبیعی زۆر ئەكا، ئێمە(٢٩) كەرتمان هەیە، (٢٩)سێیی ئەوە مانای یەک موئتەمەری تەواو ئەكا عەرزەكە، لەبەر ئەوە زۆرە نەمان توانی، ژمارەكە یەک جار زۆرە، (٢٩) كەرتمان هەیە هەر لەسنووری ئێمە ئێستا كەواتە ناتوانین، عەرزەكە زۆر دەكات مانای وایە ئینتخابات نابێ ببێ، جا لەبەر ئەوە ئاوامان لێ كردوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەی دووسەدو پەنجایەكەتان لەكوێ هێنا.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دووسەدو پەنجایەكە، ئێمە لەبە زرووفی ئێستای كوردستان ئەبێ لە هۆڵێكدا جێگەمان بێتەوە، یەعنی ئێستا (٢٧) هەزار كەس، ئەگەر بەدووسەتیش بێت بۆ هەر هەزار كەس پێنج ئەندامانی سكرتاریەت و ئەندامانی لقەكان وئەوانیش تەقریبەن دەوری (٧٠) كەسن ئەمە ئەبێ بە (٢٧٠) میوانانیشمان هەیە دەوری (٣٠) كەسێک ئەوە (٣٠٠)كەس، ئێمە حیسابمان دەوری (٣٠٠) كەس بووە،لە قاعەش (٣٠٠) كەس دەتوانی ئیشی تێدا بكات لەوەی زیاتر بێت زەحمەتە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەسلی پرۆژەكە نا (١) لە(٢٥٠) ئەسلی پرۆژەكە (١)لە (١٥٠)ومادەكەش مەوجودە لە مادەی (١١) لە(١٥٠) هاتووە، ووتم پەرلەمان قەوانین وتەشریعات بۆ موجتەمەعێ دانێت نا فلان ئیتیحاد وای داوا كردوە فلان وای داوكردوە، لەبەر ئەوە دەبێت لیژنەی قانونیش راستە رای لەگەڵ رای مامۆستا یەكتر ناگرنەوە، بەڵام لەوانەیە مەجموعەیەک دێت لێرە مەجموعەكی محدد زیاتر بە دڵی خۆیانە، چیان دەوێتن، دبێت ئێمە سەیری موجتەمەع بكەین و، سەیری قوانینی ئیتیحاداتی تر بكەین، مەسەلەی سێ ساڵیش مەسەلەی ئەو نیسبەیەش ئەوەی جەنابی سەرۆكی ئەنجومەن فەرمووی( عن طریق المندوبین) لە زۆربەی قوانینی مؤتەمەراتیش وا هاتووە، زۆر چاكترە یان وەكو ئەسلەكەی خۆی بێتن (١)لە(١٥٠)، بەڵام ئەوەی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئەیلێ لە هەموویان چاكترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من ئەزانی مەبەستم چییە؟ خۆی مەسەلە، ئەگەر نیقابەیێ بێ مؤتەمەر بگرێ، موئتەمەر ئەو شتەی كە رێگای ناداتێ كە ئەندام زۆر تیا كۆ بكاتەوە مەسەلە مالیەكەیە،بەڵام كە نیقابە سەیری

مالیەی خۆی کرد مومکینە حەز دەکا هەزار مامۆستا کۆ بکاتەوە موئتەمەر بگرێ دوو هەزار کۆ بکاتەوە، ئەگەر ئیمکانیەتی هەبێ لەبەر ئەوە ئەو حوریەتەی بۆ مەجلیسی تەنفیزی بەجێ بێڵێ، یان بۆ لیژنەی تەحزیری بەجێ بهێڵێ لەو کاتەی کە ئەیەوێ موئتەمەرەکە بگرێ تەحدید کا بۆ چەند کەس،بەڵام ئسلوبەکە مەندوبە، موهیم ئەوەیە، یەعنی ئێمە تەحدیدی ژمارە بکەین لە قانونە هەندێک، چونکە قانون بۆ ئەمڕۆ ناکرێت، قانوون ئەبێ لە هەموو زروفێکا بتوانی جێبەجێی بکەی، فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێزعبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتگیری موقتەرەحی جەنابت دەکەم و، لەگەڵ ئەوەش من ئەو جارە کە وتم (١٥٠) لە بەر ئەوەی کە لە ئەسلی مەشروعەکەدا هاتووە ئەمە یەک، دوو لەبەر ئەوەی شەریحەی مامۆستایان شەریحەیەکی زۆر موهیمەو گەورەیەو، مؤتەمەریان (٣٥٠)بێ یان (٤٠٠) یان(٥٠٠) بەرای من ئەوە ئەهمیەتەکی تایبەتی هەیە، لە بەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە مەسەلەکە تەرک بکرێ بۆ لیژنەی تەحزیری یان بۆ هەیئەتی ئیداری نسبەکە دابنێ ئینجا ئەوە (٥٠) یان (١٥٠)ئەو تەقدیر ەبۆ ئەوان دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک مولاحەزەم هەیە بەراستی وەک یاداوەریەک هەندێک ناوچەمان هەیە، هەندێ ناحیەمان هەیە(٢٥٠) مامۆستای تێدانیە، یەعنی هەندێک شوێنمان هەیە(٢٥٠)مامۆستای تیا نییە، داوا دەکەم کاری پێ بکرێ یا ئیستیسنای ئەو ناحیانە بکرێ، با لەو ناحیانەی کە ژمارەی مامۆستایان کەمە با دوو مەندوب حازر بێت، یان چارەیێ بۆ ئەو ژمارەیەبکرێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە شێخ خۆی قانون بۆ ناحیەیەک داناندرێ، قانون بە عام دائەنرێ، بۆیە ئەم ئیقتراحەمان کرد کە مەجلیسی تەنفیزی خۆی تەقدیری وەزع وزروفی خۆی بکا، بەیانی مومکینە ئەتوانی دوو ناحیە لە یەک بدات بیکات بە دائیرەیەکی ئینتیخابی بۆ مؤتەمەر بۆ مەندوبی مؤتەمەر، ئەگەر عەدەدی پڕ نەکردەوە،چارە هەیە بۆ هەمووی، کێ تر ناوی نوسیوە؟ نەخێر هەر ئەوها (من المؤتمرالعام عن طریق المندوبین بنسبة یحددها المجلس التنفیذي) تەواو ئەبێ، جا ئەوان خۆیان سەیری وەزعیەتی خۆیان ئەکەن لەو ساڵە کە مؤتەمەر ئەگرن، سەیری ئیمکانیاتی مادی خۆیان ئەکەن،مومکینە زروفەکی سڕیە نەتوانی هەر (٢٥٠) کەسێکی ببینی، مومکینە ئەو کاتەی

له(١٠٠٠) كەسێک دێت، ساڵەکی دیکە وەزع باش تر ئەبێ ئەتوانی بڵێی هەر (١٠٠) کەسێک یا (٥٠)کەسێک، لەوە موراعاتی مامۆستایان ئەکەین، چونکە موهیم ترین نیقابەیە، لە حەقیقەتدا وەکو نیقابە، ئەوە مناقەشەی لەسەری تەواو بوو، نەخێر رایەکەی من ئەروا چونکە هەموو تئییدتان کرد بۆیە، بیخوێنەوە لەگەڵ تەعدیلاتەکە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

المادةالسابعة:

أـ تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء الاتحاد الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب أحكام هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة فيه وتجتمع في مركز الاتحاد كل سنتين مرة واحدة لعقد المؤتمر العام عن طريق المندوبين بنسبة يحددها المجلس التنفيذي لإنتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددهم خمسة عشر عضواً أصلياً وأربعة أعضاءاحتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد مرور خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول وفي نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملاً مهما بلغ عدد المندوبين الحاضرين.

ب ـ يكون رئيس الاتحاد وأعضاء المجلس التنفيذي ومكتب السكرتارية وأعضاء هيئات الفروع أعضاءً في المؤتمر.

ج ـ للاتحاد عقد مؤتمر إستثنائي بناء على طلب يقدمه ٣/٢ من أعضاءالمجلس التنفيذي أو بناءً على طلب ثلث أعضاء الهيئة العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(المؤتمر) نا ئەوە بکرێ بە (الهيئة العامة)، ئەو ٣/١ هەیئەتی عامەیە، ئەعزائی مؤتەمەر یەک جار عوزووی مؤتەمەرە وئەروا دوای ئەو کێ عوزووی مؤتەمەرە؟ یەعنی مەندوب یەک جار مەندوبە، مەندوب بۆ یەک مؤتەمەر مەندوبە، بەس (عضو الهيئة العامة) دائیمە،خاڵی (ج) بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

ج ـ للاتحاد عقد مؤتمر إستثنائي بناءً على طلب يقدمه ٣/٢ أعضاء المجلس التنفيذي أو بناء على طلب ثلث أعضاء الهيئة العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی حەوتەم ئەیخەینە دەنگ دانەوە بەگۆڕانکاریەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە مادەی حەوت پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، مادەی حەوت بەگشتی دەنگ بە گۆڕانکاریەوە وەرگیرا، مادەی هەشتەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

المادة الثامنة:

يشترط فيمن ينتخب رئيساً للاتحاد أن يكون من مواطني الأقليم وله خدمة لا تقل عن خمس عشرة سنة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەڤەیە،(يشترط فيمن ينتخب رئيساً للاتحاد أن يكون من مواطني الأقليم وساكناً فيه) ساكنی اقلیمیش بێت وئاخیریش ئیزافە بكرێت(ان لا يكون محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف)،وەكو لە هەموو قوانینی پێشوو هاتوە ئەم شەرتەش بۆی ئیزافە بكرێتن، شەرتی لێرە ساكن بێت (وأن لايكون محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە تكایە،ناوی ئەو بەڕێزانە نوسراوە:

- حەمە علی تۆفیق میرزا فتاح.
- ابراهیم سعید محمد.
- عبدالخالق محمد رشید .
- شێخ یحیی محمد عبدالكریم .
- فاضل رؤوف.
- د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار).

**بەڕێز احمد علی عمر :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، من پێشنیار دەكەم لە جێگای پازدە ساڵ ببێتە دە ساڵ، لەبەر ئەوە فرسەتێك بە بەرهەمی سەرهەڵدان و پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستانیش بدەن و، تەرشیحیان بكەن بۆ سەرۆكایەتی یەكێتی، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیقتراحەكە جارێكی تر بكەیت، چونكە لێی تێ نەگەیشتین.

**بەڕێز أحمد علی عمر :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، پێشنیاری من لە جێگای پازدە ساڵ ببێتە دە ساڵ، بەڵکو فرسەتێک بە بەرهەمی سەرهەڵدانی مامۆستایانی کە دەرچون دوای سەرهەڵدان دوای تەشکیلی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانیش حەقیان هەبێت بێن خۆیان تەرشیح بکەن بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حمە علی توفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بۆ ئاخیری ئەو جوملەیە رابردوی پاک بێت، ئیزافە بکرێت، ئەو کەسەی کە خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی رابردووی پاک بێت، بۆی ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مامۆستا نییە؟ ئەوەی ئەبێ بە سەرۆک مامۆستا نییە؟ ئەوەی ببێ بە مامۆستا ئەو شروتانە هەمووی تیا ئەبێ، تحسیل حاسیلە( من علمني حرفاً ملكني عبداً) ئەمە هەمووی مامۆستایان ئەگرێتەوە ناوو ناتوری ناوێ خۆی (كاد المعلم ان يكون رسولا ) بەڕێز کاک ئیبراهیم سعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی پێش ئەو ماددەیە موناقەشە بکەم، ئەگەر تەماشای قانونەکەمان بکەین تەسەلسولی مەنتقی تر بێتن ورازا و تر بی ئەبێ تەسەلسولی دروست بێ لە قانون، ماددەی حەوت باسی هەیئەی عامەیە، مادەی یازدە مەهامی هەیئەیە نوسراوە مؤتەمەر، بەس هەیئەی عامەیە، یەعنی ئەوە دەبێ دوای ئەوە بێتن، ئەگەر تەماشای مادەی دوازدە بکەین (يتكون المجلس التنفيذي من رئيس الاتحاد ) ئینجا باسی سەلاحیاتی مەجلیسی تەنفیزی کردیە دوایی چووە مەکتەبی سکرتاریەت ئەبێ رەئیسی یەکێتی بچێتە ئەو جێگایە، تاکو شوێنەکە بەتەسەلسولەکەی مەواد دروست بێن ئینجا ئەگەر ئەوە پەسەند بکرێتن من موناقەشەی ئیقتراحی خۆم لە سەر ئەم مادەیە تەئجیل دەکەم ئەگەر نا ئیحتیفاز بە حەقی خۆم دەکەم بۆ مناقەشەی ئەم ماددەیە، ئەگەر تەماشای تەسەلسول بکەین ماددەی حەوت و ماددەی دوازدە تەکمیلەی مەهامە، ئەم سەرۆکە هاتووە نە لە شوێنی خۆی، سەرۆک ئەبێ بچوبایە لە جیاتی مادەی سێزدە، چونکە ناوی سەرۆک دوایی هاتوە(المجلس التنفيذي يتكون من رئيس الاتحاد ، اعضاء مكتب السكرتارية، رؤساء الفروع ) ئینجا هاتوە باسی سەلاحیاتی مەجلیس تەنفیزی کردوە دوایی چووە( مکتب

السكرتارية) باسی مەکتەبی سکرتاریەی کردوە، ئەبێ رەئیس ئتیتحاد لێرە با پێش( مكتب السكرتارية) تاکو تەسەلسول مەنتقی تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێزکاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر لێرەش بێ هیچ موشکیلەیەک نییە، بچیتەوە هیچ موشکیلەیەک نییە، بەحەقیقەت خۆی موئتەمەرە، دوو شتان هەڵدەبژێری لە سەرەتاوە وتمان سەرۆکی یەکێتی ومەکتەبی سکرتاریەت ، یەکسەر سەرۆکی یەکێتی هاتە خوارەوە خۆی و هەڵبژاردنەکەی وشرووتی واتە زۆر موشکیلە نییە و، ئەگەر بچیتەوەش هەر موشکیلە نییە، یەعنی بە رای من زۆر شتەکی کەم نییە لە قانونەکەی ئەگەر لەجێگای خۆی بمێنێ زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو رای خۆت بدە لە سەر مادەکە.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەو مادەیە، یەکەمیان مەوزوعی پازدە ساڵ، ئەگەر تەماشای نەقابەی مامۆستایانی عێراقی بکەی زۆربەی زۆری ئەوانەی مامۆستانە لە زانکۆیەکان دەبنە نەقیبی نەقابەی مامۆستایان لە عێراق ، کە تەماشای ئەم چل ساڵەی دواییەی بکەی ئاگاداریم لەسەر ئەم مەسەلە هەیە، زۆربەیان دکتۆرایان هەیە، بۆ دکتۆرا پازدە ساڵ زۆرە، هەم دکتۆراشی هەبێ هەم پازدە ساڵ خزمەتی هەبێ تاکو ئەو موئەهیلەی هەبێ بۆ ئەوەی ئەو شەرتەی لەسەری تەتبیق ببێت وببێ بە سەرۆکی نیقابەی مامۆستایان، بۆ هەندێکیان ئەوەی خەریجی پەیمانگای مامۆستایان پازدە ساڵ مەعقولە، بەڵام بۆ هەندێکیان چونکە مامۆستای زانکۆش مە شمول دەبێ پازدە ساڵ لێرە زۆر دەبێ، یان ئەبێ بیکەینە فەقەرات، یان هەموو ساڵەکان کەمتر بکەینەوە بۆ نمونە بکەین بە دە ساڵ، بەرای من باش ترە، ئەوە یەک.

دووەم، با ئێمەش نەختێک وکو دەبێژن بچینە رەکیزا دیمقراتیەتێ، رەکیزا دیمقراتیەتێ یەکیان تەداولە، یەعنی شەرتەکی دانێین بۆ سەرۆکی بلا دوو دەورە لەسەر یەک حەقی هەبێتن بۆ تەرشیح کردن، دوای دەرچونی ئەم قانونە دوو دەورە، باشە با مەجال بۆ یەکەکی تربەجێ بێلین، یەعنی دیموکراتیەت حەقیقەت لێرەدا دیار دەبیتن، وەکو جارا دی ئێمە بەحسی موجتەمەعی مەدەنی کری وئەم حەز کەین بەرەو موجتەمەعی مەدەنی بچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی دکتۆرا چەندی پێ دەچی تا دکتۆرا وەرئەگرێ، باشە پێش شەهادەی دکتۆرا وەربگرێ چیە خۆی؟ بکالۆریۆسە، لە زانکۆ وەکو موعید ئەمێنیتەوە، ئەبێ بە تەدریسی، ماجستێر وەر ئەگرێ،

ماوەیەک ماجستێری دەرس ئەڵێتەوە، ئینجا دکتۆرا ئەکا، یەعنی ئەو دە پازدە ساڵە خزمەتەی هەر ئەبێت، یەعنی شتەکی تەواو نییە، بەنیسبەت تەداولیش، حەقیقەت خۆ ئەوە سوڵتە نییە تەداولی بکا، ئەمە نەقیبی مامۆستایانە عادەتەن چ مامۆسایەک زۆر باش بێت هەموو ئیحترامی بگرن وەزنیشی هەبێ ناوێکی هەبێ شەخسیەتێکی هەبێ، ئەوە ئەمینێتەوە، هەر کاتێ مامۆستایان زانیان بەکەڵکیان نایێ وئەسالیبی تەواو نییە ئەی گۆڕن بە ئیعتیادی، خۆ مەسەلە رای (قائد الجیش) نییە یا رئیسی جمهور نییە کە ئینتیهای پێ بێ، خۆی رەئیشە شتی تر نیە، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێی ناوێ رای خۆم تەوزیح کەم، ئێمە بۆچی ئەمانەوێ یەکێک دەرکەین کە بەڵک نەهات با تەقاعید ببیت بە مەرموقی ، یەعنی من نییەتم ئەوە نییە کە بەکەڵک نەهات با یەکێکی تر بۆ خۆیان ئیختیار کەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم خدمە کە نوسراوە پازدە ساڵ ببێت بەدە ساڵ، لەبەر ئەوەی، یەکەم، ئێمە ئینتیفازەکەمان ئەوە یازدە ساڵە، بێجگە لەوەی ئەو وتوویژە زۆر مەشاکیلی هەبووە لەژێر سوڵتەی حوکمەتی مەرکەزی، ناچمە ناو تەفاسیلیەوە، بۆ ئەوەی کە گەنجەکانیش بەڕاستی دەورێکی گرنگیان هەبێ، وەکو وتمان مامۆستایان توێژێکی گرنگن لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە دە ساڵ بێت وهاوولاتی کوردستانیش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرمووکاک شێخ یحیی .

**بەڕێز یحیی عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە هەموو ئیشارەتی لەسەر کرا، بەڵام دوو بارەی دەکەمەوە لە سەر وەزع وشروتی رئاسەت کە بەراستی دا بنرێ کە لە دوو دەورە زیاتر نەبێ، رێزم هەیە بۆ رایەکان ئیحتیمالە لەبەر چاک و خراپی نییە، بەڵام بۆچی دەورو فرسەت نەدەین بە خەڵکی تریش لەو بابەتە باشانە لەو مامۆستا زیرەکانە کە دەور ببینن جا رجا ئەکەم کە تەسبیت بکرێ یا پێشنیارەکە بخرێتە دەنگ دانەوە بۆ

ئەوەی لە دوو دەورە زیاتر هەڵنەبژێردرێتەوە بۆسەرۆکی یەکێتی ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک فاضل رؤوف.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، منیش هەر تێبینیەکەم وەکو کاک ئیبراهیم لە سەر تەسەلسولەکەیە، بەڵام من مادەی هەشت ونۆ ودە ئەڵێم، ئەگەر بخرێنە پاش مادەی دوازدەوە،وابزانم لەسەر شتەکە باش تر ئەبێ،و، بکرێتە سێ خاڵ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک د.رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم د.رزگار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێتی مامۆستایان حەجم ورۆڵێکی گەلێ گرنگی هەیە، چەند ئیهتمامی پێ بدەن بە رای من زۆر باشترە و لە مەسلەحەت دایە ل ڤێرێ من پێشنیار دەکەم ئەو کەلیمەیە(لە ماضي مشرف في النضال) چونکە ئەو مامۆستایە ببێتە سەرۆکی نیقابەی مەفروزە زێدە پاقش بیتن و، رۆلێکی باشی هەبێ لە خەباتی میللەتێدا ئەڤە تیەک،یادووێ پرسیارێکم بوو برادەرا هەیە، هەمی سەندیکای دنیا جێگر هەبیا، هەرچەندە ئەڤە جێگرە، نزانم ئەڤە جێگر نینە یان فعلەن نەبیەنا، چونکە ئەگەر بێن ماددەی دی بێژت (اذا شغر منصب رئيس الأتحاد) یەعنی شەش هەیڤا کەمتر شەش یەکەم رۆژە، ئینتیخابات ناینە کرن، پاش شەش هەیڤا هەموویا سەرۆک دێنەڤتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز لیژنەی دارایی فەرمووی کە بگوترێت (جنحة مخلة بالشرف أو بجناية)، تەبعەن ئەوە پێویست ناکات، چونکە ئەگەر یەکێک مەحکوم بە(جنحة مخلة بالشرف أو بجناية) نە مامۆستا دەبێت نە تەدریسی دەبێت، ئەوە دەردەکرێت لە دائیرەکەی، مەرجی تەوزیفی ئەوەیە مەحکوم نەبێت بە(جنحة مخلة بالشرف أو بجناية).

بەنیسبەت ئەو دە ساڵەی برادەران دەڵێن بەڕای من وەکو لیژنە دە پازدە ساڵانم پێ باش بوو لەبەر

یەک شت، تەبعەن مەسەلە مەسەلەیەکی میهەنیە زیاتر بیر لە مەوزوعی شەهادات و شتی وا بکەینەوە، میهەنی چۆن بتوانین خزمەتی مامۆستایان بکات و بە چ شێوەیەک مامۆستا لێی رازی بن، مەوزوعەکە زیاتر ئەوەیە چ بیر لە دکتۆرا بکەینەوە یان بیر لە مامۆستا بکەینەوە، یەعنی جاری وا هەیە مامۆستا زیاتر دەتوانێت خزمەت بکات و، جاری وا هەیە لە دکتۆرایەک زیاتر دەزانێت، مەسەلە مەسەلەی شەهادات نیە، مەسەلە بەڕێوەبردنی ئیشە، ئیشەکەش ئیشێکی زانستی نیە زیاتر ئیشەکە هی مەسەلەیەکی میهەنیە هی ئیشوکاری مامۆستایانە، ئیداریە زیاتر.
ئەوەی بەڕێز کاک حمە عەلی تۆفیق فەرمووی رابردووی پاک بێت، تەبعەن ئەو پیاوە مەندووبە دێتە ناو موئتەمەر(٤٠٠) یان (٥٠٠) مامۆستا ئەگەر نەیانتوانی تەقدیر بکەن کابرایەک خۆی تەرشیح دەکات رابردووی پاک نیە دەنگی دەدەنێ؟ وەڵلاهی حەقە رێزی ئەو دەنگدانە بگیرێ، ئێمە رامان وا بێت دەبێت رابردووی پاک بێت (٥٠٠) مامۆستا لە ناو هۆڵ نەتوانێ تەقدیری ئەوە بکات ئەو مامۆستایە رابردووی پاکە و بە کەڵک نایێ، یەعنی حەقە ئەو (٤٠٠) مامۆستایە یان ئەو (٥٠٠) مەندوبەی کە تەمسیلی (٢٧٠٠٠) کەس دەکەن حەقە رێزی ئەو رایە بگرن، مادام کابرایەکی ناپاکیان پێ باش بێت، بەداخەوە، بەس دەبێت یەکێکی پاک هەڵبژێرن.
بەڕێز کاک عەبدولخالق هەر لەسەر دە ساڵەکەی تەئکیدی کردەوە، تەبعەن مەترووکە بۆ برادەرانی پەرلەمان.
جەنابی کاک شێخ یەحیا فەرمووی تەحدیدی بکەین بۆ دوو ساڵ، بۆ بە دوو ساڵ تەحدیدی بکەین و حەقی هەبی زیاتر لە دوو دەورە خۆی تەرشیح نەکات خەڵکانێک هەبێت مامۆستایان تەقدیر بکات و دەنگی بدەنێ، بۆ بێین رێی لێ بگرین، بڵێین نابێ، چونکە خۆت لە دوو دەورە تەرشیح کردووە، خۆی تەرشیح کردووە و سیقەی مامۆستایانی پێ دەدرێت، وەکو عەرەب وتی ( حلت البرکە)، مادام مامۆستا دەنگی دەدەنێ، بۆ ئێمە رێی لێ بگرین، لەبەر ئەوەی بە پێویستی نازانین کەوا لەسەری فەرز بکەین و لە دوو دەورە زیاتر خۆی تەرشیح نەکات.
بەنیسبەت ئەوەی کاک د. رزگار فەرمووی جێگر دیار کراوە، مەسئوولی مەکتەبی سکرتاریەت کە هەڵدەبژێرێت دەبێتە جێگری سەرۆک(نائب الرئیس) لە مەکتەبی سکرتاریەتەوە، سکرتێر دەبێتە(نائب الرئیس)، لەبەر ئەوەی جێگری سەرۆکە لە مەکتەبی سکرتاریەت زیکر کراوە کە هەڵدەبژێرن لەنێوان خۆیان سەرۆک هەڵدەبژێرن مەسئوولی مەکتەبی سکرتاریەت (ویکون نائبا□ للرئیس) لەبەر ئەوەی جێگری سەرۆک دیاری کراوە، کە دەڵێین ئینتیخابات ناکرێت ئۆتۆماتیکیەن جێگر دەچێتە جێگای ئینتیخابات شتێکی زۆر تەبیعییە کە شاغیر بوو، بەڵام ئەگەر لە شەش مانگ پتر بوو ئەوە ئینتیخابات دەکرێت و سەرۆک دادەنرێت، ئەگەر کەمتریش بوو دانانرێت، لەبەر ئەوەی جێگری هەیە، جێگر ئیشوکارەکان دەبینێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ گۆڕانکاری ناکرێت، پێشنیارەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، باشە پێشنیارەکەی ئێوە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەم ماددەیە جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: يشترط فيمن ينتخب رئيسا للاتحاد أن يكون من مواطني الاقليم وله خدمة لا تقل عن خمس عشرة سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەشت پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، پێنج ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن، ئەوانی تر پەسندی دەکەن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی هەشت وەرگیرا، ماددەی نۆیەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: يتولى رئيس الإتحاد الصلاحيات التالية:

أ ـ تمثيل الاتحاد لدى الجهات القضائية والإدارية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالاتحاد وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرئيه من أعضاء المجلس.

ب ـ رئاسة إجتماعات الهيئة العامة والمجلس التنفيذي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا هاتووە دەڵێ (تمثيل الاتحاد لدى الجهات القضائية والإدارية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات) ئەو موصادەقەیە، ببورە بەڕێز نازانم میزانیەش دەگرێتەوە، ئایا تەصدیقی میزانیە لە سەلاحیەتی سەرۆکە حەز دەکەم روون بکرێتەوە وەکو تێبینیەک، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـــلامـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە ئەم دوو ماددەیە بە حەقیقەت وەکو برادەران ئیشارەتیان پێ کرد، دوای (مهام وصلاحيات المؤتمر والمجلس) مەکتەبی سکرتاریەت بێت بەڕاستی، یەعنی حەقی خۆیەتی، ئەگەر ئەوە پێشنیارەکە قەبوڵ نەکرێت لەسەر ئەمە قسە دەکەم ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی هیئەی عامە و کاروبار و مەکتەبی سکرتاریەت ئەویش ریئاسەکەی هەر بەوەیە، لەگەڵ ریزمدا.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئەوەی کاک شێخ یەحیا فەرمووی موعامەلات فەرقی هەیە لەگەڵ میزانیە، مامۆستایەک کەفالەتەکی هەیە تەقدیم دەکات بۆ دائیرەیەکی مووعەیەن کە تەئیدی ئیتیحادی دەوێت، دەهێنێتە ئیتیحاد، سەرۆکی ئیتیحاد تەئیدی ئەو کەفالەتەی دەکات لەسەر ئەساسی ئەوەی کە مامۆستایە لێرە و مەقدیرەتی مالی ئەوەیە و موعامەلات ئەوەیە (ما يتعلق بالاعضاء)، یان بۆ نموونە یەکێتی مامۆستایان خانوویێک دەگرێت تەنزیمی عەقدەکە لەنێوان کابرای (مؤجر و مستأجر)کە (مستأجر)ەکە یەکێتی مامۆستایانە موصادەقە لەسەر عەقدەکە دەکات و ئەوانە موعامەلاتە، میزانیە دەبێت زیکر بکرێت و پەیوەندی بە موعامەلاتی ئیعتیادی نیە، موعامەلاتی ئیعتیادی رۆژانەیە تەوقیعی ئەوراقێکە و ...... .

بەنیسبەت ریئاسەتی مەکتەبی سکرتاریەت لە مەکتەبی سکرتاریەت چارەسەر کرایە لەوێ دەڵێین (ويرأس الاجتماعات)ی مەکتەبی سکرتاریەت، (ويرأس) یەعنی حازر دەبێ، ئەگەر حازر بوو بە ریئاسەتی ئەو دەبێ، ئەگەر حازر نەبوو بە ریئاسەتی مەکتەبی سکرتاریەت دەکرێت با فەرز نەکەین هەموو کاتێ، لەوانەیە لەوێ نیە، خۆ ئەگەر حازر بێ لەوێ حازر دەبێت بە ریئاسەتی وی دەبێت، ئەگەر حازریش نەبوو بە سکرتێر کۆبوونەوەکە دەکرێت لە مەکتەبی سکرتاریەت ئەوەمان زیکر کردووە، دەڵێین (ويحضر رئيس الاتحاد اجتماعات مكتب السكرتارية يكون برئاسته عند حضوره) ئەوەمان زیکر کردووە و چارەسەریش کراوە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

لە دواییدا من پێشنیارێکم هەیە بۆ پاش و پێش خستن، چونکە پێشنیار زۆرە بۆ پاش و پێش خستن، بەڵێ بەڵێ تەصویتی لەسەر کراوە، دەتوانین صەلاحیات بدەین بە لیژنەی صیاغە، ماددەکە خۆی ناگۆڕێت، کەواتە ماددەی نۆیەم جارێکی تر بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: يتولى رئيس الإتحاد الصلاحيات التالية:

أ ـ تمثيل الاتحاد لدى الجهات القضائية والإدارية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالاتحاد وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتئيه من أعضاء المجلس.

ب ـ رئاسة إجتماعات الهيئة العامة والمجلس التنفيذي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی نۆیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی نۆیەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دەیەم.

المادة العاشرة: إذا شغر منصب رئيس الإتحاد يتم إنتخاب رئيس آخر وبنفس الطريقة الواردة في هذا القانون إذا كانت المدة المتبقية للمؤتمر العام أكثر من ستة أشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەش مانگ زیاتر ئەوە دیارە، بەڵام گەر شەش مانگ کەمتر بێت، دەبێت نەصێکی وازیح بێت (نائب رئيس) لە جێگای رەئیس بێتن، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش وەڵامی بدەرەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی تحصيل حاصل (رئيس ونائب رئيس) ئەگەر هەبێت، یەعنی ئەگەر رەئیس شاغیر بوو جێگری رەئیس نایەتە جێگای رەئیس ئیعتیادیەن، یەعنی پێویستە نەصەک بنووسین بڵێین ئەگەر رەئیس نەبوو جێگری رەئیس دەچێتە جێگای، جێگری رەئیس مانای وایە (يرأس الاجتماعات في حالة عدم وجود رئيس)، ئەگەر رەئیس مەوجود بوو جێگری رەئیس هیچ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دەیەم دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دەیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز

بکەنەوە، ماددەی دەیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی یازدەمین.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

مهام وصلاحيات المؤتمر

١ ـ دراسة ومناقشة قانون صندوق الضمان وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة الخاصين بالاتحاد وإقراره.

٢ ـ دراسة ومناقشة قانون الاتحاد وتقديم المقترحات اللازمة لتعديله.

٣ ـ دراسة ومناقشة النظام الداخلي للاتحاد وإقراره.

٤ ـ دراسة وتنظيم واجبات ومهام لجان المؤتمر العام وإقرار التقريرين الإداري والمالي.

٥ ـ دراسة ومناقشة الموازنة السنوية العامة والحسابات الختامية للاتحاد وإقرارها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە برگە چوار تەنیا بەشەکی بێتە خواندن (دراسە وتنظيم واجبات ومهام لجان) هەتا ویندەرێ بێتن (إقرار التقريرين الإداري والمالي) حەزف بکرێت و، لە برگەی پێنج (دراسة ومناقشة التقرير الإداري والمالي والحسابات الختامية للاتحاد وإقرارها بأكثرية الاصوات) و (الموازنة السنوية) حەزف بکرێت رایی ئێمە ئەوەیە ئیعدادا بێتە کرن لە قیبەلێ مەکتەبی سکرتاریە و تەصدیقاتی یا سالانە بێتە کرن ل قیبەلی (مجلس التنفيذي) لە ناحیەی عەمەلی، چونکە سالانەیە میزانیە زۆر چێترە موئتەمەر هەر دوو ساڵ جارێکە و، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت و سەیری بکەین لێرە بە عینوانێکی رەئیسی هاتووە (مهام وصلاحيات المؤتمر) سەیری بکەین لە ماددەی حەوت (صلاحيات المؤتمر) لەوێش هاتووە، چونکە مانای (الهيئة العامة) یەک مانا دەدات، وابزانم باشترە بۆ ناحیەی صیاغە و بۆ ئەندامانی لیژنە ئەو عینوانی سەرەکی

نەمێنێت، وابزانم باشترە ( تقوم الهيئة العامة اضافة الى ذلك بالمهام التالية) زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خالا چارێ موئتەمەر ئان هیئە عامە تشکیلا لیژانا دکەت، تشکیلا لیژانا و کۆنگرە تەصویتا، یەعنی ئەڤ لیژنەیە دێنە تەشکیل کرن و هەمی تەصویت و ئیقرار بێتە کرنێ فشبەر هەندێ پێویستە(تشکیل لجان المؤتمر وتنظيم واجباتها ومهامها) چونکە بێتە ئیقرار هەمی ئیقرارە تەصویتە لیژنەی دارایی و لیژنەی تەقریر و لیژنەی نیزام داخیلی چ لیژنە تەشکیل کرن ئەڤە هەمووی تەصویتە و ئیقرار دێتە کرنێ لە موئتەمەردا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ماددەکە زۆر چاک هاتووە، بەس نازانم عورفی مەنتیقی وا دەزانن ئێمە سندووقمان زۆرە، سندوقێکی لە بیر چووە، (صندوق الوفيات)مان هەیە هی ئەو مامۆستایانەی کە ئەمری خوا دەکەن، ئێمە پارەیەکیان بۆ خر دەکەینەوە، هەر یەکێک کە ئەمری خوا دەکات (٣٠٠٠) دیناری لەو سندووقە دەدرێتێ و، وەختی خۆشی جەنابت کە لە ئەنجومەنی وەزیران بووی، جا ئەو سندووقە باس نەکراوە، ئەگەر باس بکرێت بە ئیعتیبارێکی باشە، چونکە پارەی بۆ کۆ دەکرێتەوە، (صندوق الوفيات) هەر ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت تەواو، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش وەڵامیان بدەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت مەوزوعی ئەو سندووقی وەفات مومکینە مانیع نیە ئیزافە بکرێت، ئەوەی بەڕێز کاک شێخ عەفان فەرمووی.

بەنیسبەت ئەوەی کاک حاکم سەفەر فەرمووی کە بڵێین موئتەمەر مانای ئەوەی مەندوبینە مانای ئەوەیە هیئە عامەیە، کە باسی وشەی موئتەمەر هاتە گۆڕێ یەعنی هیئە عامە، ئەوجا موئتەمەرەکە لە رێگای مەندوبینە، صەلاحیاتی موئتەمەر لێرە دوو ساڵ کۆ دەبێتەوە، ئەو دوو

شتەی رەئیسی ئیتیحادی مەکتەبی سکرتاریەت، مانای ئەوە نیە ئیشی تریش ناکات و حەسر کرایە لێرە، جگە لەوانە ئەو ئیشانەش دەکات، یەک لەوانە موناقشەی ئەو یاسایانە دەکات و، ئەوەی کاک د. رزگار فەرمووی راستە لیژنەکان ئینتیخاب دەکرێن، بەس چی تێدایە چۆن دیراسەت دەکرێت و چەند لیژنە دروست بکرێت، لیژنەی چ دروست بکرێت، فلان لیژنە تۆ ئەوە بکە، ئەوە شتێکی زۆر تەبیعیە، هەر دوو تەقریریش عادەتەن تەقریری ئیداری و دارایی، مەکتەبی مەجلیسی تەنفیزی هەموو ساڵێ دەبێ تەقدیمی موئتەمەری بکات، بۆ هەر موئتەمەرێک و دەبێت موناقشە بکرێت بۆ ئەوەی ئیقرار بکرێت، ئەگەر ئیقرار نەکرێت مانای ئەوەیە سلبیاتێکی لێ پەیدا دەبێت، دەبێت لیژنەی تەحقیق تەشکیل بکرێت، ئەگەر خەلەلێکی دارایی هەبێت، بەس بەڕاستی ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی باش تێنەگەیشتم نەمزانی بۆ لەوانەیە خەتای من بێت نەک خەتای ئەو کە من تێنەگەیشتوومە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کاک جەمیل گوتی موازەنەی ساڵانە بۆ ساڵێکە ئەوە مەعلومە، حیساباتی خیتامیش هەر ساڵێکە باشە ئەوە بکرێت بە واجیباتی تەنفیزی باشتر نیە، یەعنی خاڵی چوارەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەقریری ئیداری و دارایی هەبێت لە موئتەمەردا، بەس موناقشەی موازەنەی ساڵانە و حیساباتی خیتامی واجبی تەدریسی نیە، چونکە ئێستا دوو ساڵە تێکەڵ دەبێ دوایێ لەگەڵ موئتەمەر، جا بۆ ئەو رایە چیتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نیە، وەک لیژنەی یاسایی لاریمان نیە (مجلس تنفیذي) بچێتە هەر جێگایەک لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ویستت قسە بکەی.

**بەڕێز وریا احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە لاریمان نیە و لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەین بەبێ برگەی پێنج.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێخ عەفان ئێستا سندوقی وەفیات فەرمانبەری تایبەتی خۆی هەیە، بەس عادەتەن وەفیاتیش دەمێنێتەوە بۆ زەمان، لە پەرلەمان یەک پێناسە هەیە بۆ یاسا، یاسایەکە غەڵەتە نیزامی بۆ دانێین، بەڕێز شێخ عەفان بۆمان باس ناکەی لە کوێوە هاتووە ئەم یاسایە.

**بەڕێز عـــفـــان عـــشـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەنیسبەت (قانونی ضمان) قانونێکی کۆن هەبوو ئێمە ئێستاش لامانە، چۆن وەکو ئەو قانونانەی عێراق گۆڕاوە و لەسەری ڕۆیشتوون، ئێمەش لەسەر ئەو قانونە ڕۆیشتووین دوو سێ جاری تریش هەوڵمان داوە تەعدیل بکرێت، تەعدیلاتمان لەسەر کردووە، یەعنی پارەکە هەمووی دەدرا بە نەخۆشی کە بە سلفە ئێستا زیادی کردووە، جا قانونەکە وەک قانون هەمانە بەناوی قانونی سندوقی زەمان، جا نەمزانی ئەوە بێنم بۆ برادەرانی یاسایی، جا بەیانی دێنم ، ئەگەر ئەو قانونە هەبێت یان نیزامێکمان نەبێت، ناتوانرێت لە قائیمەی مووچە ئەو پارانە بچێت بۆیان.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

قەیدی ناکات، ئێستا (قانون صندوق الضمان) ئەوە قانونێکی پێ هەیە، (صندوق الوفیات) قانونی پێ نییە (صندوق الأمراض المستعصیة) قانونی پێ نییە، ئەوانە بەنیزامێکی خۆتان یان بە بڕیارێکی خۆتان بێت، قانونیش بەس لە پەرلەمان ئیقرار دەکرێت لە هیچ شوێنی تر ناکرێت، ئەوە موناقشەی بکەن و پێشنیاری تەعدیلاتی بکەن، ئەوانە هیچ موشکیلە نیە، جا ئەگەر تەعقیب بەو شێوەیە بێت ئێستا ئیتیفاق بکەن بە یەکەوە پێشنیار بکەن بۆ ئەوان، ئێوە دەتوانن ئەو قانونە هەبێت بەس دەتوانن پێشنیاری تەعدیلات بکەن، ناتوانن ئیقراری بکەن، ئەوە شتێکە برایەوە، دوانەکەی تریش قانونی پێ نیە، هەمووی تێکەڵ بووە، دوانەکەی تریش بە پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەکەین بە برگەیەک ناوی لێ دەنێین نیزام (نظام صندوق الوفیات وصندوق الامراض المستعصیة والخطرة الخاصة بالاتحاد وإقراره) ئەوەیان یەک، ئەوی تریان (دراسة ومناقشة صندوق الضمان الخاص بالاتحاد وإقرار المقترحات الخاصة لتعدیله)، یەعنی تەئجیلی بکەین بۆ سبەینێ، ئەوەتان لەلا بێت.

بەڕێزان بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە زیاتر بیری لێ بکرێتەوە و صیاغەیەکی گونجاوی بۆ دابنرێت کۆتایی دێنین بە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان سبەینێ کاتژمێر (١٠) کۆ دەبینەوە.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

دوو شەممە ڕێکەوتی ١٥/٤/٢٠٠٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٥/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە هەشت)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە هەشت)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٥/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پێشنیار کراوە.***

***٢- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان) کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی یەکەمی ساڵی (١١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، خاڵی دووەمیشمان خستنەڕوو وگفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ ی یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستانە. ئەویش ئەگەر زوو تەواو بووین لە یاسای یەکێتی مامۆستایان ،خاڵی دووەمیش دەست پێ دەکەین دەنا مەجبور دەبین دوای بخەین، لە دانیشتنی ژمارە حەفت گەیشتینە ماددەی (١١)ە ئەم ماددەیەمان دواخست تا ئەمڕۆ تاوەکو هەردوو لیژنەی یاسایی و مامۆستایانی پەروەردەو خوێندنی باڵا بگەن بە سیغەیەک لەسەر خاڵی یەکەمیان، وەکو ئەوەی

بزانین گەیشتونەتە سیغەیەکی گونجاو بۆیە تکا دەکەم لەو بەڕێزانەی دوێنێ لەسەر مەنەسەکە بوون بفەرمونەوە سەر مەنەسەکە جارێکی تر، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی گەیشتنە سەر نەتیجەیەک لەسەر خاڵی یەکەم؟ جەنابت فەرموو رونی بکەوە.

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی برادەرانی یەکێتی مامۆستایان سندوقی زەمانیان ئیبراز کرد دەرکەوت کەوا ئەمە بە قانون نییە، قانونی زەمان نییە تەنیا نەقابەی مەرکەزی کاتی خۆی بۆ تەنفیزی بڕیاری کۆنگرە سندوقێکی داناوە بۆ یارمەتی مامۆستایان ئەوە لەسەر ئەو ئەساسە بۆیە ئێمەش گەیشتینە ئەو سیغەیەی کە هەمووی بە سندوق بڕوێنین (١ـ دراسة ومناقشة صندوق الضمان وصندوق الوفيات وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة الخاصين بالاتحاد وإقراره.) لەگەڵ برادەرانی مامۆستایان، ئێمە گەیشتینە ئەو سیغەیە بەو نەوعە بڕوات وراش رای بەڕێزتانە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەسەر وشەی(ضمان) تێبینیم هەیە، (ضمان) شتێکی زۆر گەورەیە ئیلتزاماتێکی دارایی زۆری دەوێ پێناسەش نەکراوە لە یاساکە بەحەقیقەت، پێشنیارێکم هەیە بکرێت بە سندوقی موساعەدات، مانای کە دەڵێی (زەمان) زەمانی چی دەکەی زەمانی چیان دەکەی، زەمانی ئەملاک دەکەی، مومتەلەکات دەکەی، مانای وا بە موتڵەقی هاتووە پێناسەش نەکراوە لە یاساکەدا مادام موساعەداتە بکرێت بە سندوقی موساعەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ عەفان وەڵامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی سندوقی زەمان مێژویەکی هەیەو لەگەڵ دروست بوونی یەکێتی مامۆستایان ولە ساڵی ١٩٧٢ بەرەسمی لە نەقابەی مەرکەزی ئێمە ئیش و کارمان کە دەست پێکردووە لە نەقابە، ناوی سندوقی زەمان بووە ئەو سندوقەش بریتییە لە خزمەتی مامۆستا لە ناحیەی دروستکردنی بینا و ژن هێنان و مردن و تەقاعد بوون و نەخۆشی. لە هەموو ئەمانە سولەف و منحە هەیە. ئینجا ئەم

حسـاباته بەشێکی منحەیە دەڕوات بەشێکیشی سلفەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەمـان سندوقەکە ئەو سندوقەش قـابلی دەست کـاری نییـە لەبەر ئەوە ناوی لێنراوە زەمـان تەنهـا بۆ ئەم کـارانە نەبێت بەهیچ جۆرێک ناتوانرێ یەک دیناری لێ دەربهێنرێت، لەبەر ئەوە ناومـان لێ ناوە زەمـان نەک لەبەر موساعەدات بە ئیجتیهادی من یان بە ئیجتیهادی یەکێکی تر پارەی لێ دەربێت تەنها ئەگەر یەکەک بێت موستەمسەکات بێنێت کەوا خانوو دەکات پارەی بدرێتێ یان یەکێک نەخۆش بێت تەقریری پزیشکی بێنێت ئینجا لەو پارەیەی دەدرێتێ بە چەک مانای قسەکردنیشی بە چەکە بە چەک لەگەڵ سندوق قسان دەکەین نەک بە پارە، ئینجا ئەگەر بوو بە سندوقی موساعەدات ئەو کاتە بە ئیجتیهادی منە کـابرا ئەگەر نەخۆشی هەبێ رەنگە من شتێکی بدەمێ بەڵام لێرە بۆم ناکرێت تەنها موستەمسەکاتی رەسمی نەبێت ناتوانم یەک فلسی بدەمێ بابەتەکە ئەوەیە.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

مـانای عـەمـەلیـەن هەیە ئێستـا ئەم سندوقـە؟ یەکێـتی مـامۆستـایان ئەمـەی هەیە و هیچ ئیشکالیشتان نییە لە جێبەجێ کردنیا؟.

**بەڕێز عـفـان عـثـمـان نقـشـبندی:**

بەڵێ ئێستـا ئەم عەمەلیە هەیەو هیچ ئیشکالیشمان نییە، هەندێ نمونەشم لایە گەر حەز بکەن باسی دەکەم.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئەگەر رونی کەیەوە خراپ نییە.

**بەڕێز عـفـان عـثـمـان نقـشـبندی:**

تەبیعی تاکو ئێستـا لە بدایەتی گەڕانەوەی ئێمـە بۆ شـاری هەولێر چوار ملیۆن دینار دراوە بە سـولەف و منەح و وەفـیـات و نەخـۆشی گـران، (٢٩٥٠٠٠٠)ی منحـەیە و رۆیشـتـووە (١٠٥٠٠٠٠)ی سولەفـە تەدویر دەبێـتەوە لەو سێ سندوقـە، سندوقی وەفـیـات زەخمی زۆری لەسەرە لەوانەی عادەتەن عەجزی هەیە سندوقی زەمان ئێستاش تەقریبەن وەزعەکەی باشە روبعی ئەو پارەیە بەڵام ئەو پارەیە قـابلی هیچ نەوعـە دەستکاریەک نییـە، ئەوانەی کە دراوە تائێستـا ٦٢٠٠ مامۆستا بۆ بەشێک لەم سندوقی زەمانە سودی وەرگرتووە وەکو بینا دروست کردن و بینا کڕین و دانانی کتێب و نەخۆشی، ١٢٠٠ مـامۆسـتـاش سودی وەرگرتووە لە منحـەکانی تر وەکو ئەمرازی موستەعسیە وەکو موعالەجەی دورودرێژ بۆ نمونە ئەوەی کە دەفتەرێکی هەیە دەفتـەری نەخـۆشی دورودرێژ ئەوە (٣٠٠) دینـاری بە منحـە ئەدرێتێ، تەبیـعی ئەمـە هەمـووی لەگـەڵ موستەمسەکاتی رەسمی دەدرێتێ و تا ئێستـا ئەم پارەیە لە سندوقە و دیوانی رەقابەی دارایی و پێش دیوانی رەقـابەی داراییش وەزارەتی دارایی کـارمـەندانی تەدقـیقی نـاردووە هەمـوو سـاڵێک تەدقیقی سجلاتیان کردووە بەڵام ئاخیر زانیاری ئەمەیە کە ئەم ژمارەیەی کە ئێستـا وەرم گرتووە

تەفاسیلی تریشم لایە کە ئەمڕۆ کە بۆ بەڕێزان و جەنابتانی باس دەکەم، شتی تریش هەبێت تەوزیح بێت لە بارەی ئەو پارەیەوە ئەتوانین مەعلوماتمان هێناوە باسی بکەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئێستا ئێمە لە یاساکە بە موتلەقی ناوی دێنین، سندوقی زەمان، ئەو سندوقە تەبعەن کە سندوقی زەمان هەبوو لە حوکمی قانونەکەی کاتی بەستنی کۆنگرەو شتی وا کە کۆنگرە دێت تەفاسیلی لەو سندوقەیە کۆنگرە تەفاسیلەکان دادەنێت، لەوانەیە لیژنەی تایبەتی لە کۆنگرە بڕیار دەدرێ ناوی لێ بنێ لیژنەی زەمان ، لیژنەی فلان هەتادوایی، ئەم لیژنانە دروست دەکرێن لە نەقابە، ئەو لیژنانەش سەرپەرشتی سندوق دەکەن و حساباتی ئەو سندوقە دەداتە سکرتاریەت مانگانە یان سێ مانگ جارێک حەسەب ئیتفاقیەی کە لەگەڵ مەکتەبی سکرتاریەت دەیکات، لەبەر ئەوە بابەتەکە هیچ ئیشکال دروست ناکات مادام ئێمە لە قانون ناوی لێ دەنێین سندوقی زەمان واتە مانای ئەوەیە ئەم سندوقە تایبەتە بەخۆیان خازیعە بۆ بڕیاری کۆنگرەی تایبەتی خۆیان بەچ شێوەیەک ئەم سندوقە موعالەجە دەکەن چۆن سەرفیاتی لەسەر دەکرێت و بەچ سیغەیەک دەدەنە چ موساعەداتێک؟ ئەو زەمانە شمولی دەکات ئەوە مەتروکە لە نەقابەی مەرکەزیش کاتی خۆی هەر بەم شکلە هاتووە، وەختی خۆی هاتووە تەنها سندوقی زەمان یان لیژنەی زەمان بەو ناوە لە قانونەکەی وان هاتووە شەرحی نەکردووە کە چ دەکەن چ ناکەن پارەکانی کە دەبرێن لە ژێر چاودێری لیژنەکەیە، هەروەها لە ژێر چاودێری مەکتەبی سکرتاریەت سەرف دەکرێت بەرەئی سەرۆکی مەکتەبی سکرتاریەت بڕیار دەدرێت ئەو شتانە سەرف بکرێت، بەرای ئێمە بەو سیغەیەی کە هاتووە بڕوات چ گرفت دروست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی هیچ تەعقیبتان هەیە؟.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە کاک سەعید تا بیخەینە دەنگ دانەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبی:**

## مهام وصلاحيات المؤتمر

**المادة الحادية عشرة:**

١ـ دراسة ومناقشة صندوق الضمان وصندوق الوفيات وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة الخاصين بالاتحاد وإقراره.

٢ـ دراسة ومناقشة قانون الاتحاد وتقديم المقترحات اللازمة لتعديله.

٣ـ دراسة ومناقشة النظام الداخلي للاتحاد وإقراره.

٤ـ دراسة وتنظيم واجبات ومهام لجان المؤتمر العام وإقرار التقريرين الإداري والمالي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەی (١١)ە بوو بە تەعدیلاتەوە، ئەیخەینە دەنگ دان تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی (١١)ە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکات بەزۆرینەی دەنگ ماددەی (١١)ە وەرگیرا، ماددەی (١٢)ە تکایە.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبی:**

## تشكيلات المجلس التنفيذي ومهامه

**المادة الثانية عشرة:**

أـ يتكون المجلس التنفيذي من:

١ـ رئيس الاتحاد.

٢ـ أعضاء مكتب السكرتارية.

٣ـ رؤساء فروع المحافظات.

ب ـ يمارس المجلس الصلاحيات والمهام التالية:

١ـ متابعة أعمال مكتب السكرتارية وهيئات الفروع.

٢ـ متابعة تنفيذ توصيات ومقررات المؤتمر.

٣ـ إقرار الموازنة السنوية والحسابات الختامية.

٤ـ منح شرف العضوية للشخصيات التربوية والفكرية.

٥ـ دراسة ومناقشة النظام الداخلي وتقديم المقترحات الضرورية لتعديله.

جـ ـ يعقد المجلس التنفيذي إجتماعاته الدورية مرة واحدة كل ثلاثة أشهر لإدارة شؤون الاتحاد وله عقد إجتماعات استثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تەعقیبێکتان هەیە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی دارایی هەر خاڵی سێیەم بوو(٣- إقرار الموازنة السنوية والحسابات الختامية.) بەڵام دەمێنێ (التقرير الاداري والمالي) ئەگەر فەقەرەی شەشەم لێ ئیلغا بکرێت بیێت بە (إعداد التقرير الاداري والمالي وتقديمها الى المؤتمر العام) چونکە لە کۆنگرەی گشتی هاتووە دەسەڵاتەکەی (مناقشة وإقرار التقرير الاداري والمالي) کێ ئیعداد دەکاتن ئەوە مجلسی تەنفیزی هەبێ باشترە یانیش ئەگەر لیژنەی یاسا بڵێن هەر پێویست ناکات ئەوە شتێکی رۆتینییە ئەویش مانعمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی ئەوەتان هەیە لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو تەغیراتانە لەسەر ئەو ئەساسە کرا کە لە ماددەی (١١) هاتبوو (دراسة و مناقشة الموازنة السنوية) بەئیعتبار موازەنەی ساڵانە عائیدی مەجلیس تەنفیزیە لێرە بڕیارەکە دراوە ئیعدادیش موازەنەی ساڵانە درا بە مەکتەبی سکرتاریەت، ئیعدادی بکاو حازری بکاو تەقدیمی مەکتەبی تەنفیزی بکا بۆ بڕیاردان لەبەر ئەوەی ئیقراری ئەو پێی ناوێ ئیعداد بکات چونکە ئیقرارەکە بەڵام تەقریر نهائی کاتی خۆی لە مەجلس تەنفیزی تەقریرەکە کە بۆ کۆنگرە دێت تقریر نهائی تقریری دارایش لە زمنی موازەنەی لەزمنی دارایش تەقریر تەقدیم دەکات، لەبەر ئەوەی کافیە (إقرار الموازنة السنوية والحسابات الختامية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستیان تەقریری ئیداری و مالییە؟ چونکە ئیمکانیەتی هەیە مەسەلەن ئەو دەسەڵاتە بە سکرتاریەت بدرێ بە تەنفیزی بدرێت بە سەرۆکی نەقابە، لەبەر ئەوە لە شوێنێک تەوزیح بکرێت لەوانەیە خراپ نەبێت. هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی (١١)؟ کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیری بڕگە چوار بکەین (منح شرف العضوية للشخصيات التربوية والفكرية.) بەینەما لە شروطی عضویەت لێرە کە هاتووە (الفكرية) تێدا نییە موعەلمین و مودەرسین، شوهەدا (الحركة التحررية)، مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلولی تەحەڕوڕی موتەقاعید. کەسایەتی فکری لە قودسیەتی فەخریان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم جێگری سەرۆک هاتووە بەڵام لە کۆنگرەی سێی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ناو وەکو رەسمی و قانون یەکێتی دوو جێگری هەبوو، جێگری یەکەمی ئێمە جێگرە لە نەقابەی مامۆستایانی مەرکەزی ئێستا ئەمە بە دوو شێوە دێ ئەگەر شێوەیەکی نەقابیەو میهەنییە دەبێ بە نەوعێک تەعامولی لەگەڵ بکرێت، ئەگەر رێکخراوێکی کوردستانیەو وەکو رێکخراوێکی سیاسیە شتی تر دێنێ، وەکو ئەگەر رێکخراوە موراقەبەی تەفتیش دەبێت ئەگەر نەقابەیە دەبێ لێژنەی ئینزبات هەبێت. یەکێتی مامۆستایانی کوردستان تا ساڵانی حەفتا سیفەتە میهەنیەکەی نەتوانیوە مومارەسە بکات رێکخراوێکی کوردستانی شۆڕشی قەومی و رۆشنبیری بوو شان بەشانی حەرەکەی کوردی خەباتی کردووە تا رێکەوتنی (١١)ی ئازار لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمر لەگەڵ حکومەتی عێراق کە کرا لە خاڵی (١١)م رێکەوتنی رێکخراوەکان دەڵێ (وتكون المنظمات الكوردستانية عضواً في المنظمات العراقية المماثلة أو المشابهة لها) کەواتە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وەکو رێکخراوێکی تەواو نەک لقی هەولێر یان لقی سلیمانی وەکو رێکخراوێک دادەنرا بە ئەندامێک لە نەقابەی مامۆستایانی عێراقی، نەقابەی مامۆستایانی عێراقیش کە وەکو ئەندامە لە یەکێتی مامۆستایانی عەرەب نوێنەری یەکێتی مامۆستایان دەبوایە بەشدار بێت لەوانە کە جێگری یەکەمی یەکێتی جێگری یەکەمی نەقابەی عێراقی بووە، ئینجا ئەو شتانەی ئەو کاتە هەبووە ئەو قەرارە سیفەتی قانونی بەخۆیەوە بینیوە چونکە سەرۆکی جمهوری کە بڕیاری شتێکی دا راستە ئەو یاسایە نە رەفز بوو نە ئیشیشی پێ نەکرابێت ئەو قانونە ماوە تاکو ئێستاش، رێکخراوی کوردستانی بەم شێوەیە لەگەڵ نەقابات و زەمانی هەموو شتێکی هەیە مەوجودە. جا لەبەر ئەوەی ئێستا دەبی ئەگەر بابەتی دوو جێگر موقەرەر بووە لە کۆنگرەی سێ و چوار و پێج و شەش لە کۆنگرەی دوو موراقەبەو تەفتیش دەبێ هەبێت دەنا لێژنەی ئینزبات نابێت هەبێت دەبێ موراقەبەو تەفتیشی وەکو رێکخراوێکی کوردستانی هەبێت ئێستا موراقەبەو تەفتیشیشی نییە لێژنەی ئینزباتیشی نییە نازانم ئەگەر برادەرانی قانونی تەعامول بکەن بڵێن ئەوە ئیجبارییە باشە خۆ نەقابەی دەرمانسازی ناهێڵێت دەرمان خانە بکاتەوە ئەگەر ئینتمای نەقابە نەکات. بۆ لێژنەی ئینزبات لەوێ هەیە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سـعـید مـحـمـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من دەبینم کە ئەرکەکانی ئەنجومەن چەند ئەرکێک لێی کەمە یەعنی پێویستە زیاد بکرێن کە تەماشای مەکتەبی سکرتاریەتیشم کرد ئەرکەکانی ئەوانە هەر دیار نەبون، ئینجا دەبێ یان ئیزافەی ئێرە بکرێت هەندێکیان یان ئیزافەی ئەرکەکانی مەکتەبی سکرتاریەت ئەویش بۆ نمونە قبوڵی پەیوەندی ئەندامان چی قبوڵ دەکات یەعنی مەجلس تەنفیزی قبوڵ دەکات یان مەکتەبی سکرتاریەت پێم وایە ئەنجومەنی تەنفیزی عادەتەن بەم ئیشانە هەڵ دەستێت ئەوە ئیعتیادیە، دووەم ئەگەر بۆ نمونە هاتوو لقێک زیاد بکرێت قەزایەکی نوێ دروست ببێتن کێ لیژنەی قەزا دروست دەکاتن کێ سەلاحیاتی هەیە یان پارێزگایەک دروست ببێت ئەوەش ئەبێ پسپۆڕیەکەی لە ئەنجومەن بێت، ئەوی تر ئەگەر لیژنەی کاتی کێ لیژنەی کاتی دروست دەکات بۆ هەر ئیش و کارێکی نەقابە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز إدریس هادی صـالـح:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەنیسبەت خاڵی چوارەم (٤ـ منح شرف العضوية للشخصيات التربوية والفكرية.) لە بەشی دووەم هاتبوو ئەوەی کە ئەندام بێت دەبێ مومارەسەی کارەکە بکات لێرە مادام ئەو شەرەفی ئەندامیەتی پێ بدەن دەبێ ئەندامی فەخری بێت نەک ئەندام بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم شروتەی پێشوو ناکۆک نەبێ وەکو ئەندامی فەخرین جا نازانم ئەوان مەبەستیان ئەوەیە یان هەر وەکو ئەندامێکە کە لە پێشدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

وەڵامی لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کاک ئەمین فەرمووی هەمان بڕگەیە لەگەڵ هی بەڕێز کاک ئیدریس، ئەوانی تر فەرمووی لە بڕگەکانی تر نەهاتووە نوسراوە (التدريسين والمعلمين) نازانم هەتا دوایی ئەو ناوانە هاتووە ئەوە نەهاتووە ئەوان بە حوکمی قانون ئەندامی فەخرین لە یەکێتی مامۆستایان ئەوە دەسەڵاتێکی تایبەتییە درایتە ئەنجومەنی تەنفیزی ئەگەر یەکێک لە زمنی ئەوانە نەبوو ئەوەی کە زکر کراینە ئەوە حەقی هەبێت کابرا کەسایەتیەکی تەربەویە یان کەسایەتیەکی فکریە نە لە

تەدریسیە نە هی شۆرشی ئەیلولە نە حەرەکەی کوردییە، ئەوانە هیچیان نییە و کەسایەتیەکی تەربەوییە ئیمکان هەیە ئەو کەسە کیانێکی بدرێتێ، کە دەشلێن شەرەفی ئەندامی دەبێ برادەران تێ بگەن شەرەفی ئەندامی مانای فەخری وتەی (شرف العضوية) مانای فەخری یە ئەگەر نا یەکێک ئەندام بێت ئەوە ئەندامە پێی ناوێت. دەربارەی لیژنەی ئینزبات برادەران تەتەروقی لیژنەی ئینزباتیان کرد ئەوەی ئەندام بێت لە یەکێتی مامۆستایان هەمووی فەرمانبەرە. هەموو نەقابەکانی تر پێویستە غیری فەرمانبەری تێدابێت نەقابەی پزیشکان دەبێ دکتۆر فەرمانبەر بێت لە نەخۆشخانەو دەبێ دکتۆر بێت لە دەرەوە بەبێ ئەوەی لە دائیرە بێت موهەندیس هەمان شت، دەرمانسازی هەمان شت، کە جەنابی مامۆستا مەلا هادی فەرمووی صەیدەلی ناتوانێ دەرمانخانە بکاتەوە گەر لە نەقابە نەبێ بەلام شەرت نییە فەرمانبەر بێت، فەرمانبەریش نەبێت دەتوانێ دەرمانخانە بکاتەوە لە دائیرە فەرمانبەر نییە بەلام لە نەقابەی بەئعتبار شهادەکەی ئیبراز دەکاو ئەندامەتی وەردەگرێت و دەچێ دەیکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە نەقاباتی تر پێویستە لێرە پێویست نییە چونکە ئەگەر ئیجرائەک لە دائیرەکەی بەرامبەر ئەو مامۆستایە وەرگیرا خوانەخواستە فەسلیان کرد بۆ خۆی ئیعتیادی لە نەقابە فەسڵ دەکرێت، لە دائیرەی کە نەما بۆ خۆشی لە نەقابەی نامێنێت چونکە پەیوەندیەکەی بەنیسبەت نەقابەی ئیجبارییە. بەنیسبەت قبولی پەیوەندی نییە ئەوانەی ئەو شروتانەیان تێدا متەوەفرە بە حوکمی قانون ئەندامن پێویست بە بڕیار ناکات ئەنجومەنی تەنفیزی بلێت بڕیارماندا فلان کەسمان کرد بە ئەندام لە قابە نەخێر ئەوەی مامۆستا بێت ئەندامە ئەوەی تەدریسی بێت ئەندامە ..هتد. مانای بە بێ بڕیاری ئەنجومەنی تەنفیزی لەبەر ئەوەی پێویست بە قبولی پەیوەندی ناکات بە حوکمی قانون ئەوان ئەندامن شەرتی تەعینی فەقد کرد شەرتی ئەندامی فەقد دەکات ئیعتیادیەن ئەندامیەتی نامێنێت پێویست بە بڕیار ناکات مادام فەرمانبەر نییە پێویستی بە قبولی پەیوەندی ناکات، بەنیسبەت لیژنەی قەزا ئەگەر قەزایەک دروست کرا یان جێگایەک دروست کرا تەبعەن هەر قەزایەک ئەگەر زیاد ببێت بە تەئکید سنوری ئیداری بۆ دادەنێرێت لە زمنی ئەو سنورە ئیداریە مەعلومە بە گوێرەی ئێستا سیغەکە دێینە سەری، نوێنەرانی کۆنگرە لەوێ دیاری کراون کە گەیشتینە سیغەکە دەزانین چەند کەسن و کێنە ئەوانەی نوێنەری ئەم سنورە ئیداریە دەکەن لەزمنی ئەو سنورە ئیداریەی ئەو نوێنەرانە ئیمکان هەیە لیژنەی قەزایان لێ دروست بکرێت، پارێزگاش هەمان شت پارێزگاش ئەگەر دروست کرا عیبارەتە لە چەند قەزاو ناحیەک ئەویش نوێنەرەکانیان مەعلومە بۆ کۆنگرە ئیمکان هەیە لە زمنی ئەو نوێنەرانەی کە لەوێ بوونە فەرعەکە دروست بکرێت، لیژنەی کاتیش شتێکی زۆر ئاساییە هەموو موئەسەسەیەک هەموو قیادەی ڕێکخراوێک حەقی هەیە لیژنە بۆ هەر کارێ تەقدیم بکات بۆ غەرەزی تەنفیزی کاروباری یەکێتی، مانای ئەگەر زکر بکرێت لە قانونەک یان زکر نەکرێت دەتوانن هەر ئەندامێ یان دوو ئەندام یان سێ ئەندام تەکلیف بکات بە ئیشێکی موعەیەن هەڵبستن و تەقدیم بکەن لەبەر ئەوەی پێویست ناکات بلێی ئەمە ئەنجومەنی تەنفیزی

حەقی تەشکیلی لیژنەی هەیە ئەگەر بگۆترێ و نەگۆترێ حەقی تەشکیلی لیژنەی هەیە لەبەر ئەوەی دەقەکەی خۆی زۆر ڕێک هاتووە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەگەر جەنابت بفەرمووی بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ابراهیم سعید جەنابت ویستت قسە بکەی.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر سبەینێ قانونێک دابڕێژین، قانون لەسەر ئەساسی فیدرالیش ئەو ڕاستییە کە ئێستا ئێمە باسی دەکەین وەکو لەگەڵ نەقاباتی عێراقی دەبێ دوو بارە گەڕانەوە لەو قانونانەی ئێمە بکرێتەوە جا بۆ ئێستا کاتی خۆی هەبووەو پێرەو کراوە شتەکەش زەرەری ئێمەی نییە هەتا لە ناحیەی قانونی فیدرالیش تەثبیت بکرێت بەهەمان شکل دەمێنێت مانای ئیستقلالیەتێکی زۆر ئەوەی هەیە لەوێ هەبێ و لێرە نەبێت، نازانم موهەندیسێک ئیشی دەدەنێ کە ئەندام نەبێت. ڕاستە لێرە ئیجبارییە تۆماتیکیەن مامۆستا ئەندامی نەقابەیە بەڵام لەوێندەریش ئەگەر ئینتما نەکات وەزیفەکەی نادەنێ موجەرەد موهەندیسەو تەعین بووە لەم گۆرەی من ئینتمای نەقابە ناکەم ئیشی دەدەنێ ئیشی نادەنێ ئەویش بەزۆرییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من وا تەسەور دەکەم لیژنەی قانونی یارمەتیمان بدات نەقابەیەکی وا گەورە یەکێتیەکی وا گەورە دەبێ لیژنەی ڕەقابەو تەفتیشی هەبێت، لیژنەیەک کە مورتەبیت بێت بە ئەنجومەنی تەنفیزی مادام لە کۆنگرە دامان نەنا ئەم مەسەلەیە زۆر گرینگە (٢٧) هەزار کەسن لێرانە لە لایەکەی تریش (٢٣) هەزار کەسن لەبەر ئەوە بەرای من لیژنەی تەفتیش و ڕەقابە زۆر گرینگە مەربوتیش بێت بە ئەنجومەنی تەنفیزی. خاڵی سێ بێت پێش سەرۆکایەتی فروعی پارێزگاکان هەروەها لە بڕگەی بائیش (مهام المجلس) ئەوەیە موتابەعەی کارەکانی لیژنەی ڕەقابە و تەفتیش بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عـــفـــان عـــشـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ڕونکردنەوەکەی لیژنەی یاسایی بەڕاستی زۆر چاک بوو بەڵام دەمەوێ تۆزێک ئیزافاتی بۆ بکەم بەنیسبەت ئەو ڕونکردنەوەی لیژنەی تەفتیش یان ئینزبات، ئێمە نەعوزوبیلا هیچ مامۆستاییێک عقوبە نادەین. نییە شتی وا ئێمە دیفاع کەرین لە مامۆستا ئێمە ئێستا پارێزەرێکمان هەیە دامان ناوە بۆ قـەزایای ئیش و کـاری مـامـۆسـتـایان پارە دەدەین بەو پارێزەرە هەر قـەزییـەیەک هەبێت پارێزەرەکـە کـاری بۆ دەکات، بەڵام بۆ چارەسـەر کـردن، یان ئاگـادار کـردنی مـامۆسـتـایەک ئەگـەر شـتـێکی سلبـیـاتی هەبوو لیژنە هەیە لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردە ئەندامی گـرینگی ئەو لیـژنەیە کـە عـەمـەلی بێت هی ئێمـەیە ئێـمـە ئەندامین لەم لیژنانە لەبەر ئەوە ئێمـە ئاگاداری ئیش وکاری مامۆستایانین بەڵام سزای مامۆستا بدەین حکومەت عقوبەی دەدات ئەگـەر مـوخـالەفـەیەکی کـرد، ئێـمـە بەهیچ جۆرێک وەک نەقـابە پێـمـان باش نیـیـە هیچ عـقـوبـەیەک بە مـامۆسـتـایان بدەین بەگشـتی، لە لایەنی تەفـتـیش و موراقـەبەوە تەبعەن تەفـتـیشی فـەرعـەکـان و کـەرتەکـان ئیـعـتـیـادی دەکـرێ لەهەر کـاتێ بمانەوێ لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دادەنرێت لە مـەکـتـەبی تەنفـیـزی ئەگـەر کـارێک بوو دەچێت سـەیری دەکـات و ئەگـەڕێتـەوە. بەنیـسـبـەت دیاری کـردنی کـەرتەکـان لە نیـزامـدا هاتووە هەمـوو لقـێک ئەبێ بەلایەنی کـەمـەوە (١٥٠٠) مـامـۆسـتـا کـەمـتـر نەبێت هەتا ئەگاتە حەدی (١٠٠٠٠) هەمـوو کەرتێکیش لە (٥٠٠) مامۆسـتا کـەمـتر نییە ئەمە تەحـدیدی کـەرت و لقـەکـانە، بەنیـسـبـەت مـامـۆسـتـایانی شـەرەفی ئەندامی هەتا ئێـمـە شـەرەفی ئەندامیـەتی مەکـتـەبی سکرتاریەتمان بە مـامـۆسـتـایەکی بەڕێز داوە کە جەنابی دکـتـۆر (د.ئیدریس)ە لە دەستەیەکی گشتی مامۆستایان داواکرا کە شەرەفی ئەندامیەتی بدرێتێ ئێستا فعلەن شەرەفی ئەندامیـەتی مەکـتـەبی سکرتاریەتیشی هەیە خۆی ئاگادارە لە مەوزوعەکە چونکە لە کاتێک دابوو ئەو مـــاندوبونی خـــۆی زائیـــدەن دەرس گـــوتنەوە لە زانکۆ لەبەر ئەوە ئەو کـــاتە ئەوەی پێ درا جەنـابیشی دکـتـۆریشـە، جا لەبەر ئەوە لیژنەی ئینزبات قـەت بەعامی مامۆستایان لەگەڵی نەبوون ئێـمـەش لەگـەڵی نین چونکە شـتـەکـە بەڕاستی زاهیـرەیەکی جوان نیـیـە تەحـقـیق هەیە بـەڵام ئێـمـە نوێنەرمـان هەیە لەوێ ئێستا ئێمە پارێزەرێکمان هەیە ئەم پارێزەرە دیفاع لە مامۆستا دەکات من تەحقـیـقی چی لەگەڵ بکەم بەڕاستی شتـەکە جوان نییە دەنا خۆ ئاسایییە بەڵام سیغـەیەکی جوان نییە بڵێـی وەڵڵا تەفـتیش یاخود ئینزبات لەسەر کێ لەسەر مامۆستا کە تۆش موتەعـەلق نیت بە مامۆستاوە، مامۆستا فەرمانبەرە لە دائیرەیەک لە وەزارەتێک لە حکومەتێک ئەوان چی لێ بکەن چێ لێ نەکەن ئێمە دیفاعی لێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـــلا هادی خـــضـــر كـــوێخــــا:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی پـەرلـەمـــــان.**

بەنیسبەت جەنابی كاك عەفان دەڵێت لیژنە لە وەزارەتی پەروەردە هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر ئیجرائاتەک بکرێت لە وەزارەت دەڵێن فەرمانبەرێک خەریجی دواناوەندییە یان خەریجی ناوەندییە موحاسەبەی مامۆستایەک بکات مودەریسەو خەریجی کولیەیە قەیدیناکا بەڵام لیژنەیەکی موراقەبەو تەفتیش کە کۆنگرە دایبنێت پێیان نەنگە کە هەبێت لەناو ئەم یەکێتی یە، هەبوو ئەگەر ئەمە ڕێکخراوێکی سیاسییە دەبێ موراقەبەو تەفتیشی هەبێت ئەگەر ڕێکخراوێکی میهەنییە وەکو ڕێکخراوەکانی تر دەبێ ئەوە هەبێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

چی هەبێت؟ ئەوە چییە؟.

**بەڕێز مـــلا هادی خـــضـــر كـــوێخــــا:**

لیژنە ئینزباتی هەبێت.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

فەرموو كاك جەمیل.

**بەڕێز جـــمـــیل عـــبـــدی سندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لیژنەی ناردووە بەڕێزان ئێستا پێشنیارێکیان کرد بۆ تەفتیش و موراقەبە لیژنەیەکی دروست بکەن، تەفتیش و موراقەبە هیچ لیژنەی پێویست ناکات بۆ خۆی لە ماددەی (١٦)ە لەم پرۆژەیەدا ئێمە نەیگەیشتینێ خۆی دەقەک هەیە دەڵێتن هەموو حسابات و ئیدارە خاضیعن بۆ ڕەقابەی قانونی و مالی، ڕەقابەی قانونی عامی هەرێمی کوردستان ئیشراف دەکات و ڕەقابەی دەکات و تەدقیقی دەکات لەبەر ئەوە هیچ پێویست بە لیژنەی موراقەبەو تەفیتش ناکات، بەڵام مەسەلەی لیژنەی ئینزباتی ئەوە ماددەیەکی ترە وەختێ ئێمە بێینە سەر ماددەی (١٣) بێینە سەر لیژانی مالی و ئیداری ئەتوانن لەسەر ئەو ماددەیە موناقەشەی بکەن ئایا لیژنەی ئینزباتی هەبێت یان نەبێت لە ماددەی داهاتوو نەک لەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کاک مەلا هادی فەرمووی ئەگەر موهەندیس لە نەقابەی ناوی تەسجیل نەبوو ئیشی پێ نادەن،

قەیدیناکا ئیشی پێ نادەن بەڵام ئەگەر فەرمانبەر نەبوو کێ موحاسەبەی دەکات ئەگەر خەلەلێکی هەبوو ئەگەر لە لیژنەی ئینزبات نەبێت، ئەگەر ئەو موهەندیسە خەلەلێکی هەبوو و هەڵسوکەوتێکی خراپی هەبوو هەڵەیەک لە هەڵەکانی کاری خۆی کرد کێ موحاسەبەی دەکات؟ ئەگەر لیژنەی ئینزباتی لە نەقابەکەی نەبێت چ جیهەتێک نییە موحاسەبەی بکات دەبێ یەکسەر بچێتە شورطە، کابرا بچێت ئیقامەی دەعوا لە شورطە بکات لەسەر کابرای لەوانەیە خەلەلێکی بچوک بێت پەیوەندی بە (عدم إلتزام) هەبێ بەمیهنەی وەکو پێویست ئەوە لیژنەی ئینزباتی هەیە، بەڵام مامۆستا ئەگەر (عدم إلتزام)ی بە کاری خۆی نەبێت بەڕێوبەرایەتی پەروەردە موحاسەبەی دەکات، لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە موحاسەبەی دەکەن، ئیدارەی قوتابخانە موحاسەبەی دەکات، موفەتیشی پەروەردەی کە دەچێت تەفتیشی دەکات موحاسەبەی دەکات، سەد رەقابەی لەسەر هەیە مامۆستای قوڕبەسەر هەتا دەگاتە لای وەزیری پەروەردە باشە لیژنەی ئینزباتی بۆ چییە مانای موفەتیش ، بەڕێوبەری قوتابخانە ، ئیداریەن بە پارێزگا مەربوتن بە سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەوانە هەموو رەقیبن لەسەر مامۆستا دەیەوێ لیژنەی ئینزباتیش هەبێت چی لێ دەکات لیژنەی ئینزبات، لیژنەی ئینزبات ناتوانێ شەرەفی ئەندامیەتی لێ بستێنێتەوە چونکە بە حوکمی قانون ئەوە ئەندامە و فەرمانبەرە لە دائیرەی ناتوانێ بلێت تۆ ئەندام نیت هەتا ئیرتباتی لە دائیرە قەتع نەبێت، بەحوکمی قانون ئەوهایە دەبێ ئیرتباتی قەتع بێت ئیرتباتیش زانراوە لە چەند حالەتێک قەتع دەبێت لە دائیرەکەی خۆی وەکو پێویستە، لەبەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەک لێرە زروفی ئەو نەقابەیەی وەکو ئەوانی تر نییە دوای مەسەلەی موراقەبەو تەفتیش ئیشێ چییە تەفتیشی چ دەکات ئەگەر بابەتی سجلاتی مالییە وەکو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی فەرمووی خازعی تەدقیقی حساباتی وەزارەتی داراییە، مەکتەبی سکرتاریەت حەقی تەفتیشی هەیە، ئەنجومەنی تەنفیزی حەقی تەفتیشی هەیە، سەرۆکی یەکێتی حەقی تەفتیشی هەیە، لیژنەکە کە دەچێت چ تەفتیش دەکات ئەگەر بابەت سجلاتە ئەوە سجلات خازعی رەقابەی داراییە مانای چ عەمەلیەتێک نەمایە موراقەبەو تەفتیش بکات تەنیا ئەگەر هەر بۆ ناو ناوێکی دابنێین لیژنەکی تەشکیل کەین بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیەش داوا بکەن موتەفەریغ بن لە وەزارەتی پەروەردە ئەوانیش ئیش و کار نەکەن بەناوی ئەوەی کە موتەفەرغن ئیش وکاریان هەیە ئەوانیش واجیب نەبین وەکو ئەوانی تر چەند کەسێک عەفو بکرێن بە تەفەروغ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کارمان ئەوە نییە لیژنەی رەقابەو تەفتیش بێنین ئێمە میهیمەمان ئەوە نییە بچین موراقەبەی

مامۆستا بکەین، ئێمە لیژنەی تەفتیش و ڕەقابە دائیمەن لە نەقابات و لە ئەحزاب کە تەشکیل دەبێت بۆ ئەوەیە کە موراقەبەی تەجاوزاتی هەیئاتی قیادی بکرێت، مانای ئەوە سکرتاریەتە ئەوە سەرۆکە ئەوە هەیئەی فەرعە تەجاوزێکی کردووە یان دەسکاریەکی بەحەقی ئەندامیەتی کردووە پەیوەندی نییە بۆ موراقەبەی ئەوە من لەگەڵ ئینزیبات نیم چی دەکەین بەنیسبەت ئینزیباتەوە بەڵام بەنیسبەت لیژنەی ڕەقابە و تەفتیش بۆ ئەوەیە ئەگەر سەرپێچییەک هەبوو موتابەعەی نەشات، نەوەک سکرتاریەت و سەرۆک و جێگری سەرۆک تەجاوزی سەلاحیاتی خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەزیەتی بۆ هەندێ خەڵک دێتەکرن لەنێوان کاری ئیداری وەکو کارمەند و ئەرکی نقابی، بۆچونی بەڕێز کاک شێخ عەفان وەکو سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان لێرەیە پشتگیری ئەو یان بۆچونی ئەو وەکو کارمەندێک قسان دەکات، ڤێرێ نەڤرۆشا دەبینی سەبەینێ قانونا ئیلتزاماتی دارایی هەبێتن مانای هەیڤانە یان ساڵانە مامۆستایەک بێت مولزەمە وەکو نزامی ناوخۆ وەکو ئەم قانونە بێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات بەرامبەر بە نەقابەی، خوانەخواستە ئەگەر مامۆستایەک هەڵەیەکی کرد ئایە وەزارەتی پەروەردە دێت موحاسەبەی ئەوی بکات ئیلفات نەزەرە یان تەنبە یان هەر شتێکی تر بێت، لێرە خەڵت نابێت بێتە کردنێ مانای مامۆستا وەکو مولتەزیمە بە قانون و تەعلیماتی یەکێتی هی دووش وەکو کارمەند خازعە بۆ ئەرکی وەزیفی لەبەر هەندێ من بە پێویستی دەزانم ئەو لیژنەیە هەبێتن بۆ عیلاج نەوەک هەدەفی سەرەکی موراقەبەی مامۆستایان بی نەخێر بۆ ڕەدعە بۆ تەقویەیە بۆ زیاتر تێکەڵ کردنی مامۆستایە لەگەڵ یەکێتی لەبەر ئەوە من بە پێویستی دەزانم ئەوە هەبێتن و فەرقیش هەیە لە مابەینی ئیدارە و مابەینی نەقابە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی قسەکەی کاک عبدالخالق دەکەم منیش دەمویست ئەوە بڵێم موراقەبەو تەفتیش هەیە، موراقەبەو تەفتیشی دەستەی باڵایە نەک هەر ئەوان خۆیان بەرپرس و بەرپرس نەبن کەس نەتوانێ عقوبەیان بدات، لیژنەک هەبێت موراقەبەو تەفتیشی ئیش وکاری لیژنەی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت بکات موراقەبەو تەفتیش بۆ ئەوەیە نەک مامۆستایان لە کاتی وەزیفەی،

لە کاتی وەزیفەی ئەوە پەروەردە هەیە فلان هەیە قەیدیناکا بەڵام موراقەبەی ئیش و کاری سیاسیان، لەوانەیە لادان لە ئیش و کارێکی راستەقینەی خۆیان کە دەسەڵاتی خۆیان نەبێت تەجاوزی دەسەڵاتی خۆی کردووە، لەگەڵ ڕێزوسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەیئەی تەنفیزی موراقەبەی ئیش وکاری مەکتەبی سکرتاریەت دەکات، کۆنگرە موراقەبەی ئیش وکاری هەیئەی تەنفیزی و سەرۆکی نقابە دەکات، لیژنەی موراقەبە و ئینزباتی عادەتەن تەفتیشی لقەکان و ئەندامان دەکەن و موحاسەبەی ئەندامان دەکەن، ئەگینا ئەو هەیئەی تەفتیشەی جەنابت دەیڵێی ئەو سەرۆک و هەیئەی تەنفیزییە بۆئەوەی ئەوە هەندێ رون بێت باشە، چونکە زانراوە هەیئەی تەنفیزی. بۆ کێ دادەنرێت و ئینزبات بۆ کێ دادەنرێت، ئینزبات بۆ هەیئەی تەنفیزی ئەوەی بتوانێ موحاسەبەی هەیئەی تەنفیزی بکات تەنیا کۆنگرەیە، جەنابت کە قسەی دەکەی هەستە سەر پێ فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ بەنیسبەت ئەوەی بۆ کۆنگرە تا کۆنگرە دێت ڕاپۆرتی کۆنگرە خۆیان لەوانەیە لیژنەی تەنفیزی یان مەکتەبی سکرتاریەت ئەو قسانەی کە کردی ئەو تەجاوزانەی کە خلافی قانونی کردویەتی نایداتە کۆنگرە لەوانەیە بیشارێتەوە، موراقەبەو تەفتیش بۆی هەیە ئەو ڕاپۆرتە ئامادە بکات کاتی کۆنگرە دێت پێشکەشی بکات بە کۆنگرە بڵێت ئەمە ڕاستی ڕابردووی ئەم دوو ساڵەی سەرۆکایەتی یەکێتی بووە لەو مەجالەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بەڕێز کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی برادەران تەسەوریان وابوو وگوتیان تێکەڵاوی دەکەن بەڵام وا تەسەور دەکەم ئەوان تێکەڵیان کرد، دوو ئیلتزام هەیە بەنیسبەت مامۆستا بەرامبەر نەقابە ئیلتزامێکی دارایی هەیە راستە وەزارەتی پەروەردە جێبەجێی دەکات لە قائیمەی موچەی دەبڕێت ئەو ئیلتزامە داراییە مانای بەدەلی ئیشتراک و بەدەلی سندوقی زەمان و نازانم چی ...هتد. یەکسەر لە قائیمەی دێتە خوارێ لەبەر ئەوەی هیچ مامۆستایەک نییە عاسێ بێت لە قائیمەکەی دێتە خوارێ ناتوانێ تەنفیزی نەکات ئەوە یەک، دوو ئەوەی بەڕێز جەنابی سەرۆک فەرمووی ئەو موراقەبەو تەفتیشە کۆنگرە رەقیبە لەسەر ئەوانە ئەگەر هاتوو ئەو رەقیبە هەبوو لە کۆنگرەی ئایندە هەر ئەندامێک هەر کەموکورییەک ببینێت بۆی هەیە لە کۆنگرە هەڵسێت قسان بکات هەر مەندوبێک چی بوێت لە

کۆنگره قسه دەکات، دووەم بەڕێزان ئیلتزاماتی یەکێتی مامۆستایان بەراستی ئەو ئیلتزامە نییە چ ئیلتزاماتێکیان هەبێت بۆ خۆیان عەلائەساس سەرپێچی بکەن چونکە ئیشی وان دیفاعە لە مامۆستا، یەک ئەوان مەربوتن بە دائیرەی خۆیان دائیرەکانی خۆیان موراقەبەیان دەکەن وەکو باسمان کرد چەند کەسێکن موشرفن لەسەریان دەمینێتەوە ئەوانە تەنیا رەقیبن لەسەر ئامێرە ئیداریەکان نەوەکو سەرپێچی لەسەر مامۆستایەکان بکەن نەوەک مامۆستا مەغدور بکرێ لەسەر ئەوەی نینە ئەوان هەیئەی ئیداری بچن ئەنجومەنی تەنفیزی بچی موحاسەبەی مامۆستا بکات و ئاگای لە مامۆستا بێت پێویستە ئەو ئاگای لە مامۆستاکان بێت بزانێ خەڵکی تر تەجاوز لەسەر مامۆستا دەکات یان ناکات و، دیفاع لە مامۆستا بکەن ئەگەر لەکاتێک یان لەلایەک موفەتیش غەدری لێ کرد، بەرێوبەری قوتابخانە غەدری لێ کرد، بەرێوبەری پەروەردە غەدری لێ کرد، وەزیری پەروەردە غەدری لێ کرد، ئەوانە بیگەیەنە جیهاتی خۆی چ ئەرکێکیان نییە بەرامبەر مامۆستا کە عەلائەساس ئەوان موحاسەبەی مامۆستا بکەن بزانن چییە. چونکە ئەوان هەدەفیان زانراوە چەند هەدەفێکە نوسراوە ئەهدافەکان لە هەموو ئەهدافەکان هەمووی تێدایە هەر یارمەتی دانی مامۆستایانە هیچی تری تێدا نییە موراقەبەی مامۆستای تێدا نییە نیهائیەن چونکە ئەوان پێویستیان بە موراقەبەی مامۆستا نییە ئەوان ئەگەر راپۆرتێک لە لایەنێکی نەیەتن لە جیهەتێکی رەسمی نەیەتن نەڵێت فلان مامۆستا ئیخلالی هەیە داوایان لێ دەکەن ئەندامێکیان بێت لە لیژنەکە دەچێ ئیشتراک دەکات لە ئەندامیەتیەکەی لەبەر ئەوە ماددەکە زۆر بەرێک و پێکی هاتووە ئەگەر لوتف بفەرموویت جەنابی سەرۆک بیداتە دەنگدان خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، بێ گۆرانکاری؟ تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە ئەم ماددەی دوازدەیە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**تشكيلات المجلس التنفيذي ومهامه**

**المادة الثانية عشرة:**

أ- يتكون المجلس التنفيذي من:

١- رئيس الاتحاد.

٢- أعضاء مكتب السكرتارية.

٣- رؤساء فروع المحافظات.

ب - يمارس المجلس الصلاحيات والمهام التالية:

١- متابعة أعمال مكتب السكرتارية وهيئات الفروع.

٢- متابعة تنفيذ توصيات ومقررات المؤتمر.

٣- إقرار الموازنة العامة والحسابات الختامية.

٤ـ منح شرف العضوية للشخصيات التربوية والفكرية.
٥ـ دراسة ومناقشة النظام الداخلي وتقديم المقترحات الضرورية لتعديله.
جـ - يعقد المجلس التنفيذي إجتماعاته الدورية مرة واحدة كل ثلاثة أشهر لإدارة شؤون الاتحاد وله عقد إجتماعات إستثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی یەکمان هەیە نازانم وەری دەگرن یان وەری ناگرن؟ ماددەی (١٢) ئەلفتان نوسیوە جا یەک دوو سێ، ئەلف بکرێت بە یەکەم ، باء بکرێت بە دووەم، جیم بکرێت بە سێیەم.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

زۆر چاکە قبوڵمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی (١٢) دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی ماددەی (١٢) پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، چوار ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە وەرگیرا، ماددەی (١٣) تکایە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**المادة الثالثة عشرة:**

**مكتب السكرتارية**

اولاً: يعتبر مكتب السكرتارية الهيئة العاملة للمجلس التنفيذي للاتحاد وينتخب من بين أعضائه سكرتيراً ويكون نائباً لرئيس الاتحاد ومسؤولي اللجان المالية والإدارية ويقوم بتوزيع الاعمال بين أعضائه ولرئيس الاتحاد حضور إجتماعات مكتب السكرتارية وعند حضوره ينعقد الاجتماع برئاسته.
ثانياً: يشترط فيمن ينتخب لعضوية مكتب السكرتارية وهيأت الفروع أن يكون من مواطني الأقليم ولاتقل خدمته عن عشرة سنوات.
ثالثاً: يمارس مكتب السكرتارية المهام التالية:
١ـ تنفيذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام.
٢ـ تنفيذ مقررات وتوجيهات وتعليمات المجلس.
٣ـ الإشراف على نشاطات الفروع وإصدار التوجيهات والتعليمات اللازمة بما يحقق المصلحة العامة والعملية التربوية والتعليمية وتمتين العلاقة مع الهيئات الإدارية للفروع.
٤ـ إقرار صرف الأموال اللازمة لتنفيذ مهام مكتب السكرتارية في حدود الصلاحيات المقررة وضمن المبالغ المرصدة في الميزانية العامة وله أن يجري المناقلات المالية ضمن الميزانية المقررة.

٥ـ العمل على تعزيز العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية في الاقليم.
٦ـ إعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية وتقديمها الى المجلس التنفيذي لاقرارها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵەیەکی چاپ هەبوو نوسرابوو (ولرئيس الاتحاد حضور أجتماعات) ئەمە هەڵەیە چونکە (يحضر إجتماعات) تەنها ئەگەر ئیشێکی هەبێت لەبەر ئەوە ئێستا لەبەر دەمی ئێوە وانوسراوە (ولرئيس الاتحاد حضور إجتماعات) بەڵام لێرە (يحضر إجتماعات)، شەشەمیش بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لەبەر ئەوەیە کە موازەنەکەمان لابرد لێرە لە دەسەڵاتی کۆنگرە شەقەکە کرا بە دوو بەش، بەشی بڕیاردان و بەشی ئیعداد، بەشی بڕیار درا بە ئەنجومەنی تەنفیزی هی میزانیەی ساڵانە بەشی ئیعداد هی موازنەی ساڵانە و حساباتی ختامی درا بە مەکتەبی سکرتاریەت ئەو ئیعدادی بکات وبدرێتە ئەنجومەنی تەنفیزی بۆ بڕیاردان لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانە جارێکی تر بیخوێنەوە ئەو سەرۆکی یەکێتییە چۆن بێت بۆ ئەوەی رون بێت.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**المادة الثالثة عشرة:**

**مكتب السكرتارية**

اولاً: يعتبر مكتب السكرتارية الهيئة العاملة للمجلس التنفيذي للاتحاد وينتخب من بين أعضائه سكرتيراً ويكون نائباً لرئيس الاتحاد ومسؤولي اللجان المالية والإدارية ويقوم بتوزيع الاعمال بين أعضائه و يحضر رئيس الاتحاد أجتماعات مكتب السكرتارية وعند حضوره ينعقد الاجتماع برئاسته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی سەرەوە شتێکی رون نییە؟ (سكرتيراً ويكون نائباً لرئيس الاتحاد ومسؤولي اللجان المالية) تۆزێک رونی بکەنەوە (كما وينتخب) بۆ ئەوەی رون بێت، لێژنەی دارایی تێبینیتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ لێژنەی یاسا کە بڕگەی شەشیان زیاد کرد لەسەر بۆچونی لێژنەی دارایی و ئابوری بەڵام

ئێمه هەندێ تێبینی ترمان هەیە ماددەی پێش ئێستا لەسەر لیژنەی ئینزباتی زۆر گفتوگۆ کرا رای لیژنەی دارایی و ئابوری ئەوەیە لە دوای ئەوە (مسئول لجان المالية والادارية والانضباطية) لێرە زیاد بکرێت لەبەر چی نەوەک تەنها عقوباتی ئیداری بگرێتەوە وەڵڵا مامۆستایەک چونکە لە پەروەردەیە عقوبە وەردەگرێتن، یەکێتی مامۆستایان لەوانەیە جەمعیەی ئیستهلاکیش هەیە لایان، نادی مامۆستایانیش هەیە لایان دور نییە مامۆستایەک رۆیشتە جەمعیەی ئیستهلاکی لەوێش موشکیلەیەکی دروست کرد شەری کرد وزارەتی پەروەردە پەیوەندی پێوە نییە عقوبەی بدات ئەمە دەبێت لیژنەی ئینزباتی هەبێت، رێز و ئیحترامم بۆ مامۆستایان هەیە رۆیشتە نادی مامۆستایان لەوێ سەرخۆش بوو گرفتێکی دروست کرد کێ موحاسەبەی دەکات نەوزارەتی پەروەردە نە لیژنەکان پەیوەندی پێوە هەیە، دەبێ لیژنەی ئینزباتی هەبێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر زەلامێکی کوشت پۆلیس عیلاجی دەکات.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

دووەم شروطی (من ينتخب لعضوية) نوسنیوبەتی (من مواطني الإقليم) پێویستە (ومقيماً فيه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم تێبینیانە بنوسەو جوابی بدەرەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، لە دووەم هاتووە (ثانياً: يشترط فيمن ينتخب لعضوية مكتب السكرتارية وهيئة الفروع أن يكون من مواطني الأقليم ) رای ئێمە ئەوەیە ئەمەی لەگەڵ زیاد بکرێت (ومقيماً فيه) چونکە مواطنی هەرێمە لە دەرەوەی هەرێم دانیشتووە یان لە سوریا دانیشتووە یان لە ئەوروپا دانیشتووە پێویستە ئەمە زیاد بکرێت ئیقامەشی لێرە بێتن، چوارەم لە شوێنی میزانییەی گشتی بەشێوەیەکی گشتی میزانییەی سالانەیە حەقی گواستنەوەی هەبێتن مەکتەبی سکرتاریەت نوسیوبەتی ئەمە دەبێ زیاد بکرێتن پێشنیاری ئێمە لە کۆتایی بنووسرێ(بعد موافقة المجلس التنفيذي) چونکە بریاری میزانییە کێ دەیکات ئەنجومەنی تەنفیزی دەیکاتن گەر گواستنەوەکە هەمووی بە دەستی مەکتەبی سکرتاریەت بێتن بلێین لقی خانەقین لایدابێت هاتبێتە لقی کەرکوک یان لقی دهۆک زیاتر بۆ خۆیان داینێین لە مەکتەبی سکرتاریەت سەرف دەکەن لەبەر ئەوە، چونکە بریارەکەی بەدەستی ئەنجومەنی تەنفیزی یە سەرۆکی لقەکان هەمووی تێدا ئەندامن لەبەر ئەوە دەبێ موافەقەی ئەنجومەنی تەنفیزی وەربگیرێتن بۆ گواستنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێم وایە ئەم ماددەی یەكەمی بكرێت بە ماددەی (١٣)ە و بكرێت بە دوو بڕگە بۆ نمونە: دەڵێت (يعتبر مكتب السكرتارية) ئەوە بەراستی ئەلفە و (رئيس الاتحاد يحضر) ئەمەش شتێكی ترە دوو شتی لێك جیاوازن ئەمە یەك، دووەم (مسئولي لجان المالية والإدارية) بكرێت بە (مسئولي اللجان المالية والإدارية) لە دووەمیش (هيئة الفروع) بكرێت بە (هيئة الفرع) یا دەبێ فروع بكرێت بە فرع یا دەبێ (هيئة) بكرێت بە (هيئات) ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێـز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـــلا هادی خـــضـــر كـــوێخـــا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەنیسبەت قسەكانی كاك جەمیل كە باسی ئەوە دەكات دەڵێ لقێك لەوەی بەشی زیاد دەبات شتی وا نییە لە میزانییە بەنیسبەت ئەندام دادەنرێت میزانییە، مانای هەر لقێك بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی خۆی حساباتی خۆی بۆ دەكرێت نە زیاد و نەكەمی هەیە بەشی كەس نابات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكى ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕێگای قانونی سەرۆكی مەكتەبی سكرتاریەت دەبێ بە جێگری بەرپرسی یەكێتی بۆ سەرۆكی یەكێتی (١٥) ساڵ ئێمە خزمەتمان دانا، دەبێ (١٥)ساڵ خزمەتی هەبێت بۆ جێگریش (١٠) ساڵمان دانا شتێكی باشە من پێشنیار دەكەم بۆ ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەت یەكو (٧) ساڵ بێت یانیش (١٠) ساڵەكە ببێتە (٧) وەكو جێگر نەبێت وەكو سەرۆكی مەكتەبی ئەوە یەك، دوو بڕگەی پێنج (٥ـ العمل على تعزيز العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية في الاقليم.) ئەگەر بەری خۆ بدەینێ ماددە چوار بڕگە نۆ دوبارەیە ئەم ماددەیە من پێشنیار دەكەم ئەمە نەمێنێت چونكە دوبارەیە ئەگەر بەری خۆ بدەنێ بڕگە نۆ دەبێژێت (التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والأتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخيل الاقليم وخارجه)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کاک د.رزگار پێشی گرتەوە هەر چی مەوادی ئیقتراحم کردوە پێشتر دەیان گوت ئەمە زیادە پێویست ناکاتن تەرکیز و موختەسەری باشە کەچی لێرە دەبینم کەوا شت زیاد بووە ئەم جارە من پێشنیار دەکەم هەڵ بستێت مانای کەمتری لێ بێت ئەویش برگەی پێنچە کە (العمل علی تعزیز العلاقة) ئەوە وەبزانم لێرە حەشوو بووە چونکە لە ئەهداف کە هەدەفی هەر ئەندامێکە بڕگە نۆ هەمان شتە، هەدەفی هەر ئەندامێکی یەکێتییە کەوا تەعاون لەگەڵ نەقاباتی تر بکات لێرە من پێشنیار دەکەم ئەوە هەڵبستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جلال سلیم خوشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاری بکرێت مەکتەبی سکرتاریەت کە کۆبونەوە دەکات مانگێ جارەکە پازدە ڕۆژ جارێکە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەستەی گشتی لەم ڕۆژانە نییە؟ چ وەڵامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتارییەت پازدە ڕۆژ جارێکە ئەگەر زروفێکی تایبەتیش بوو حەفتەی جارێک دەبێت، زروفی تایبەتی بێت لەوانەیە لە حەفتەیەکی دوو جاریش بێت چونکە هەمووی ئامادەن لە هەمان شوێنا پێویست ناکات ئاگادار بکرێنەوە و بانگ بکرێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئەگەر وەڵامتان هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن دیسان مەوزوعی لیژنەی ئینزبات هاتەوە گۆڕێ یەکەم لیژنەی ئینزبات مەسئەلەکی

شەخسی یە مانای پەیوەندی بە ئەندام هەیە نەک ئیش و کاری ئیداری پەیوەندی بە ئیش و کاری ئیداری نییە، لیژنەی ئینزبات مانای ڕێکخستنی ئەندام. کۆمەڵێک وەسائیل هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەندام هەموومان باسمان کردووە پێی ناوێت دوبارەی بکەمەوە ، بەڵام بەڕێز کاک جەمیل بابەتێکی باس کرد ئەگەر مامۆستایەک خوانەکات لە نادی شتێکی کرد کۆمەڵێک کەس هەیە موحاسەبەی بکات دەستەی کارگێری یانە دەتوانێ موحاسەبەی بکات، پۆلیس دەتوانێ موحاسەبەی بکات، وەڵڵاهی پۆلیسەکەی پێش دەرگاش دەتوانێ موحاسەبەی بکات دەتوانێ بە ئەمری دەستەی کارگێری یانە بیباتە دەرێ دەڵێ ئەوە ئیخلال بە نیزامی ئیدارە دەکات کۆمەڵێک قەزایا هەیە جگە لە دائیرەکەی خۆی سبەینێ بەرێوبەرایەتی پەروەردەیە یان ئیدارەی قوتابخانەیە چونکە بوونی لیژنەی ئینزباتی مامۆستایان لەوێ هیچی پێ ناکرێت، بۆ نمونە: لیژنە ئینزباتی گوتی ئەو پیاوە پیاوێکی خراپە سلوکی خراپە، خۆ پێی ناکرێت لە ئەندامیەتی لای ببات مادەم فەرمانبەرە هیچی پێ ناکرێت جا لەبەر ئەوەی بەجێماوە بۆ دائیرەکەی خۆی دائیرەکەی بریار دەدات ئەگەر خوانەکات هەڵەیەکی کرد کە دوورە ئەوەش لە مامۆستا، مامۆستا شتی وا ناکەن بە هیچ شێوەیەک هیچ مەترسی ئەوەیان لەسەر نییە خوانەکات ئیخلالێک بە نیزام و شتی وا ناکەن ئەم لاو ئەملا ئەگەر کەسانی تر بیکەن بەڵام مامۆستا نایکات. برگە پێنج برادەران دەڵێن زیادە لەبەر ئەوەی کە لە ئەهداف هاتووە دیسان با بە کاک ئیبراهیم سەعید بڵێین زیاد نییە با مەکتەبی سکرتاریەت ئیعتمادی لەسەر ئەوەی نەبێت بڵێت لە ئەهداف هاتووە هەموو ئەندامێک با ئەمن نایکەم با ئەویش هەست بکات زمنی واجیباتێکی هەیە با واجباتی خۆی ڕێک بخات علاقاتی خۆی باش بکات چونکە ئەو کیانێکی هەیە ئەندام کیانی هەندێ زەحمەتە عیلاقات پەیا بکات ڕاستە دەڵێت لەسەر هەموو ئەندامێک پێویستە، بەڵام با ئەویش هەست بکات بۆ (ذکری) (إنما الذكــرى تنفع المؤمنين) خراپ نییە ئەگەر تێدا بێت بۆ ئەوەی ئەویش واجباتی خۆی بزانی.
بەنیسبەت ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی سەرف لازمە موناقەلە لەدەست ئەنجومەنی تەنفیزی بێت نەک لەسەر مەکتەبی سکرتاریەت ئەگەر جەنابی کاک جەمیل بابەتەکە بە دیقەت بخوێنێتەوە پەیوەندی بە ئەنجومەنی تەنفیزی نەمایە چونکە دەڵێ (إقرار صرف الأموال اللازمة لتنفيذ مهام مكتب السكرتارية) تەنها بۆ خۆی بۆ کاری خۆی بۆ هیچ ئیشێکی تر نا (في حدود الصلاحيات المقررة وضمن المبالغ المرصدة في الميزانية العامة وله أن يجري المناقلات المالية ضمن الميزانية المقــررة.) مانای بۆی دانراوە مەکتەبی سکرتاریەت تۆ (١٠٠٠٠) دینار سەرف دەکەی دوو بۆ پەرواگەیە دوو بۆ فلانییە سێ بۆ فلانییە، باشە کەل و پەلی پەراوگەی پێ نەوێت چ بەربەست هەیە مەکتەبی سکرتاریەت ئەگەر بداتە دوو فەراشان یان ئیشێکی پێ بکات لەبەر ئەوە چ پێویست نییە زمنی ئەو مەبلەغەی بۆ خۆی دانراوە بگەڕێتەوە بۆ موناقەلەکە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی تەنفیزیش شتێکی کەم نییە چونکە تەدەخولی لقەکان ناکات، بەڕێزی فەرمووی کە گوایە هی فلان لقی بۆ فلان لقی نەقل دەکەن نەخێر ئەوە دەسەڵاتی ئەو نییە موناقەلە لە زمنی ئەو پارەیەی

بۆ خۆی دانراوە بۆ سەرفی خۆی تەنها بۆ خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی (١٣) ئەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی (١٣) پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، ماددەی (١٣) بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٤)مین تكایە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

## هيئة الفرع

**المادة الرابعة عشرة:**

اولاً: أ ـ يجتمع أعضاء فروع الاتحاد في المحافظة عن طريق المندوبين بنسبة ممثل واحد لكل مائة وخمسين عضواً من عدد أعضاء الاتحاد كل سنتين مرة واحدة وذلك لانتخاب هيئة الفرع البالغ عددهم سبعة أعضاء أصليين وعضوين أحتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وعند عدم أكتماله تجري الانتخابات بعد مرور سبعة أيام من الاجتماع الأول وفي نفس الزمان والمكان المعينين مهما بلغ عدد الحضور.

ب ـ تنتخب هيئة الفرع في أول اجتماع لها رئيساً للفرع ومسؤولي اللجان المختصة.

ثانياً: تمارس هيئة الفرع المهام والصلاحيات التالية:

أـ تنفيذ مقررات وتوصيات مكتب السكرتارية.

ب ـ مناقشة الميزانية السنوية العامة والخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية العامة للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وقانون الضمان وصندوق المساعدات بالمعلمين وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی دەست پێ بكەن ئێمە تێبینیمان هەیە ئەلف و بای بكەن بە یەك و دوو، قانونەكەش بكەن بە سندوق، سندوق وەفاتە ئەوە موساعەدات نییە ئەوە هەر جارەو سندوقێكی تازەمان بۆ زیاد دەكەن قبوڵ نییە فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سندوقەكان بە ئیعتبار ئێستا سێ سندوقن سندوقی زەمان، سندوقی نەخۆشییە درێژخایەنەكان ئەو نەخۆشیانەی زۆر گرانن و نەخۆشەكان دەنێردرێنە دەرەوە، سندوقێكیش بۆ مردووەكان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو موساعەداتە چییە؟.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

موساعەدات لە زمنی سندوقی زەمان دایە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مانای سندوقی وەفاتە لێرە لە جیاتی موساعەدات دەبێ سندوق وەفەیات بێت.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

بەڵێ.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمەش وا دەڵێین بکرێت بە (صندوق الوفيات)، (بالمعلمين)نیش لابە، سندوق وفيات کافییە، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــيـــد أحـــمـــد يعـــقـــوبی:**

**المادة الرابعة عشرة:**

**هيئة الفرع**

اولاً: ١ ـ يجتمع أعضاء فروع الاتحاد في المحافظة عن طريق المندوبين بنسبة ممثل واحد لكل مائة وخمسين عضواً من عدد أعضاء الاتحاد كل سنتين مرة واحدة وذلك بانتخاب هيئة الفرع البالغ عددهم سبعة أعضاء أصليين وعضوين إحتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وعند عدم إكتماله تجري الانتخابات بعد مرور سبعة أيام من الاجتماع الأول وفي نفس الزمان والمكان المعينين مهما بلغ عدد الحضور.

٢ ـ تنتخب هيئة الفرع في أول اجتماع لها رئيساً للفرع ومسؤولي اللجان المختصة.

ثانياً: تمارس هيئة الفرع المهام والصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات وتوصيات مكتب السكرتارية.

٢ـ مناقشة الميزانية السنوية العامة والخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية العامة للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وصندوق الضمان وصندوق المساعدات بالمعلمين وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەبعەن ئەو بابەتی تەمسیل سەرەتا ئەمە تەرک کرا بۆ ئەنجومەنی تەنفیزی، حالەتێکی تر روئەدات ئێستا ئێمە لە پارێزگا هەڵبژاردنمان کردووە نوێنەرانی کۆنگرە دیار کراون کە ئەم

نوێنەرانە هەڵبژێردراون بۆ ئێمە دووبارە بێینەوە لە پارێزگا هەڵبژاردن بکەینەوە ئەم نوێنەرانەی لە پارێزگا چوینە کۆنگرە کە گەڕانەوە دوای تەواو بوونی کاری کۆنگرە ئەوان لە نێوان خۆیان کۆبنەوە و دەستەی لق دروست بکەن جا بەرای ئێمە بەم شێوەیە بێت یەکەم : (يجتمع مندوبو المحافظة المنتخبين لعضوية المؤتمر العام، بعد إتمام أعمال المؤتمر لإنتخاب هيئة الفرع من بينهم والتي تتكون من سبعة أعضاء أصليين وعضوين إحتياط وبأشراف مكتب السكرتارية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میزانییەی ساڵانە یەک میزانیەیە نە میزانییە گشتی جیاوازی میزانییە تایبەتی لق هی لقەکان گفتوگۆ دەکرێتن زمنی میزانیەی ساڵانەی گشتی یەکێتی، لەبەر ئەوە بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە زۆر چاک ترە (٢- مناقشة الميزانية السنوية الخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وقانون الضمان وصندوق المساعدات بالمعلمين وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.) مانای ئەوەیە موناقەشەی ئەم میزانیەی تایبەت بە خۆیان دەکەن لە مەکتەبی سکرتاریەت لە زمنی گفتوگۆی ساڵانەی گشتی کە بۆ یەکێتی مەکتەبی سکرتاریەت ئیعداد دەکات و پێشکەشی ئەنجومەنی تەنفیزی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت جارێکی تر بخوێنەوە تکایە؟.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

(٢- مناقشة الميزانية السنوية الخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وقانون الضمان وصندوق المساعدات بالمعلمين وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.) هەردوو گشتیەکە نامێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک جەوهەر شاواز فەرمووە.

**بەڕێز جوهر أحمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە لە دووەم ئەگەر بڕگەیەک زیاد بکرێت ئەویش بەم شێوەیە: (الاشراف على اعمال الأتحاد في المحافظة وتمثيلها لدى الدوائر الحكومية) ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت چونکە ئەرکەکانی سەرۆکی یەکێتی لە مادەی نۆ هاتووە هەروەها ئەم بڕگەیە لە لیژنەی قەزاش هاتووە بەڵام لە دەستەی

لقەکان نییە جا لەبیر چووە یان پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەرەش گوتی بە نیسبەت ئەوە ڕاست دەکات مانای نیسبەتی هەڵبژاردن لە نێوان ئەندامانی کۆنگرە دەکرێت نەک ئێستا، ئەوەی کە مەندوبن ئامادەن بە سەرپەرشتی مەکتەبی سکرتاریەت وا ئەکرا شتێکی باشە وای لێ بکەن، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە سەرۆکی لق کە ئەندامە لە مەکتەبی سکرتاریەت چەندساڵێکیشی بۆ دیاری بکرێت بۆ خزمەتەکەی چونکە هیچ باسی نەکرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێشنیاری لیژنەی یاسایی بێتە دەنگدان گەلێ پرسیار دێنە حل کردنێ ئەگەر یا ئەسڵی بێت لێرە ئەگەر بۆ نمونە پارێزگایەک دوو هەزار ئەندامی هەنە گۆرەی ئەم نسبەیە (١٥٠) مانای هەر (١٥٠) یەک مەندوبە باشە ئەوە دەبێتن تەقریبەن (١٣٥٠) ئەدی (٦٥٠)ی تر چی لێ دێت مانای دێ مەتروک بن ئەگەر پێشنیاری لیژنەی یاسایی جێبەجێ بێت ئەم گرفتە لادەچێت ئیستفسار نامێنێت رون دەبێت ئەوە یەک، هی دووێ ئەندامی لق نۆکەسن ئێمە پێمان باشە وەکو کاک ئیبراهیمیش گوتی نەک تەنها بۆ سەرۆکی لق بۆ هەر نۆ ئەندام بێت حەفت و دوو ئیحتیات ماوەیەکی بۆ دابنێن چونکە بە موتڵەقی هاتووە لێرە بێ دیاری کردنی ماوەی خزمەتەکەی ئەوەش وەزیفەیەکی ئیدارییە زیاتر پێویستی بە خزمەتە، پێویستی بە تەجروبەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن نابێت (١٥٠) بێنێت چونکە لە سەرتا ئێمە ئەو دەسەلاتەی دامانە ئەنجومەنی تەنفیزی ئەویش نیسبەتی تەمسیل دیاری دەکات تەبعەن نابێت هیچ نیسبەیەکیش دابنێین چونکە بریاری لەسەر دراوەو خراوەتە دەنگدان، دووەم ئەم پێشنیارەی ئێمە کردمان وەکو لێژنەی یاسا کە عەلائەساس ئەو نوێنەرانەی کۆنگرە لەوێ کە گەڕانەوە لە ئیش و کارەکانی خۆیان هەلبژێرن لەبەر ئەوەی بەراستی بۆ دەستەی لقەکان ماوە دیاری نەکرا چونکە ئەوانە هەموویان نوێنەری کۆنگرەن چوینە وێ، بۆنمونە: سەرۆکی یەکێتیش چویتە وێ سەرۆکی یەکێتیش وەنییە نوێنەری کۆنگرە نەبێت لە کۆنگرە نەبێت بەلام بە ئیعتباری شتێکی زۆر زۆر باریزە ماوەیەکی بۆ دانرا، بەنیسبەت رای لێژنەی سکرتاریەت لە هامان کات لێژنەی سکرتاریەت ماوەیەکی کاتی بۆ دانرا، بەلام بۆ دەستەی لق بە ئیعتباری ئەوانە مەندوبی کۆنگرەن ولە دەستەی خۆیان کە دەگەڕێنەوە ئایە ئەوەکەی دیار دەکەن مانای وایە ئەفزەلیەتێکمان دایە خەلکەکەی پارێزگا بۆ ئەوەی بزانین ئەوانە کێ دەیەوێ لە بەینی خۆیان بەراستی بۆیە دیاریمان نەکرد ئیحتمالیش هەیە جار بە جار لە مەندوبەکان ئەو مواسەفاتە زۆر دەرنەچیت لە مەندوبی پارێزگا لەوانەیە ئەگەر بلێین دە سالٚ پارێزگایەک عەدەدی کەم بوو دە کەس دەرچو بوون کەسی دەسالی تێدا نەبوو یان کەسی حەفت سالی تێدا نەبوو چی بکەین مەندوبن ئەوانە هەلبژێردراون لەوێ هەندێ گرفتە بەلام ئەگەر هاتە یەکێتی لەوێش هاتە کۆنگرەی گشتی لە کۆنگرەی گشتی ئەم جۆرە مواسەفاتەی لێ دەست دەکەوێت زەلامێک پازدە سالی لێ دەردەکەوی یان یەکی دە سالی بۆ مەکتەبی سکرتاریەت بەلام زۆر زەحمەتە لەوانەیە دەست نەکەوێت لە قەزایەک، لەبەر ئەوەی وامان بەباش زانی کەوا سالٚ دیاری نەکەین بە نیسبەت ئەندامی لق و لێژنەی قەزا، لە ئەوانەی لێژنەی قەزاش دیاریمان نەکردووە ئەوەی بەڕێز کاک جەوهەر شاواز ئیشارەتی پێدا لەوێش هەموومان دیاری نەکردووە چونکە دەقەکە دەگۆڕێت ئەوە وەکو پێشان نییە وەکو ئەو پێشنیارەی بۆ دەستەی لق کرا هەمان پێشنیار بۆ لێژنەی قەزاش دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ رونکردنەوە مەرجی تەمەن هاتووە بۆ ئەندامانی لق و سەرۆکی لق لە مادده (١٣)ە هەر بۆ زانیاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە دەستەی لقەکان هاتووەو تێبینیەکانی وردن.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی بەڕێز کاک حاکم سەفەر دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تکایە بە تەعدیلات و موقتەرەحاتی خۆتانەوە ماددەکە بخوێننەوە با بیخەینە دەنگدان فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**المادة الرابعة عشرة:**

**هيئة الفرع**

اولاً: ١ ـ يجتمع مندوبو المحافظة المنتخبين لعضوية المؤتمر العام بعد إتمام أعمال المؤتمر وذلك لإنتخاب هيئة الفرع من بينهم والتي تتكون من سبعة أعضاء أصليين وعضوين أحتياط وبأشراف مكتب السكرتارية.

٢ ـ تنتخب هيئة الفرع في أول اجتماع لها رئيساً للفرع ومسؤولي اللجان المختصة.

ثانياً: تمارس هيئة الفرع المهام والصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات وتوصيات مكتب السكرتارية.

٢ـ مناقشة الميزانية السنوية العامة والخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية العامة للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وصندوق الضمان وصندوق الوفيات وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر دوو گشتییەکان لابەن چارێکی تر دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

٢ـ مناقشة الميزانية السنوية والخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وصندوق الضمان وصندوق الوفيات وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی (١٤) پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٤) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٥) تکایە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد سعقوبی:**

**المادة الخامسة عشرة:**

**لجنة القضاء**

اولاً: يجتمع أعضاء الاتحاد في القضاء والنواحي التابعة له في مركز القضاء بنسبة ممثل واحد لكل خمسين عضواً وذلك لانتخاب لجنة القضاء والتي تتكون من ثلاثة أعضاء أصليين وعضو إحتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وفي حالة عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد مرور سبعة أيام مهما بلغ عدد المندوبين.

ثانياً: في أول اجتماع تعقده لجنة القضاء تنتخب من بين أعضائها رئيساً لها ويحضر الرئيس اجتماعات هيئة فرع الاتحاد.

ثالثاً: مهام لجنة القضاء:

أ- تنفيذ قرارات وتوجيهات هيئة الفرع.

ب - الإشراف على أمور الاتحاد في القضاء.

جـ - رفع التقارير الدورية الى هيئة الفرع حول كل ماتراه ضرورياً لرفع مستوى التعليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟ .

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەش هەر وەکو دەستەی لق دیسان لە مەندوبینی قەزا لیژنەکە هەڵ ببژێردرێت ئەوانەی کە لە کۆنگرە ئامادە بوونە بەم شێوەیەی کە ئێستا بۆ بەڕێزتانی دەخوێنینەوە: (يجتمع مندوبو القضاء المنتخبين لعضوية المؤتمر العام بعد إتمام أعمال المؤتمر لانتخاب لجنة القضاء من بينهم والتي تتكون من ثلاثة أعضاء أصليين وعضو أحتياط وبأشراف هيئة الفرع) ئەوە بچێتە جێگای یەکەم ئەوانی تریش وەکو خۆی بمێنێتەوە ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن پشتگیری بۆچوونی لیژنە یاسای دەکەم لەو ماددەدا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا.

**بەڕێز وریا دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە .

**بەڕێز د.قاسم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە من پرسیارێکم هەبوو (ثانيا في اول اجتماع تعقده لجنة القضاء تنتخب من بين أعضائها رئيساً لها ويحضر الرئيس) پرسیارێ من ئەوەیە (بأي صفة يحضر) وەکو ئەندام بۆ لق یان وەکو محافەزە یان وەکو چ سیفەت حازر دەبی یەعنی ئەبێت سیفەتێک هەبێتن زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو کاکەڕەش نقشبندی.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێین و يحضر مانای وایە عضوێکی ئەسڵێ نییە بۆ خۆی حەوت عضوی ئەسلینە کە دەڵێین يحضر اجتماع مانای وایە بەسیفەتی شخصی دێ بۆ ئەوەی گوێ بداتە موقەڕەرات چی هەیە بینی لەمؤتمری حضور مانای وایە عضوی ئەسڵی نییە حقی تصويتی نییە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە روون بکرێتەوە باشتر نییە هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەم ماددەیە مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئەندامەی کە حازر دەبێ بۆچی ئامادە دەبێت خۆ بێ دەنگ دانانیشێت دەبێ گفتوگۆ بکات تەنها لە دەنگدان حەقی نییە دەنا حەقی هەموو شتێکی هەیە گفتوگۆ و رەئی خۆی بدات، بەڵام کە برادەرانی یاسایی قسەیان کرد ئێمە نابی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانیش دەڵێن تەنها حەقی دەنگدانی نییە ئەتوانێ رەئی بدات ئەتوانێ بڵێت ئەمە وابێت باشە ئەتوانێ گفتوگۆ بکات، بەڵام کە گەیشتە دەنگدان حەقی دەنگدانی نییە چونکە ئەندامی ئەسڵی

نییە ئامادە دەبێت تەنها، ماددەی (١٥) کەواتە ئەخەینە دەنگدانەوە تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بە تەعدیلاتەوە.

**المادة الخامسة عشرة:**

**لجنة القضاء**

اولاً: يجتمع مندوبو القضاء المنتخبين لعضوية المؤتمر العام بعد إتمام أعمال المؤتمر لانتخاب لجنة القضاء من بينهم والتي تتكون من ثلاثة أعضاء أصليين وعضو أحتياط وبأشراف هيئة الفرع.

ثانياً: في أول اجتماع تعقده لجنة القضاء تنتخب من بين أعضائها رئيساً لها ويحضر الرئيس اجتماعات هيئة فرع الاتحاد.

ثالثاً: مهام لجنة القضاء:

١ـ تنفيذ قرارات وتوجيهات هيئة الفرع.

٢ ـ الإشراف على أمور الاتحاد في القضاء.

٣ ـ رفع التقارير الدورية الى هيئة الفرع حول كل ماتراه ضرورياً لرفع مستوى التعليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی (١٥) پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٥) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٦) تکایە،

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**المادة السادسة عشرة:**

**الفصل الرابع**

**مالية الاتحاد**

اولاً: تتكون مالية الاتحاد ممايلي:

١ـ يدفع كل عضو في الاتحاد مبلغ خمسة دنانير شهرياً كبدل العضوية بالنسبة للمعلمين والمدرسين وعلى الشكل الآتي:

أـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.

ب ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق مساعدة المعلمين المتوفين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ماموستایەک مردبێت چۆن یارمەتی دەدرێت سندوقی یارمەتی بکرێت بە سندوقی وفیات.

ب ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات.

جـ ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
د ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
٢ـ يدفع كل عضو من التدريسيين في المعاهد والجامعات مبلغ قدره عشرة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:
أـ يستقطع مبلغ أربعة دنانير من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.
ب ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات.
جـ ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
د ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ ـ ب ـ جـ ـ د) من الفقرة اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بأسم (لجنة الضمان ولجنة مساعدة الأعضاء) لتنفيذها.
ثالثاً: فتح حساب في مصارف الأقليم لتنفيذ الفقرات (أ ـ ب ـ جـ ـ د) من الفقرة أولاً.
رابعاً: تتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في أجتماعات الفرع.
خامساً: تخضع حسابات الاتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.
سادساً: لايحق لأي عضو المطالبة بالحقوق المالية في الفقرة (أ ـ ب ـ جـ ـ د) من الفقرة اولاً إذا فقد عضويته في الاتحاد.
سابعاً: يتم نقل نسبة(٥٠٪) خمسين بالمائة من الموارد المالية الواردة في الفقرة (د) من اولاً الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر سوپاسی لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ چاکردنی ئەم پرۆژەیە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا نەهاتووە ڕاپۆرتێکی باش پێشکەش بکات دووبارە سوپاسی لیژنەی یاسایی دەکەم بەڵام ئەم بەشە ئەم ماددەیە داراییە تایبەتمەندە بە ئیش و کاری لیژنەی دارایی و ئابوری و زۆر دەستکاریان لەم بەشە گرینگە کردووە ئێمە لەگەڵ نین و ئێمە پشتگیری ئەسڵی پرۆژەکە دەکەین تێبینی لیژنەی دارایی لەسەر ئەم گۆڕانکاریانە هەمانە.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، لێرە لە پرۆژەی ئەسڵی هەمووی بۆ ئەندامان وەکو یەک پێنج دینار بوو

ئەو ئەندامانەی کە داخیل دەبوون پێنج دینار دەدات، دوو دینار بۆ سندوقی زەمان بوو هەمان ئەم دابەشکردنە بەڵام لێرە دوو ئیزافە کراوە فەرقێکیان کردووە لەنێوان ئینتماء بۆ مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردەو مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان، هی زانکۆ و پەیمانگاکان کراوەتە دە دینار یەکێتی پارێزەران ئەگەر ئەندامێک داخیل بێت حاکم بێت داواکاری گشتی بێت فەرمانبەرێکی سادە بێت بچێت پارەی لێ وەردەگرن لە ئەسڵی پرۆژەکە هەمان پارە بوو لێرە ئەمە شتێکی دارایی سرفە چۆن لێرە ئەم گۆرانکارەییە کراوە لەبەر ئەوە دوو (٢- يدفع كل عضو من التدريسيين في المعاهد والجامعات مبلغ قدره عشرة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:) رای لیژنەی دارایی دوو هەموو لابچێت چونکە زیاد کراوە لە ئەصلی پرۆژەکەدا نییە، ئەمە حالەتێک حالەتێ دووەمْ باش دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند یارمەتی جمعیات و یەکێتی و نەقابات دەدات لە دارایی هەموو یەکێتیەکان هەیە ئەو یارمەتیانەی کە لە حکومەتەوە پێشکەش دەکرێن، هەروەها پرۆژەی کە دەکرێت لەلایەن رەیعەوە ئەم پرۆژانەی کە دەکرێت لەلایەن یەکێتی و رەیعی چاپ کردن و رەیعی ئاهەنگ و تەبەروعات هەروەها پارە دانان بۆ ئەم خانوانەی کە بۆ یەکێتیەکان بەکرێ گیراوە ئەمانە هەمووی لە راستی پرۆژەکەدا هەیە لێرە چۆن حەزف بووە ئەساسەن لیژنەی دارایی و ئابوری تەئیدی ئەم ماددەیەی کردووە، هەروەها پێنچەم:(تخضع حسابات الاتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.) یەکسەر (الرقابة القانونية والمالية) بکرێت بە (الى الرقابة العامة للمالية) شمولی هەمووی دەکات و دەستەی رەقابەی دارایان هەیەو لە جێگای قانونی و دارایی بکرێت (الرقابة العامة للمالية) دەستەی گشتی رەقابەی دارایی هەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی هەیە؟ ئەوەی تێبینی هەیە دەستی باش بەرزکاتەوە تا ناوی بنوسم، ئەو ناوانە نوسراون ئەیخوێنمەوە ئەم بەرێزانە: (عبدالخالق زەنگەنە، شێروان حەیدەری، ئەمین مەولود، د.ئیدریس، رەجب شەعبان، مەلا هادی، د.رزگار، سەعید محمد صديق، فازڵ رەئوف. کاک عبدالخالق زەنگەنە یەکەم ماوەی چارێکە سعاتێ پشوو ئەدەین دوای ئەوە بەردەوام ئەبین لە دانیشتنەکەمان سعات (١٢)ە لێرە ئامادە بن تکایە.

لە گفتوگۆکردنی ماددەی (١٦)ە دابووین ئێستا کاتی تێبینیەکانی بەرێز ئەندامانی ئەنجومەنە، بەرێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەرێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی نازانم لە فکر دەرکراوە زانیاری نییە ئی هەر نەقابەیەک یان یەکێتیەک بێجگە لە ئیشتراکات بابەتی نەشاتات و چاپەمەنی هەروەها منەح ویارمەتیدان هەیە، هەر دیارە لە فکر دەرکراوە ئەمە زیاد بکرێت بەرای من شتێکی باشە و هەشە مجەلەیان هەیە و نشاتاتی نادی

هەیە و فـعـالیـات هەیە ئینجـا وابزانیـشم وەک برادەرێک ئیشـارەتی پێ کـرد مـوسـاعـەداتی ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیە لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان تێبینی کاک عبدالخالق، بە پێی زۆربەی مەعلوماتی ئێمە یەکێتی مامۆستایان منەحی هەیە لە وەزارەتی دارایی کەواتە منح و ئەوانە دەبێ داخیل بکرێن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەگەر سەیری ماددەی (١٦) بکەین تەنها باسی ئیشتراکات دەکات نەک عینوانەکەی کـە وەکـو: (تتکون مـالیـة الاتحـاد مما یلي) بەرای من سیاغەی ئەم ماددەیە بەم شێوەی خوارەوە بێت:

( اولاً: تتکون مالیة الاتحاد من:

١ـ الاشتراکات و الاستقطاعات .........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی (١٦)جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة عشرة:**

**الفصل الرابع**

**مالیة الاتحاد**

اولا: تتکون مالیة الاتحاد مما یلي:

١ـ یدفع کل عضو في الاتحاد مبلغ خمسة دنانیر شهریاً کبدل العضویة بالنسبة للمعلمین والمدرسین وعلی الشکل الآتي:

أـ یستقطع مبلغ دینارین من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.

ب ـ یستقطع مبلغ دینار واحد من راتب العضو کبدل اشتراك في صندوق الوفیات.

ج ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
د ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
٢ـ يدفع كل عضو من التدريسين في المعاهد والجامعات مبلغ قدره عشرة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:
أ ـ يستقطع مبلغ أربعة دنانير من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.
ب ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات.
ج ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
د ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات(أ ـ ب ـ ج ـ د ) من الفقره اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بأسم(لجنة الضمان ولجنة المساعدة ولجنة مساعدة الأعضاء) لتنفيذها.
ثالثاً: بدلات الإيجار وريع النشاطات و المساعدات والمنح الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا مادام وای لێهات تکایە فەقەرەکەی سەرەتایی چاک بکەن بۆ ئەوەی ج ئیشکالێمان هەیە نەمێنێ، جا ئەگەر لەسەرەخۆ بینوسنەوە باشترە، ببێتە **(اولاً: ١ـ يدفع كل عضو من المعلمين والمدرسين مبلغ قدره خمسه دنانير وعلى الشكل الاتى)** بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێ لەگەڵ ئەوانی تر، ئینجا جارێکی تر بیخوێننەوە بەوردی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

## الفصل الرابع
## مالية الاتحاد

اولا: تتكون مالية الاتحاد مما يلي:
١ـ يدفع كل عضو من المعلمين والمدرسين مبلغ خمسة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:
أ ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.
ب ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات.
ج ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية

والخطرة.
د- يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
٢- يدفع كل عضو من التدريسين في المعاهد والجامعات مبلغ قدره عشرة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:
أ- يستقطع مبلغ أربعة دنانير من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.
ب - يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق السوفيات.
ج - يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
د- يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
٣- بدلات الإيجار وريع النشاطات و المساعدات والمنح الرسمية.
ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات(أ- ب - ج - د ) من الفقره اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بأسم(لجنة الضمان ولجنة المساعدة الأعضاء) لتنفيذها.
ثالثاً: فتح حساب في مصارف الإقليم لتنفيذ الفقرات(أ - ب - ج - د ) من الفقره اولاً.
رابعا: تتم الموافقة فى قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في أجتماعات الفرع.
خامساً: تخضع حسابات الاتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.
سادساً: يحق لأي عضو المطالبة بالحقوق المالية في الفقرة(أ - ب - ج - د ) من الفقرة اولاً إذا فقد عضويته في الاتحاد.
سابعاً: يتم نقل نسبة(٥٠٪) خمسين بالمائة من الموارد المالية الواردة في الفقرة (٢) من اولاً الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو فەقەرەش هەندێ کەم وکورتی تێدا هەیە، یەعنی[( الفقرات أ - ب - ج - د ) من الفقرة اولا )] نییە بەتەنیا یان فەقەرەی [(١ و٢) من اولاً]دەبێ ئەوەش ڕێک بخرێ، فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من دووبارەبوونەوە لە ماددەکە زۆرە دەربارەی ئیستیقتاعات و بەرەئی من ئەگەر ماددەکە بەشی یەکەمی بەم شێوەیە سیاغە بکرێت باشترە(تتكون مالية الاتحاد مما يلي: ١- الاشتراكات: تستقطع من راتب العضو الشهري المبالغ المدونة ادناه: دينار واحد كبدل اشتراك ،ديناران لمصلحة صندوق الضمان، دينار واحد اشتراك عضو في صندوق الامراض المستعصية، دينار واحد للامراض الخطرة) بەنیسبەت معاهد بەراستی تکراری نەکەینەوە باشترە (تضاعف المبالغ

الواردة في الفقرات( الفقرات أ ـ ب ـ ج ـ د ) بالنسبة للتدريسيين في المعاهد والجامعات، كـه موزاعەف بوو پێویست ناكات دووبارەی بكەینەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز حـــمـــيـــد سليم مـــيـــران:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

بەرەئی من ئیزافەی قازانجی ئیستیسمارات بكرێت بۆ ئەو مەبلەغانە، چونكە لە ماددەی هەژدەدا هاتووە دەڵێ هەندێ ئیستیسمارات دەكەین كە ئیستیسمارات بكرێت دەبێ قازانجەكەشی ئیزافە بكرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د. ناصح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

بەراستی من پێم وایە ئەو پێشنیارەی كاك ئەمین كردی باش بێت، ئەگەر بە پەسەندی بزانن، ئەگەر نا هەر بەنیسبەت (أولاً: ١ـ يدفع كل من المعلمين والمدرسين مبلغ خمسة دنانير شهريا ) بە كێی بدات؟ لێرە دیار نییە، ئینجا دەبێ یان بڵێین (يدفع للاتحاد) یان بكرێت بە(١ـ مبلغ خمسة دنانير من كل عضو من المعلمين والمدرسين على الشكل الآتي) بەلآم من پێم وایە ئەو پێشنیارەی كاك ئەمین لە هەمووی باشترە، هەم كورت كردنەوەیەكە هەم ماناكەی باشترە لەوەی كەوا دارێژراوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز رجب شـــعـــبـــان طـيـب:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

با بچن هاریكاریا نەخۆشێ بكەن، جێت خۆدا بچن هاریكاریا وا كەسا بكەن كە لێبقەومێتن، كە فەرع و لجانێت ئەقزیەو هاریكاریا بكەن، من پێشنیار دكەم كە لە ( ٥٠ ٪ ) بەنیسبەت وی سكرتاریەتێ بكاتە دەستی وی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، كاك رجب شعبان، فەرموو كاك مەلا هادی.

**بەڕێز مـــلا هادی خـــضـــر كـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

من سێ پێشنیارم هەیە، یەكەم بەنیسبەت ئەو فەقەرەی كە كاك عەبدوالخالق باسی كرد كە فەقەرەی یەكەمە باسی ئەو مینحەیە نەكرایە كە وەربگیرێت، پێشنیاری دووەم فەقەرەی دووەم لە ناحییەی تەبویبەكەی دەبوایە بە فەقەرات بوایە(ا،ب،ج،)،(وتكون كالآتي )، سێیەم بەنیسبەت رەئی لیژنەی دارایی باسی ئەوە نەكرایە لە زمنی دارایی حكومەتی تێدا بێ كە بەرگری لێ بكات، بەرەئی من فەقەرەكە زۆر بەرێكوپێكی هاتووە، شتەكی ئاسایی خۆیانە و مامۆستایان پێی رازی

بووینە و دیراسەتیان کردووە چەند ساڵە هەروا ڕۆیشتووە، لیژنەی دارایی دیراسەتی شتێک دەکات کە لە حکومەت وەرگیرا بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو بەڕێز د.رزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە فەقەرا ئەساسێ برادەران باسیان کرد، کاک عەبدولخالق وکاک شێروان، بەڵام من تەنها یەک پێشنیارم هەیە، ئەویش(سابعاً) ئەڤ پارەیەی کە( ٥٠ ٪ ) خەسم بێتە کرنێ بۆ حیسابێ سکرتاریەتێ ژ هەر فەرعەکێ من پێشنیار دکەم ئەڤ فەقەرە بێتە ئیلغا کرن، چونکە مەکتەبێ سکارتاریەتێ(مینحە ومساعدات) وەرگرت کە ئەڤ پارانەی ئەگەر فەرعی ببینێت بێتە سەرفی ئەندامێ فەرعی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک سەعید هروری.

**بەڕێز سعید محمد صدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی یەک کە دەڵێت(تتکون مالیة الاتحاد مما یلي: ١ـ یدفع کل عضو....) وا بزانم بکرێتە (مایدفعە کل عضو) باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک فاتح محمد امین.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبنیەکەی منیش هەر لەسەر (بدل اشتراك)ە ئەو پێنج دینارە و ئەوی تر دە دینارە، ڕاستە جیاوازی لە مووچەکانیاندا هەیە، بەڵام وەکو سوود وەرگرتن لە سندوقی زەمان و سندوقی نەخۆشی هەر وەکو یەک بێت باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو بەڕێز د.ناصح.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیوادارم سەرۆکی لیژنەی دارایی بەناوی خۆیەوە ئەو قسەیەی کرد بێت، چونکە من ئاگام لێیە برادەرانی ئەندامی لیژنەی دارایی ئەو رەئیەیان نەبوو بەرامبەر بە رەئی لیژنەکەیان، ئەو زۆر باش دەزانێ هۆی دواکەوتنی ئەو پرۆژەیە لە کوێوەیە و لە کوێ دواخرا و بۆ دواخرا؟ ئەم پرۆژەیە بۆ زانینی هەموو لایەکتان ساڵێک وپانزە رۆژە گەیشتۆتە دەستی ئێمە، کە گەیشتە دەستی ئێمە یەکسەر رەئی خۆمان لەسەر داوە، وەکو جەنابتان دەزانن بە(١٠)دە ئەندام بەرز ئەکرێتەوە و، لەسەر داوای جەنابتان رەوانەی حکومەت دەکرێ، ئەوانیش رەئی خۆیان لەسەردەربڕن، بەڵام بەداخەوە هەموو ئەوشتانە بە درەنگ جێبەجێ کراون، ئینجا لە١٦/١٢/٢٠٠١ گەیشتۆتەوە دەستی ئێمە، ئێمەش دەستمان پێ کردۆتەوە و رەئی خۆمان لەسەر داوە، بە هاوبەشی ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی پێکەوە بە هاوبەشی دیراسەتمان کردووە، شەرتیش نییە هەر پرۆژەیەک بێت ئەسڵەکەی چۆن بێت بەم شێوەیە بڵاوکرێتەوە، جا ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە بڵاوی کەینەوە پێویست ناکات نە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و، نە لیژنەکان رەئی خۆیان دەربڕن و نە موختەسین تەماشای بکەن، پرۆژەیەک کە هات هەر لەلایەن خودی یەکێتی مامۆستایان دوای تێبینی تر هاتووە نەک لەدوای ئەوەی کە لیژنەکەمان پرۆژەکەی ئامادە کردووە ئەوجا لەدوای ئەوەی یەکێتی مامۆستایان هەندێ تێبینیان هێنایە پێشەوە بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، لێرەش یەک دوو ماددەیان وا پەسەند کرا، لەبەر ئەوە هۆی دواخستنی پەیوەندی بە ئێمەوە نییە،ئەمە یەکەم جاریشە وەکو دوو لیژنە ئێمە ولیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دیراسەتمان کردووە و، ئەم پرۆژەیەمان ئامادە کردووە، دوای ئەوەی راوبۆچوونی هەموو لایەکمان وەرگرتووە و، بەرژەوەندی گشتی مامۆستایانمان خستۆتە بەرچاو، داواکارییەکانی یەکێتی مامۆستایانمان جێبەجێ کردووە و، لە رووی یاساییشەوە تەماشامان کردووە، وەکو لیژنەی پەروەردەش هەموو شتێکمان رەچاو کردووە، لەوانەیە ئەو مەسەلانەی (ریع و هبات و إیرادات)ی تێدا نییە، فعلەن ئەمانە پێویستە هەبن و، وابزانم کاک عەبدولخالق و کاک شێروان و چەند برادەرێکی تر ئەو پێشنیارەیان پێشکەش کرد، لام وایە ئەوە پێویستە بکرێت، بەڵام حەز ناکەم ئەندامی پەرلەمان فیشەک بە تاریکیەوە بنێت، بەتایبەتی خۆی بزانێ راستیەکە چییە؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی راستی ماددەی (١٦) کە دەڵێت (تتكون مالية الاتحاد مما يلي) دەبێت هەموو شتێکی تێدا بێت،(بدل اشتراك و بدل استقطاعات)یشی تێدا هەبێت و (منح و تبرعات و مساعدات و إيرادات مالية) دەبێت ئەوانەشی تێدا هەبێت، تەبیعی ئەوە ئەگەر زیاد بکرێت لەوانەیە خراپ نەبێت، ئەوەی راستی بێت هەر نەقابەیەک یا هەر یەکێتیەک یان هەر حزبێکیش کە ئیمکاناتی ماددی ناوەوەی خۆی زیاتر بێت، ئەوە توانای زیاتر دەبێت ئیستقلالیەتی زیاتردەبێت و زیاتر دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات و، ناکەوێتە ژێر تەئسیراتی هیچ شتێک، ئێمە کە قانون دادەنێین بۆ نیقابەیەک ، قانونی نیقابەکە دەبێت وەکو قانونی نیقابەکانی

تر بێت، دەبێت تەواوی ئیستقلالیەتی خۆی هەبێت و، ئەو قانونی ئیستقلالیەتە بپارێزێت بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی ئامانجەکانی خۆی جێ بەجێ بکات، نەک یەکێکی تر بۆی جێبەجێ بکات، یان پێی بلێت چی بکات؟ ئەو خاڵە ئەبێ رەچاو بکرێت، لەبەر ئەوە دەبێت قیادەی ئەو نیقابەیە یان قیادەی ئەو یەکێتیێیە ئەبێ لە مەسائلی مالیدا بزانێ لە کوێوە بۆی دێت؟ تەبیعی لە ئەندامەکانییەوە بۆی دێت، بەشێکی ئەساسی لە ئەندامەکانیەوە بۆی دێت نەک لە شوێنی ترەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە چارەسەری ئەو گیروگرفتانە بکەن باشترە، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان مداخەلەی کاک ئەمین لە جێگای خۆیەتی، بەڵام وادیارە هەندێ کەم وکوڕی هەیە لە تەبویبی فەسڵ، ئەوەی لە فەسڵی چوارەمدا هەیە مالیەی ئیتحادە، مالییەی ئیتیحاد نەک هەر لە فەسڵی چوارەمدا هەیە بەڵکو لە ماددەی شانزە و حەڤدەش هەر هەمان قسەکانی جەنابتی تێدا هەیە و بە هەمان شێوە، جا چ دەربارەی ئیستیسمار یان چ ئەوانی تر، بەڵام نەختێک گۆڕانکاری بچوکی دەوێت، مالییەی ئیتحاد جا یەک ماددە بێت یان شانزە، بەگشتی هەر سێکیان، یان مەوادی جۆرا وجۆر بن، بەڵام هەمووی لەژێر مالیەی ئتیحاد بێت، بەم شێوەیەش زۆر باشە، بەڵام تەبویبی موفەسەڵ و ئەو شتانە هەندێ نارێکە و گۆڕانکاری دەوێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ عەففان، فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە باشم زانی هەندێ روونکردنەوە بکەم، من بۆیە پێشتر دەستم هەڵئەبڕی، چونکە ئێمە بەتەئکید لەگەڵ ئەوەین کە دەبێت مینەح لە پرۆژەکەدا هەبێت، لە پرۆژە کۆنەکەی ئێمە یەکەم جار باسی مینەحمان کردووە، حەز دەکەم مێژووی ئەو مینحەتان بۆ بڵێم و جەنابی وزیری داراییش لێرەیە، لە دوای دروست بوونی کابینەی سێیەم بە دوومانگ واتە لە مانگی یەکەم ئەو مینحەیە دراوە بە مامۆستایانی کوردستان لەوە و پێش ئیعتمادی لەسەر خۆی بووە، بەپارەی خۆی ژیاوە، بینایاتی خۆی هەبووە، ئەو مومتەلەکاتەی کە هەیبووە هی خۆی بووە، بە هیچ جۆرێک حکومەت مداخەلەی نەکردووە، یارمەتیشی لە هیچ حزبێک لە حزبەکانەوە وەرنەگرتووە و نە لە حکومەت وەرگرتووە، لەدوای دروست بوونی کابینەی سێیەم ئەو مینحەیەی دراوەتێ کە ئێستا بووە بەنیوە، تەبعەن ئەو مینحەی ئێمە لەگەڵیان بووینە ئەوا لەیاساکەی خۆماندا لە یەکەم شت نوسیومانە، حەز دەکەم برادەران هەمووی ئاگادار بن، بەڵام بەنیسبەت ئەوەی کاک جەمیل

فەرمووی خەتای لیژنەی پەروەردە بووە، نەخێر ئەم یاسایە یاسایەکی زۆر تێرو تەسەل بووە، بەلاّم گیروگرفتی بۆ دروست بوو لە رۆژنامەکانیشدا بلاّو بووەتەوە، ناردرا بوو بۆ هەموو مونەزەمەکان و، هەروەها ناردرا بوو بۆ هەموو حزبەکان، پاش ئەوە هاتۆتە ئێرە، هەندێ عەرقەلەی تێدا دروست بووە، نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وزیران و بۆ وەزارەتی پەرەوەردە، تەبعەن ئەمانە هەمووی بوو بە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکە، لیژنەی پەروەردە زۆر بەدوایەوە بووە، زۆر هەولّی داوە کە چارەسەری بکات، جگە لەوانە ئەو خالاّنەی کە لە یاساکەدا هەنە وەختی خۆی لەگەلّ برادەرانی لیژنەی یاسایی هەمووی نوسراوە(اعلانات ، منح حكومية، ريع مطبوعات، مشاريع عامة) تەبیعی ئێمە چەند خانوومان هەیە هەر چەندە ئێستا هەندێکیان بەدەستمانەوە نییە، ئێمە خانوومان هەیە لە زاخۆ لە ئامێدی لە سۆران لە شەقلاوە، لە هەولێر دوو بینامان هەیە، ئەوانە هەمووی مومتەلەکاتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانن، تەبعەن ئێمە قازانجی ئەوانە هەموومان نوسیوە لە پرۆژەکەماندا، ئەوە نەبووە بیشارینەوە، لەراستی دا حەزم کرد لە پێشەوە بلّێم ئێمە مینحە بە ئاشکرا وەردەگرین، بەلاّم ئەو مینحەیە لەوانەیە پاش ماوەیەکی تر کەم بکرێتەوە یان نەمێنێ، ئێمە حەز دەکەین توانایەکی زیاترمان هەبێت و ئەو مینحەیەمان زۆر پێویستە. لەگەلّ رێزمدا.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پێم وایە ئەو پێشنیارەی کاک ئەمین کردی باش بێت، ئەگەر بە پەسەندی بزانن، ئەگەر نا هەر بەنیسبەت (اولاً: ١- يدفع كل من المعلمين والمدرسين مبلغ خمسة دنانير شهريا ) بە کێی بدات؟ لێرە دیار نییە، ئینجا دەبێ یان بلّێین (يدفع للاتحاد) یان بکرێت بە(١- مبلغ خمسة دنانير من كل عضو من المعلمين والمدرسين على الشكل الآتي) بەلاّم من پێم وایە ئەو پێشنیارەی کاک ئەمین لە هەمووی باشترە، هەم کورت کردنەوەیەکە هەم ماناکەی باشترە لەوەی کەوا دارێژراوە، لەگەلّ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش دیار نییە بە کێی بدات؟.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هی ئەوەی تۆ دەلّێی یەکسەر دەلّێ (يستقطع) لەوێوە دەست پێدەکات، لەگەلّ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک عەلی، کاک عەلی ئاخیر کەسە قسە دەکات.

**بەڕێز حــمــه علی توفــیق مــیــرزا فــتــاح:**

**بــەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو ئیرادە تازەیەی کە ئێستا هاتە کایەوە، مینەح و ئەو شتانە، بەراستی چۆنیەتی سەرفی دیار نییە؟ چونکە تەنها ئەو سەرفانەیە کە ئیقراری بۆ ئەکا لە کۆنگرە، بۆ ئەو ئیستیقتاعاتانەیە کە لە بەدەلی ئیشتیراک دەبێ، مەفروزە ئەو ئیراداتە تازەیەی کە ئێستا دەرس کرا چارەسەری چۆنیەتی سەرفی بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بــەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

خۆی عادەتەن ئەوە لە میزانیە دەکرێ، لە میزانیەی ساڵانە کە دائەنرێ، قازانجەکەی هەمووی دیاری دەکرێت، کە چەندە و ئەبوابی چیە؟ ئەوجوهی سەرفی چۆن دەبێ بۆ ساڵی داهاتوو؟ ئەمانە هەمووی لە میزانیە دیاری دەکرێت.

ئەم ماددەیە پێویستی بە سیاغە هەیە وەکو بۆمان دەرکەوت لەبەر ئەوە ئەو ئیقتیراحەی کاک ئەمین چاکە، کۆی ئەکاتەوە، گیروگرفتی زۆرمان بۆ چارەسەر دەکات، وەک فەقەرە یەک و دوو یان (أ ـ ب ج ـ...) ئەوانەی هەمووی تێکەڵە لەبەر ئەوە سیاغەکەی بۆ دوایی بە جێ دەهێڵین، ئێستا دەچین بۆ ماددەیەکی تر، سیاغە بکرێت ئەو ماددەیە لە کۆبوونەوەیەکی تر یەکسەر دەیخەنەوە دەنگدانەوە، بێ گفتوگۆ کردن پاش سیاغەکردنی، ماددەی حەڤدەم تکایە.

**بەڕێز مــحــمــد ســعــیــد احــمــد یعــقــوبی:**

**بــەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة السابعة عشرة:

تتكون الميزانية العامة للاتحاد من الميزانية الخاصة لمكتب السكرتارية والفروع والمشاريع والأعتمادات الخاصة بمكتب السكرتارية أو الفرع.

**بــەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەڤدە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ماددە حەڤدە پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی حەڤدەمین بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەژدە، فەرموو.

**بەڕێز مــحــمــد ســعــیــد احــمــد یعــقــوبی:**

**بــەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة الثامنة عشرة:

لمكتب السكرتارية أو هيئة الفرع بموافقة المجلس التنفيذي أن يستثمر جزءاً من موارده المالية

في مشاريع إنتاجية تدر فوائد على الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز یونادم یوسف کنا.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئێمە گەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی شانزە ئەویش هەر مالییە، جا مالیە چ ئیشتیراکات بێت، یان ئیستیسمارات بێت، هەمووی مالییە ماددەی شانزە و ماددەی هەژدە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، باسیشم کرد کە تەبویب و فەسڵ ،هەندێک کەم و کوری تێدا هەیە، خۆزگە برادەرانی یاسایی و لیژنەی دارایی پێکەوە سیاغەی بکەن، دەمج بکرێت بە یەک ماددە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یۆنادم ، ماددەی هەژدە تەخویلە بۆ ئیستیسمار، هیچ پەیوەندیەکی بە واریدەوە نییە، بەڵام پەیوەندی بە داراییەوە هەیە، بەڕێز کاک حمید، فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت فەرمووت تەخویلە، بەڵام ئەمە کە ئیستیسمار کرا قازانجی دەبێت، قازانجەکەش دەبێ باس بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر داخیل بکرێت لەماددەکە، راستە دەبێ قازانجەکەی داخیل بکرێت، زۆر سوپاس، فەرموو مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئیستیسماری مەوارید، مەواریدەکە دەبێت باس بکرێت، یەعنی دیار بکرێت، یەک لەوانە ئێستا لایەکی نەخۆشخانەی هەولێر موڵکی نیقابەی مامۆستایانە، ئەمە تا ئێستا باس

نەکرایە، مەوریدێکە جێگای (٢٢)سەربری تێدا هەیە بە پارەی مامۆستایان دروست کراوە، ئەو مەوریدە نازانم ئایا بزرە قسەی لێکراوە یان نەء؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ماددەی هەژدەم دەڵێ مەکتەبی سکرتاریەت یان هەیئەتی فەرع، ئەگەر مەجلیسی تەنفیزی موافەقەتی کرد، بۆی هەیە بەشێک لە مەواردی مالی پارەی بەدەستییەوە ماوەتەوە، مەواردی مالی ئەو مەواریدە مالیە ئیستیسمار بکات بە مەشاریعی ئینتاجی، یەعنی تەخویل دەکات، ئەو کاتە مەکتەبی تەنفیزی بۆی هەیە سکرتاریەت یان هەیئەتی فەرع تەخویل بکات، ئەگەر پارەی زیاتری هەبێت، بەشێک لەو پارەیە بەکار بهێنێت بۆ ئەوە. یەعنی ئێمە ناڵێین چ مەشروعێکە یان چی ئەکرن یان چی ئەفرۆشن؟ یان پارەکە لەکوێوە هاتووە، باسی ئەوە هیچیان ناکات، هیچ تێبینی تر هەیە، دیارە هیچ تێبینی نییە، ماددەی هەژدە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەژدە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ماددەی هەژدە پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی هەژدە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی نۆزدە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة:

الاتحاد هو المنظمة الشرعية الوحيدة التي تمثل جماهير المعلمين في اقليم كوردستان ـ العراق و خارجه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک لە راپۆرتا لیژنەیا دارایی و ئابووری دا هاتیە، (وخارجه)ڤێ بێتە حەزف کرن، بەس بێنێتن (الاتحاد هو المنظمة الشرعية الوحيدة التي تمثل جماهير المعلمين في اقليم كوردستان ـ العراق). (خارجه) نەمێنێتن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دوو مانای هەیە، دوو ماناکەتان لێ ئیلتیباس نەبێ، یەکێکیان یەکێتی تەمسیلی مامۆستایانی کوردستان دەکات لەناوەوە و لە دەرەوە، ئەوەی تریان یەکێتی تەمسیلی مامۆستایانی ناو کوردستانی عیراق دەکات، نەک تەمسیلی دەکات لەناو کوردستانی عیراق،

بەڵكو تەمسیلی ئەو مامۆستایانە دەكات كە لەناو كوردستانی عیراقن، جا ئێوە دەتانەوێ كامەیان بڵێین، (الاتحاد هو المنظمة الشرعیة الوحیدة التي تمثل جماهیر المعلمین في اقلیم كوردستان ـ العراق) ئەوە وازیحە، تاقە مونەزەمەی شەرعییە كەتەمسیلی هەموو مامۆستایانی كوردستانی عیراق دەكات، ئەوی تریان(الاتحاد هو المنظمة الشرعیة الوحیدة التي تمثل جماهیر المعلمین في اقلیم كوردستان ـ العراق و خارجە) ئەوەش شتەكی ترە، جا كامەتان دەوێت وەكو مامۆستایان داخیلی كەین ئەوەمان پێ بڵێن، خۆ لە حەقیقەت دا ئەوە باشترە(الاتحاد هو المنظمة الشرعیة الوحیدةالتي تمثل جماهیر المعلمین في اقلیم كوردستان ـ العراق) نەداخیلی دەوێت نە خارجی دەوێت، ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، فەرموو كاك عبدالخالق تۆ ئەو شتانە دەزانی.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی نازانم ئەو موستەلەحە (الشرعیة الوحیدة) بەرەئی من هەندێک باشە سیغەیەكی تری بۆ بدۆزینەوە باشترە، بەتایبەتی (الوحیدة) تەبعەن ئەوە لە تەعدودیەت هاتووە لە دنیا تەعدودیەتی زۆر هەیە، تەبعەن من لەگەڵ ئەوەم نیقابەی مامۆستایان تەمسیلی گشت مامۆستایان بكات، بەڵام ئەو موستەلەحە وا بزانم لە حەیاتی تەجاوزی كرد بێ، باشیش نییە ئێمە بێنەوە بەكاری بهێنینەوە، دوایی بیچەسپێنین بەسەر خەڵكیدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالخالق بەپێی قانون ئینتیماء بۆ ئیتیحاد ئیلزامیە، هەموو مامۆستایەک لەكوردستانی عیراق بەشەرت ئیشی مامۆستایەتی بكات، ئۆتوماتیكی ئەبێت بە ئەندامی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان، لەبەر ئەوە خارجی ئەو یەكێتییە هیچ یەكێتیەكی تر و هیچ رێكخراوێكی تر، قانونی نییە، كە قانونی نەبوو واتە شەرعی نییە، ئەوە پەیوەندی بە تەعدودیەتەوە نییە، فەرموو كاك عبدالخالق.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ موستەلەحەكەم، بەڵام لەگەڵ تەعبیرەكە نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرمووكاك یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف كنا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەس تەعدیلێک بگونجێ لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کاک عبدالخالق (الاتحاد هو المنظمة الشرعية الوحيدة التي تمثل جماهير معلمي كوردستان ـ العراق و امام المحافل الرسمية) تەواو یەعنی نەک (الوحيدة و الشرعية التي تمثل) لەوکاتە شەرعیە تەمسیلی ئەمام مەحافیلی رەسمی دەبێت، بەڵام تەنها نییە لەوانیە یەکێتیەکی تر هەبێت چەپ بێت یاراست بێت، بەس ئەو شەرعی نییە تەمسیل ناکات، ئەمە شەرعیەتی وەرگرتیە ئەو تەمسیل دەکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الاتحاد يمثل جماهير المعلمين في كوردستان ـ العراق داخل الاقليم وخارجه) تەواوە، پێی ناوێ، عەینی مانا دەگرێتەوە، بەڵام شەرعیەتی تێدا نییە، هیچ ئیعتیراز هەیە لەسەر ئەو سیغەیە(الاتحاد يمثل جماهير المعلمين في اقليم كوردستان ـ العراق داخل الاقليم و خارجه)، فەرموو کاک برهان.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، یەکەمیان ئەگەر بگوڕێ(الشرعية الوحيدة) (المنظمة المهنية.......)، دووەمیان ئەگەر برایان تێبینیان کرد بێت، لەو ماددانەی کە هاتوون تا ئێستا، تەحدید نەکراوە کە قانونەکە کەی ئیقرار دەکرێ کەی ئینتیخابات دەکرێ؟ من بە گونجاوی دەزانم لەم ماددەیە چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کاتێک دیاری بکرێت، چونکە لە قانونی سەندیکای تر هاتووە، تەحدیدی ئەو ماددەیە کراوە، دوای ئەوە کە لە پەرلەمان ئیقرار دەکرێ، ماوەیەکی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی ئینتیخاب بکرێت، لەلایەن مامۆستایان و رەئی ئاخیریش بۆ جەنابتانە و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داخیلی قانونی ناکەین، چونکە خۆی یەکجارە، ئەوان خۆیان مودەتی ئینتیخاباتەکە دیاری دەکەن، بەڵام ئەو خاڵە زۆر پێویستە کە ئیشارەت بەوە بدرێت کە ئەم رێکخراوە تەمسیلی مامۆستایانی کوردستان دەکات، ئەوە حەقی ئەوەی هەیە موراجەعەی جیهاتی رەسمی بکات ، جا چ لەناوەوە بێت یان چ لەدەرەوە بێت، فەرمووکاک د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر خەلەلەکە گوایا لە وشەی (الوحيدة) بێت ئەو پێشنیارەیە بەم شێوەیە بکرێت، لەوانەیە باشتر بێت، (الاتحاد هو المنظمةالمهنية الشرعية ....)، واتە لەرووی میهەنیەوە شەرعیەتی هەیە، چونکە هەر مامۆستایەک ئیجباری کە دەچێتە یەکێتی مامۆستایانەوە دەبێ یەکەم جار دابمەزرێ، لێرە شەرعیەتەکەی خۆی لەوێوە وەردەگرێ، یەعنی مونەزەمەیەکی تر ناتوانێ تەئسیر لە

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بکات، ئەمە مونەزەمەی میهەنی شەرعیە لە کوردستانی عیراق و هەروەها لە دەرەوەی عیراقیش، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من وشەی شەرعییەتی پێ ناوێ، چونکە شەرعیەتەکە لە قانون وەردەگرێت، قانونەکە تایبەتیە بۆ خۆی شەرعیەتەکەی وەرگرتووە حاجەتی وشەی شەرعی ناکات، بۆ خۆشی مونەزەمەکی میهەنیە چونکە تەعریف کراوە، لە سەرەتاوە، هەروەها ئەوەشی پێ ناوێت، تەعریف کراوە کە ئیتیحاد چیە؟ لەبەر ئەوە ئەو سیغەیەی کەوا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەڕێزی ئیعلانی کرد کەوا ئیتیحاد مونەزەمەیەکە تەمسیلی جەماهیری مامۆستایانی کوردستان دەکات، یان بەشێوەی ئەوەیە هەدەف تاکو تەزاروب لە بەینی ئیتحادات نەبێ، کە بەم شێوەیە هاتووە بەراستی کۆمەڵەی ئتیحادات نەبێ داخیلی مونافەسە ببن وەکو زۆر مەسائیلی تر کەروویداوە، ئەوە یەکێتی قوتابیانی فلان کەسە یان ئەوە هی فلانە، مامۆستایانیش وای لێ بێت، ئێستا مامۆستایان سیغەکیان لەبەینی خۆیان هەیە رێکەوتوون، سیغەکی زۆر رێک و پێک، لەبەر ئەوە بەو سیغەمان هێنا کەتاکە مونەزەمە بێت لە کوردستان، ئینجا کێ دەردەچێ ئەوە موشکیلە نییە، بەڵام ئەو سیغەیەی کە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن عەرزی کرد، ئەوەش بەنیسبەت ئێمە وەکو لیژنەی قانونی کە تەرح بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو سیغەیە وەکو ریئاسەت تەقدیمی دەکەین بۆ گفتوگۆ کردن، لە جیاتی ماددەی نۆزدە، لە جیاتی (المنظمة الشرعية الوحيدة) (الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل جماهير معلمي كوردستان العراق داخل كوردستان و خارجه)، تێبنی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، تێبینی نییە، تکایە بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة:

الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل جماهير المعلمين في كوردستان العراق داخل إقليم كوردستان و خارجه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم جماهیریشی ناویت.

**بەڕێز کـــاکـــە رەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڵێ راستە (جـمـاهـیر)یش پێویست ناکات.

المادة التاسعة عشرة:

الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل المعلمين في كوردستان العراق داخل إقليم كوردستان و خارجه.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کەمن وتم رەئی هەیە، کەسێکتان تێبینی نەبوو، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سـرتیپ مـحـمـد حسین(سیـروان کـاکـەیی):**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هیچ رەئیم نیـیـە، بەس تێبینیـەکی هونەری، ئەو مـاددانە مـاددەی(١٩، ٢٠، ٢١) لەژێر فـەسـڵی مـالیـەی ئـتـیـحـاد هاتووە، فـەنیـەن ئەوە نابێ لەوێ بێت دەبێت هەڵبگیـرێت، چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە مـالییـەوە نییـە، بچێتە ئەحکامی خیـتـامی کە لەدواوە هاتـووە، هەر ئەوەندە تێبینیەم هەیە.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

راستـە دەبێت ناو نیـشـانێکی بۆ بدۆزینەوە، فـەسـەڵێکی بۆ دابنێین، چونکە هەندێ شـتی تەفسیلیشی تێدا هەیە، ناونیشانێکی بۆ بدۆزنەوە، ناحیەی قانونەکەی موهیم ترە، تکایە ئەو ماددەیە بخوێننەوە ئینجا لە پاشان ناونیشانی بۆ بدۆزنەوە.

**بەڕێز کـــاکـــە رەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة التاسعة عشرة:

الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل المعلمين في كوردستان العراق داخل إقليم كوردستان و خارجه.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تکا لەو ئەندامـە بەڕێزانە دەکـەم کـە مـاددەی نۆزدە پەسـەند دەکـەن بەم شـێـوەیەی خـوێنرایەوە، دەسـتـیـان بەرز کـەنەوە، زۆر سـوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسـەندی نـاکـەن دەسـتـیـان بەرزکـەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی نۆزدە وەرگیرا، ماددەی بیست.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون:

يساهم الاتحاد في جميع المجالس واللجان المتعلقة بمجال المعلمين والتربية والتعليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە مەجالێت تەعلیمی وتەربیە مەجالەکی حکومیە ژ بەر هەندێ پێشنیار دکم ئیزافە لەسەر هەبێت(وبموافقةالجهات الرسمية) نەک فەرز بێتن لەسەر حکومەتێ دبێت لە هەموو مەجالەکی تەربیە وتەعلیم بەشداری بکەن(يساهم الاتحاد في جميع المجالس واللجان المتعلقة بمجال المعلمين والتربية والتعليم وبموافقةالجهات الرسمية)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە قانون ڕێگا ئەدەیت کە لە هەموو لیژنەکان بەشداری بکات، کە پەیوەندی بە مامۆستا و تەربیەو تەعلیم هەیە، دەبێت ڕێگای بدەیتێ، ئەگەر بە دەستی جیهەی تەربیە بێت هەر مەجالی ناداتێ، بە کەیفی خۆی ئیش دەکات، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، ئێمە حەز دەکەین تێبینی هەبێت، فەرموو کاک رجب.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بنویسن(للاتحاد)ئەگەر حەز کاتن، ئەگەر حەز نەکەت ناکات، ئەگەر مە گوتن (للاتحاد) واتە (يجوز)، ئەگەر مە گوتن يساهم واتە موساهەمەی دکاتن لگەڵ هەمی لیجانا لبەر هەندێ مەجال پتر دەداتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت خۆت مامۆستای، باش پارێزگاری لە مامۆستا دەکەیت.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەسلەحەت بیتن کە داخیلی لیجان بیتن، ئەگەر مەسەلەحەت نەبیتن با داخیلی لیجان نەبیتن، بەینەما مە بلێین (يساهم) فەرقەکی دبیتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە وای لێ بکرێت (یساهم المجلس في جميع النشاطات والمجالس واللجان المتعلقة بمجال المعلمين والتربية والتعليم)، خۆ مەجلیسی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، لەوانەیە کۆبوونەوەک بکەن لەسەر شتەکی، لەوانەیە یەکێتی مامۆستایان نەتوانی لەوێ ئامادە بێت، بەڵام ئەگەر (نشاط) بێ دەتوانی ئامادە بێت، هەمووچالاکیەک کە پەیوەندی بە تەدریسەوە هەبێت لەگەڵ لیجانیش لیجانیش ئەوە شتەکی ترە دەتوانی بەشداری بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکە رەش،فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە خۆی نەسەکە زۆر باش هاتیە، واتە (یساهم)یەکێتی مامۆستایان لە هەر لیژنەیەک کە پەیوەندی بە مامۆستایان هەبێت یان بە تەربیەوە هەبێت، فەرز کەین ئەگەر لە قوتابخانەیەک مامۆستایەک(لاسمح الله) لیژنەیەکیان تەشکیل کرد لە دژی مامۆستایەکی تر، با نوێنەرەکی نیقابەی مامۆستایانی تێدا هەبێت بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکات، با بزانی غەدر لەو مامۆستایە دەکرێ یان ئەو مامۆستایە موستەحەقی ئەو عقوبەیە، هەر بۆ خۆی یەکێتی مامۆستایان کە تەمسیلی مامۆستایان دەکات حازر بێت بۆ تەحقیق، واتە مەسەلەکە زۆر ئاساییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە ماددەی بیست دەخەینە دەنگدانەوە، تکایە بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

المادة العشرون:

يساهم الاتحاد في جميع المجالس واللجان المتعلقة بمجال المعلمين والتربية والتعليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم ماددەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ ماددەی بیست وەرگیرا، ماددەی بیست ویەک.

المادة الحادية والعشرون:
أ ـ يكون رئيس الاتحاد وسكرتير مكتب السكرتارية ورؤساء الفروع متفرغين لإنجاز اعمال ومهام الاتحاد.
ب ـ لمكتب السكرتارية وبنسبة(٣/٢) ثلثي أعضاء المكتب أن يقرر تفرغ أي عضو من اعضاء مكتب السكرتارية أو هيئات الفروع لمهام وواجبات الاتحاد.
ج ـ يجب أن لا يتجاوز عدد المتفرغين لمهام الاتحاد من أعضاء مكتب السكرتارية أو هيئة الفرع عن(٣/١) ثلث عدد الأعضاء.
د ـ تعتبر المدة التي يقيضها العضو في التفرغ لمهام الإتحاد خدمة فعلية لأغراض الترفيع والعلاوة والتقاعد والترقية العلمية ويصرف لهم مخصصات محددة خلال فترة تفرغهم أضافة الى رواتبهم ومخصصاتهم المهنية أو الجامعية المقررة بموجب القانون والتعليمات الخاصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڤێت مامۆستا تەفەرغ دەکاتن بۆ نیقابە هەمی موخەسەساتی میهەنی جامیعی وەردەگریتن، بێ ئەوەی هیچ خزمەتێک بۆ وەزارەتی تەربیەو ونە بۆ جامیعی و نە بۆ مەعهەدی بکات، لەبەر ئەوە ناکرێتن موخەسەساتی تەربەوی، یان جامیعی وەربگرێتن لەگەڵ ئەوەش موخەسەساتی زیادیش وەربگریتن، لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی و ئابوری پێشینار دەکاتن، ئەوە شەتب بکرێتن( ویصرف لهم مخصصات محددة خلال فترة تفرغهم إضافة الى.....) یان دەبێت ئەوە وەربگرێتن یان دەبێ میهەنی وەربگریتن، مادام میهەنی جامیعی وەربگریتن، (خلال فتره تفرغهم) ئەوە شەطب بکرێتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرمووکاکە ڕەش.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەکە باش هاتووە، ئەوەی بەڕێز لیژنەی مالی بۆی چووە، چونکە مامۆستایان ئەوانەی کە موخەسەساتی میهەنی و شتی تر وەردەگرن، باوەڕناکەم هیچ مامۆستایەک دەوامی لە سێ سەعات زیاتر بێت، بەڵام کە تەفەروغی کرد، لەوانەیە ببیتە (١٠یان ١٥)سەعات، لەوانەیە تەواجودی ڕۆژانە لە مەرکەزی ئتیحاد مانای وایە واجبات و موهیماتی زۆر تر دەبێت، مخەسەسات لە زۆربەی دەوائیر قانونەکی تایبەتی هەیە پێی دەگوترێت(مخصصات الاعمال

الإضافـيـة) ناومان نەناوە ئتيحاد بۆ ئەوەی خۆی تەقدير بكات، ئەو مامۆستايەی تەفەروغی بۆ دەكات، خۆيان مەجليسی تەنفيزی كۆ ببێتەوە قەرار بدات، ئەو مامۆستايەی تەفەروغی كردووە نيسبەی راتبی مەقتووعی بۆ بكرێت، شتەكی زۆر ئاساييە، ئەركەكی زۆر قورس نييە، سێيەكی ئەعزای ئتيحادن، نابێت تەجاوز بكات لە سێيەكی زياتر كە موتەفەرغ بن، ئەگەر مانگێ تەقدير بكرێ (٥٠ـ ٦٠) دينارەک ئيزافە لەسەر مووچەی خۆيان وەربگرن موقابيل ئەو هاتوچۆيەی رۆژێ سێ جار پێويستـە بێتـە ئتيـحاد، بەڵام رۆژەكانی تر يەكجار دەڕوا، لەوانەيە بە تەكسی بێت، شتەكی زۆر پێويستە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاک جەميل.

**بەڕێز جـەميل عـبـدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

دائيـمەن مـينحە ومـوخەسـەساتا بە قـانونە، نە سـلاحيـەتا مـەكـتـابـا سكرتاريەتيـە كـو هەندەک مـوخەسـەساتی دی بدرێتە وان، بەپێچەوانە ئەو مامۆستـايە ماندوو دبت ئەوەی لە مەدرەسە چ مـامـۆسـتـای سەرەتايی چ مـامـۆسـتـای ناوەندی يان لە زانكۆ دەرس دەلێتن؟ كـو مـوقـابليـا موخەسەسات وەردەگريتن، لە هيچ قانونەک نييە كو سلاحييەتی مەكتەبی سيكرتاريەت بە كەيفی خۆی مـوخەسـەسات دابنێتن، دايمەن مـوخەسـەسات بە قانونە ئەوە بەڕێز وەزيری دارايی و ئابووری مەوجودە، لەبەر ئەوە (مخصصات محددة خلال فترة تفرغهم) ئەوە شەتب بكرێتن تەنيا ئەوەی مـوخـەسـات و راواتبی مـيـهـەنی و جـامـعی ئەوەی بە پێی قـوانيـن مـەعلووم بيت ئەوە قـەيدی ناكـات، تەرقـيـە و عـەلاوە و تـەرفـيـع ئەوەی بۆ حـيـسـابە قـەيدی ناكـاتن، بەڵام ئەوە ئەوەلەن لە سەلاحيەتی مەكتەبی سكرتاريەت نييە كە موخەسەسات بدات، بەراستی موخەسەسات بە قانونە، دووەم نابيتن مادام هيچ جوهدی بۆ تەعليم و تەدريس سەرف ناكات، بەس جوهدەكەی بۆ ئتيحادە بۆ دەبێت موخەسەساتی تر وەربگرێت، دەبێت لەيەک لا وەربگرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

فەرمووكاكەرەش وەڵامی بدەرەوە.

**بەڕێز كـاكـەرەش نقـشـبـندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

موخـەسـاتێک كە بە قـانون دەدرێت بە خـۆی لە مـيـزانيـە عـامـەيە، قـانونی لە مـيـزانيـە عـامـە ناگـوترێت، ئيمكان نييە موخەسەسات بەبێ قانون بدرێت، موخەسەساتە دەدرێتە ئەو كابرايە لە ميزانيەی خۆيانەوە لەزمنی پارەكانی خۆيانەوە پارەكەی خۆيان وەردەگرن. لەپارەی خۆيان دەدەنە يەكێكی تر ئەوجا بەهەر نەوعەكی بێ كەواتە سەلاحيـەتی ئەوەی نييە رۆژەكی ئەگەر يەكێكی

موکافەئە بکات هەیەتی سەرۆکی ئیتیحادە هەموو مەجالێک هەیە پارەی خۆیەتی میزانیەی خۆیەتی یان لەزمنی میزانیەی خۆیان سەرفی دەکەن و موئتەمەر بڕیار دەدات. مومکینە سەلاحیەت بداتە سەرۆکی ئیتیحاد موکافەئە(١٠)هەزار دیناری بداتێ لەزمنی میزانیەی خۆیان، ئەوە عیلاقەی بە یاساوە نییە. دوایی ئەتۆ کە دەڵێیت (صرف له القانون)ئەوە بە یاسا دەیدرێتێ نا کا موخەسەساتەکە ئەمە بە قانوونی موخەسەساتی دەوڵەتە قانونی موخەسەساتی مونەزەمەیەک نییە ئەگەر کابرایەکی موتەفەریغ چوار عانەی بداتێ ناوی بنێ یاسای موخەسەسات با لەباتی موخەسەساتەکەش بیکەنە موکافەئە و بڕێتەوە مەوزوعەکە.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک یونادم

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان هەر لەفەقەرەی (د)هاتووەئەڵێت (تعتبر المدةالتي يقضيها العضو في التفرغ لمهام الاتحاد خدمة فعلية لأغراض الترفيع والعلاوةو التقاعد)ئەوە زۆر ڕێکە چونکە جێگای خۆیەتی تەرقیەی علمی عیلاقەی نییە بە مودەت لەوانەیە مامۆستایەک کە لەزانکۆ (١٠)ساڵ هیچ تەرقیەی عیلمی بۆ نەیەتەوە چونکە هیچ بەحثێکی پێشکەش نەکردبێ حەقمان نییە ووشەی تەرقیەی عیلمی بۆ بێتەوە بەبێ هیچ بحوثات و ئەبحاث و ئەو شتانە ئەوە نەمێنێ باشترە.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس. کاک د.ئیدریس باسێکی تەرقیەی عیلمیمان بۆ بکات خراپ نییە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەرقیەی عیلمی ڕاستە لەزانکۆ بەڵام لەهەندێ جاریشدا بەپێی خدمەیشە لەهەندێ وولاتیش هەیە بە(عدد سنوات)

مەسەلەن لە لیبیاو زۆر وولاتی کە هەیە عەدەدی سەنەوات کەتەواو دەکات ئەوەندە ساڵ تەرفیع دەکات عیلمیەن ئیحتیمالە بەنیسبەت مامۆستایان شتی وا بەحس نییە بە تەرقیە بیکەن لەوانەیە بەمودە بیکەن بەڵام بەنیسبەت جامیعە نیزامیک کە هەیتمان ئێستا ئەمە بە بوحوثە بەنیسبەت فەقەرەی (د)یش ئەگەر (ضمن الميزانية الخاصة) ئەوە لەجێی خۆیەتی ئەو موخەسەساتەیان هەبێت بەڕاستی بەس (ضمن ميزانية الاتحاد)یەعنی لەمیزانییەی خۆیان داخل بکرێت ئیشکالەکە نامێنێت وەکو (کاکە ڕەش) فەرمووی لیژنەی یاسای ئەوەلە میزانییەی خۆیان ئەو موخساتەی دەدەن و نایکەنە موکافەئە چونکە موکافەئە مەتاتیەی تێدایە بەڕاستی زیاد

دەكات و كەم دەكات .سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر موخەساتەكە بمێنێتەوە باشترە میزانییەی خۆیانە. فەرمووكاك شمائیل .

**بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر ئیدریس بەحسی كرد ئەو مەسەلەی تەرقیەی عیلمیەئێمە هەردووكمان ئەندازیارین من و كاك یونادم دەزانین بەسەنەواتی خدمەیە نابە بەحسە یەعنی جێگری ئەندازیار، موستەشار، ئەوانە هەمووی بەپێی خدمەیە ئەوی ترنازانم كاك جەمیل باسی كرد بەڕاستی جارجار مەلەكی زیاتر دەبێت لەمەلیك وا بزانم ئەوە پرۆژەی حكومەتە ئەوە زمنی میزانییەی ئیتیحادە یەعنی ئەوە مەسئولیەتی ئیتیحادە تەحەمول بكات ئەوە مەسئولیاتێكی زۆر گەورەیە بەبێ موقابیل ئەوە بەڕاستی میثالیەتە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس.ناوەكانمان نووسیوە خۆ هەر دەقیقەیەك یەكێ دەست بەرز ناكاتەوە.فەرمووكاك ئیبراهیم دۆغرەمەچی.

**بەڕێز ئیبراهیم عبد القادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وا بزانم كاك جەمیل مەخسەدی موخەسەساتی میهەنی و تەعلیمی بوو ئەوی لەفەرمانگەی خۆی وەردەگرێ بەڕێز كاكە ڕەشیش باسی موخەسەساتی نیقابەی كرد كەدەیداتێ ئەگەر بەقسەی كاك جەمیل بێت ئەو موخەسەساتەی كە لە فەرمانگەی خۆی وەری دەگرێت موخەسەسات نییە موخەسەساتی تەدریسیە ئەگەر بزانێت تەفەرەوغە موخەسەساتەكەی لێ دەبڕێت وا بزانم ئیستیعدادی ئەوەی نییە تەفەرەوغ بكات دوایی دەبێت بەیاسا ئەوەش یاساكە دەڵێت ئەو موخەسەساتەی كەوەردەگرێ بۆ ئەو مودەیەی كە تەفەرەوغ دەكاتن لەبۆ نیقابە لەبۆ ئیتیحاد ئیعتیبار دەكرێت بە خدمە بۆ تەرفیع ئەوە یاساكە تەحدیدی دەكاتن ئێمە موخالەفەی هیچ یاسایەك ناكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێزشێخ عەفان نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێزعەفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برایان زۆر باسی تەفەڕوغیان كرد تەفەڕوغ تائێستا بۆ مامۆستایان نییە ئەوەی كەمسئولی لقی

دهۆکە ئێستا بەڕێوەبەری پەیمانگایە دەوامی خۆی ئەکات بەمەزبووتی پێش ساڵێکە کە هەولێر ژمارەی مامۆستای گەیشتۆتە (١٤)هەزار ئینجا سەرۆکی لق بەس ئەوە بۆ ماوەی ساڵێکە موتەفەریغە تا ئێستاش هیچ کەسێک داوای تەفەڕوغی نەکردووە ئەو موخەسەساتەیش کە دەدرێت بەهەر کەس بدرێت ڕەنگە لەنیوقاتی مەعاشی پۆلیسێک کەمتربێت کەئەدرێت بەو کابرایە دێت و ئەڕوات ئەندامی سکرتاریەت بێت یان ئەندامی لق بێت ئەگەر ئەویش بەشەوان دەوامی تەواو بێت ئەگەر بەتەکسی بێت و بڕوات ئەوا بەشی نیو مانگی ناکات سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە لێرە ناخوا چونکەنەنوسراوە، چەندە نوسراوە موخەسەسات؟ نوسراوە کێ ئەو موخەسەساتەیان بۆ سەرف ئەکات؟ نەنووسراوە کێ بۆیان سەرف دەکات لەماددەکەدا (یصرف لهم مخصصات محددة خلال فترة تفرغهم إضافةً الى رواتبهم و مخصصاتهم ) ئیشکالەکان من تەسەورەکەم لەویا بێت کەنەنووسراوە کێ بۆیان سەرف ئەکات.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبدی:**

دووشتی زۆر وازحن دەڵێت ئەوە تەفەڕوغە و(یصرف لهم مخصصات محددة خلال فترة تفرغهم إضافةً الى رواتبه ومخصصاته المهنيه)ئەو ڕەواتیب و موخەسەساتی میهەنیە هی حکومەتە ئەوی تر مەعنای ئەوەیە موخەسەساتی ئیتیحاد بۆی سەرف دەکات چونکە ئەوان ناتوانن شت لەسەر حکومەت فەرز بکەن بڵێین دەبێت تۆ موخەسەسات بدەیت بەخەڵکی، موخەسەساتی هی میهەنی وڕاتبی ئەوی تریش هی خۆیانە سەرفی دەکەن سێ شتە موخەسەسات مەحدودە ئیزافەتەن لەسەر ڕاتب و موخەسەساتی میهەنی کە خۆی لە فەرمانگەی خۆی وەری دەگرێت مانای وایە دەست کاری ئەوەی نەکرێن چونکە تەفەڕوغی کردیە بڵێت ئەتۆ ئیستیحقاقی موخەسەساتی میهەنیت نییە چونکە مومارەسەی میهنە ناکەیت وەک مامۆستایەک بچێتە ئەوەی تەفەڕوغ بکات مومکینە یەخەی بگرن ئەگەر یاسا نەبێت دەڵێن تۆ ئێستا مومارەسەی میهنە ناکەیت حەقی موخەسەساتی میهەنیت نییە لەبەر ئەوەی ئەم نەسە زەروریەو، ئەبێت مەغدور نەبێت کابرا موخەسەساتی میهەنی لۆ بچێت چونکە تەفەڕوغی کردیە بۆ ئیشوکاری ئیتیحاد ئەوەیە مەوزوعەکە هیچی تر نییە، نەسەکەش زۆر باش هاتیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محمد سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سەعید أحمد یعقوبی:**

المادة الحادية والعشرون:

اولاً- يكون رئيس الاتحاد وسكرتير مكتب السكرتارية ورؤساء الفروع متفرغين لإنجاز أعمال ومهام الاتحاد.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

سێ شەممە ڕێكەوتی ١٦/٤/٢٠٠٢

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٦/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە نۆ)ی خولی یەكەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***
***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە نۆ)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٦/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:***
***١ ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی مامۆستایانی هەرێمی كوردستانی عێراق.***
***٢ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی یەكەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین.
بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێكهاتووە:
١ ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی مامۆستایانی هەرێمی كوردستانی عێراق.
٢ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩.

پێش ئەوەی دەست بە كار بین، بەخێر هاتنی گەرمی بەڕێزان وەزیری پەروەردە و وەزیری دارایی و ئابووری دەكەین، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دوێنێ لەسەر سەكۆیەكە ئامادە بوون، با بفەرموونە سەر سەكۆیەكە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع: مالية الإتحاد

المادة السادسة عشرة:

اولاً: تتكون مالية الإتحاد مما يلي:

١ ـ خمسة دنانير يدفعه كل عضو من المعلمين والمدرسين شهرياً يستقطع من راتبه على الشكل الاتي:

أ ـ مبلغ دينارين من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.

ب ـ مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات .

جـ ـ مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.

د ـ مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.

٢ ـ ضعف ما هو مقرر في الفقرة (١) اعلا يدفعه كل عضو من التدريسيين في المعاهد والجامعات.

ثانياً:يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات(أ، ب، جـ، د) من البند اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بإسم (لجنة الضمان ولجنة مساعدة الأعضاء) لتنفيذها.

ثالثاً: فتح حساب في مصارف الاقليم.

رابعاً: تتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في إجتماعات الفرع.

خامساً: تخضع حسابات الإتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.

سادساً: لايحق لأي عضو مطالبة الإتحاد بالحقوق المالية إذا فقد عضويته في الإتحاد.

سابعاً: يتم نقل (٥٠٪) خمسين بالمائة من الموارد المالية الواردة في الفقرة (د) من اولاً الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تتكون مالية الإتحاد) سێ و چوار و پێنج ئەوانەت لەبیر چوو بخوێنیەوە، هەر ئەوەندە بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو و سێ و چوارمان لەبیر چوو بە حەقیقەت لە مالیەی ئیتیحاد، یەکەکیان وەسائیلی ئەوەی کە لە مووچەیان دەبڕا لە زمنی مالیەی ئیتیحادە.

دوو: (المنح والمساعدات من حكومة الاقليم).

سێ: ( ريع نشاطات الإتحاد ).
چوار: ( فوائد الاستثمارات ).
پێنج: ( بدلات ايجار المباني المملوكة للإتحاد ).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەوانە، كاك فاتح مەحمەد ئەمین فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر سیغەكە دەڵێم ئەگەر بڵێین (تتكون مالية الإتحاد من:١ ـ بدل الاشتراك وبالشكل التالي) بەدل ئیشتیراكەكە ئەو پێنج دینارەی كە لێی دەبڕێ خۆی دابەش دەبێت، بەڵام بەناوی بەدل ئیشتیراكەوەیە.

تێبینی دووەم: دوایی دەڵێین (يدفع كل عضو) ئەگەر لەباتی ئەوە بڵێین (يستقطع من كل عضو) چونكە هەمووی بە (يستقطع) هێناومانە و، فعلەن لێشی دەبڕێ خۆی نایدا، تۆ لێی دەبڕی وەكو سیغەی ئیجباری.

تێبینی سێیەم: كە دەڵێن ( ٥٠ ٪ ) ببڕێت لە فەرعەكان بدرێت بە مەكتەبی سكرتاریەت، بە قەناعەتی من ئەو رێژەیە زۆرە، ئەگەر بكرێت بە لە ( ٤٠ ٪ ) گەلێک باشترە بۆ ئەوەی لقەكان نەختێک بتوانن چالاكی خۆیان دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیریی ئەو رایەی كاك فاتح دەكەم، كە ئیستقتاع بكرێت، بەڵام عەرەبییەكەی لە عەرەبی یاسایی ناچێت، وەكو یەكێک لە عەسكەری فێری عەرەبی ببێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماموستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەلەسەی (يدفع ، استقطاع) چارە كرا، بەڵام من لە دووەم و پێنجەم لەبارەی خوێندنەوە و سیغەكەی قسەیەكم هەیە دەڵێ: (يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف في الفقرات (أ، ب، ج، د) من الفقرة اولا وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص

وتشكل)، پێموایە (تشكل) بكەرەكەی دیار نیە و، تەشكیل لیجان هەتا لەگەڵ ئیلیتزام موافیق بێت، ئیلیتزام و تەشكیلی لیجان لەسەر هەیئاتی فەرعە ئەوە تێبینیەك.
تێبینی دووەمیشیان: (خامساً: تخضع حسابات الإتحاد الى الرقابة المالية) قانونیەی بۆ چیە نازانم، رەقابەی مالیەمان هەیە، بەڵام قانونیەمان هەیە؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە، فەرموو كاك د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە، دوێنێش من پێشنیارم كرد، ئەمرۆش پێشنیار دەكەم لە (سابعاً) ئەو ئیشتیراكاتەهی فەرعی بمێنن باشترە ئەندامێكی فەرعی بێنە سەرف كرن، چونكە مەكتەبی سكرتاریەت ئەڤە نوكێ پێنجی سەدی تەحویلی حیسابا مەكتەبی سكرتاریەت دەبێ، مەكتەبی سكرتاریەت مینحەت هەین ئیستسمارات هەین، ئەڤ مەبلغە ئەگەر بۆ فەرعی بمێنێ ل ئەندامە بێتە سەرف كرن من باشتر دەبینم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، ئێمە دوو تێبینیمان هەیە:
لە خاڵی یەكەم (أ) وتراوە (يستقطع من راتبه) وانیە، (یستقطعەكە) لابردراوە (مبلغ دينارين لمصلحة صندوق الضمان) نەك (دينارين من راتب العضو) جارێكی تر، (دينار واحد كبدل إشتراك) جارێكی تر (من راتب)ەكەی ناوێت ئەمە یەك، ئیجاراتیش (ايجار العقارات المملوكة) شامیلە، جا تكایە وەڵامی پرسیارەكانیش بدەرەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت جەنابی مامۆستا مەلا هادی فەرمووی سیاغەكە قانونی مەزبوت نیە، حەز دەكەین سیاغەكمان بداتێ بۆ ئەوەی گفتوگۆی بكەین لەگەڵ برادەران، بزانن كامەیان عەرەبیەكەی باشترە، چونكە ئێمە هەردەم ئەوەی عەرەبیەكەی باشتر بێت دایدەنێین و، سوپاسیشی دەكەین ئەگەر عەرەبیەكی جوان و ڕێكوپێك ترمان بداتێ، بۆ ئەوەی بتوانین عەرزی سەر برادەرانی بكەین.
بەنیسبەت ئەوەی كاك فاتح فەرمووی (استقطاعەكە) هاتووە، چونكە دەڵێین (خمسة دنانير يدفع كل عضو من المدرسين يستقطع من راتبه)، وشەی (استقطاع) هاتووە، چونكە دەبڕێ.
ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیریش فەرمووی، ئەویش هەر ئیلتیزامەكە لیجانی بۆ تەشكیل دەكرێت و دەڵێ ئەو ئیلتیزامە دەكرێت (وتشكل اللجان لهذا الغرض) مانای ئەوەیە ئیعتیادیە پێی ناوێ بڵێین ( وتشكل اللجان من قبل )، ئەوجا لەوانەیە لیژنەی فەرعی خۆی بیكات، لەوانەیە

مەکتەبی سکرتاریەت خۆی بیکات، لەوانەیە (مجلس تنفیذي) خۆی بیکات، چۆنیان زانی کە وتمان (تشكل اللجان) مانای ئەوەیە ئەو لیژنەیە چۆن کرا بە چ شێوەیەک پێیان پەسند بوو بەو شێوەیە لیجان دەکرێت، لەوانەیە لیژنەیەکی گشتی دەکرێت، لەوانەیە لیژنەیەک لە هەر فەرعێک دەکرێت، لەوانەیە لیژنەیەک لە مەکتەبی سکرتاریەت بکرێت لە ژێر ئیشرافی مەجلسی تەنفیزی، با ئەو شتەی بۆ ئەوان لێ بگەڕێین بزانین چۆن و بە چ شێوەیەک پێیان باشە، بەس فەرز بکەینە سەریان کە لیجان بۆ ئەو ئیشە دروست بکەن.

ئەوەی کە کاک د. رزگار فەرمووی دەڵێ بمێنێتەوە لە فەرع باشترە، تەنیا یەک بڕگەیە ئەوەی لە ٥٠ ٪ی تەحویل دەبێت بۆ مەکتەبی سکرتاریەت، ئەوانی تر تەحویل نابێت، تەنیا مەوزوعی ئیشتیراکی (عن بدل عضويه) کە دینارێکە، ئەو ٥٠ ٪یە تەحویل دەبێت، نەک ئەوانی تر، ئەوانی تر هەموو لە فەرع دەمێنێنەوەو، دوو دینارەکەی هی (الامراض المستعصيه) یان (ضمان) یان (وفيات) هەموو لە فەرعەکان دەمێنێنەوە، تەنیا ٥٠ ٪ی ئەو دینارەی کە هی بەدل ئیشتیراکی ئەندامەکانە.

دووەم: ئەگەر هیبات و شتی وا مەکتەبی سکرتاریەت وەریگرێ خۆ بۆ خۆی نیە، (هیبات) وەرگرێت دەبێت بچێتە لقەکان و حیسابی ( مجلس تيفيذي) دابەش دەکرێت، خۆ ئەو هیباتە مانای ئەوە نییە هەر هیبەیەک چووە مەکتەبی سکرتاریەت ئینفیرادی پێ دەکات بەکەیفی خۆی دابەشی دەکات، شتی وا نییە دادەنیشن، مومکینە لەو هیباتانە حیصەی لقەکان چیە حیصەی منداڵەکان لە چییە، لەوانەیە ئەو هیباتانە بۆ پرۆژەکان دەچێت، چۆنیان پێ پەسند بێت بەو شێوەیە دەڕوات، بەس ئیمکان نیە خۆی بتوانێت ئینفیراد بکات وەڵلا ئەو هیبە وەردەگری بۆ خۆی، لەبەر ئەوە لقەکە بێ بەشە لەو هبەیە، نا شتی وا نییە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاکەڕەش نەقشبەندی، تێبینی تر هەیە، تەعقیب هەیە، ئەوانەی تەعقیبیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک فاتح فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ ـ بەنیسبەت ئێمەشەوە دەزانین یەک دینارە، بەڵام ئێمە دەڵێین لەو دینارە لە ٤٠ ٪ بنێردرێت، چونکە لەوانی تر ناتوانی تەسەروف بکات، حەقی هەر کەسێ بۆ شوێنی خۆی دەچێت.

ئەم ناحیەیە لەناحیەی ئێمە سیغەکەمان گوت، گوتمان ئەگەر بنووسرێت بەو شێوەیەی کە باسمان کرد، بەقەناعەتی من چاکترە.

٢ ـ هاتینەوە سەر ٥٠ ٪کە وەکو وتم بیکەین بە ٤٠ ٪ یان کەمتر، لقەکە دەتوانی سوود لەو جیاوازیە وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک حەمید.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لە ٥٠ ٪ ئیلتیزامێک دەربکات بە ئیعتیبار بزانین میزانیەکان چۆنن، لە ساڵی ١٩٩٦ تاوەکو ئێستا بەنیسبەت ئەو پارەیە لە لقەکان هیچ وەرناگیرێت عەفو دەکرێت، چونکە کە نەیان بوو عەفو دەکرێن، بەڵام ڕەسمیەن هەیە، بەس کە نەبوو مەکتەبی تەنفیزی خۆی عەفویان دەکات، لەبەر ئەوە گرنگ نیە ببێت و نەبێت، تا ئێستا نەک لە ٥٠ ٪ لە ٢ ٪ش نایێت، هەر هیچی نایێت، ئەگەر بکرێت لە ٤٠ ٪ لاریمان نیە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئیعتیرازتان نیە لەسەر لە ٤٠ ٪ ، لەسەر یاسایە ئەگەر ئیستیقتاع کرا لە پەروەردەوە یەکسەر بچێتە حیسابی سکرتاریەت یان بچێتە حیسابی لق لە ( ٤٠ ٪ )ەکە پێتان باشە، جەنابی وەزیر هیچ تێبینی هەیە، با ئەوە بکەن بە ٤٠ ٪ ، تاکو بیخەینە دەنگدانەوە، بەس خۆی موتتەبەعە عادەتەن بەدەلاتی ئیشتیراک بۆ قیادە ٥٠ ٪یە لە هەموو شوێنێک، یەعنی دەبێت ئەوە بزانن، لە هەموو ڕێکخراوەکانی دونیا تەقریبەن موەحەدە لە ٥٠ ٪ی بەدەلاتی ئیشتیراکە، زۆر شوێنی هەموو ئەو بەدەلاتی ئیشتیراکە بۆ ئەوێ دەچێت و دەگەڕێتەوە، بەس حەددی ئەدنای بەدەلاتی ئیشتیراک لە ٥٠ ٪یە، فەرموو شێخ عەفان.

**بەڕێز عەفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت کۆن وەکو نەقابەی مامۆستایان، نەقابەی مەرکەزی، نەقابەی مەرکەزی حیصەیەک بەپێی میزانیەی خۆیان بۆیان دادەنرێت، بەڵام ئێمە تۆزێک دیموکراتی ترمان کردووە، با ئەوها بێت لقەکان تۆزێک سەربەخۆ بن، لەگەڵ ئەوەشدا یانەیان هەیە (نادی)، یانەکانیش هەر بۆ خۆیانە، بەڵگەنامەیان (هوبە) هەیە ئەویش هەر بۆ خۆیانە، ئەوانەش هەموو دیسان هەر بۆ لقەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام نوێنەری یەکێتی خۆی موعارەزەی ئەوەی نیە، تەسەور ناکەین ئیشکالێکی وا هەبێت، نازانم لیژنەی یاسایی ئامادەیە ئەگەر ئیعتیرازیان هەبێت لەسەر ئەوەی بکرێت بە ٤٠ ٪ .

**بەڕێز كــاكــەرەش مــحــمــد نقــشــبندی:**

**بــەڕێــز ســـــەرۆكــی ئــەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە هیچ ئیعتیرازمان نیە مەسەلەكە لەنێوان خۆیانە، دیارە سەرۆكی یەكێتی مامۆستایان رازی بێت، ئێمە لاریمان نیە لەوە ٥٠ ٪ بێت یان ٤٠ ٪ كەیفی خۆیانە، سوپاس.

**بــەڕێــز ســـــەرۆكــی ئــەنجـــــومـــــەن:**

كەواتە پێشنیارەكە دەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیاری كاك فاتح ئەوەیە كە لە ٥٠ ٪ یەكە ببێتە لە ٤٠ ٪، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كەپەسندی دەكەن لە ٥٠ ٪ ببێتە لە ٤٠ ٪ دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا ٥٠ ٪ كراوە بە ٤٠ ٪، ئینجا جارێكی تر یاسایەكە هەموو بە وازیحی بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی سیغەكەشی دەركەوێ.

**بەڕێز كــاكــەرەش مــحــمــد نقــشــبندی:**

**بــەڕێــز ســـــەرۆكــی ئــەنجـــــومـــــەن.**

الفصل الرابع

مالية الإتحاد

المادة السادسة عشرة:

اولاً: تتكون مالية الإتحاد ممايلي:

١ ـ خمسة دنانير يدفعه كل عضو من المعلمين والمدرسين شهرياً يستقطع من راتبه على الشكل الاتي:

أ ـ دينارين لمصلحة صندوق الضمان.

ب ـ دينار واحد كبدل إشتراك عن صندوق الوفيات.

جـ ـ دينار واحد كبدل إشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.

د ـ دينار واحد كبدل إشتراك شهري عن بدل العضوية.

٢ ـ ضعف ما هو مقرر في الفقرة (١) أعلاه، يدفعه كل عضو من التدريسيين في المعاهد والجامعات.

٣ ـ المنح والمساعدات من حكومة الاقليم.

٤ ـ ريع نشاطات الإتحاد.

٥ ـ فوائد الإستثمارات.

٦ ـ بدل ايجار العقارات المملوكة للإتحاد.

ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ، ب، جـ، د) من البند اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بإسم (لجنة

الضمان ولجنة مساعدة الأعضاء) لتنفيذها.
ثالثاً: فتح حساب في مصارف الاقليم.
رابعاً: تتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في إجتماعات الفرع.
خامساً: تخضع حسابات الإتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.
سادساً: لايحق لأي عضو مطالبة الإتحاد بالحقوق المالية اذا فقد عضويته في الإتحاد.
سابعاً: يتم نقل نسبة(٤٠٪) من الموارد المالية الواردة في الفقرة (د)من البند اولاً الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفرع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی شازدە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، ماددەی شازدە بە گشتی دەنگ وەرگیرا.
دوێنێ ماددەی شازدەمان تەئجیل كرد بوو، ماددەكانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە و بیست و بیست و یەكمان بڕیار لەسەردا، تەنیا ئەو ماددانە جیا نەكرا بوونەوە، چارەتان بۆ دۆزیوەتەوە؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا لە پاشی ماددە هەژدە (الفصل الخامس) دێت، ئەوجا ماددەی نۆزدە و ماددەی بیست و ماددەی بیست و یەک، ئەوانە تەصویتیان لەسەر كراوە، ئێستا فەسڵی شەشەم (الأحكام الختامية) ماددە بیست و دوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی لە جیاتی عینوان فەسڵی پێنجەم دادەنێن، ماددەی بیست ودوو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل السادس
الأحكام الختامية

المادة الثانية والعشرون:
اولا: لايجوز وضع اليد أو حجز أموال أو ممتلكات الإتحاد أو بيعه لسداد القروض المفروضة عليه.
ثانيا: إذا تم حل الإتحاد فإن ممتلكاته تؤول الى الجهة التي يقررها مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بڕگە یەک زۆر درەنگ هاتووە، بەڕای ئێمە ئەوە هەر پێویست نیە هەبێت، چونکە هەموو حیجزەک بە حوکمی یاسا دەبێت، باشە ئەگەر ئیتیحاد هاتوو شتێکی لە یەکێکی کڕی و دوایێ قەرزاری ئەو لایەنە بوو، بۆ ئەو لایەنە نەتوانێ داوای لێ بکات؟، ئیجرائاتەکە دەکرێت بە یاسا، بەنیسبەت بڕگە یەک هەر نەبێت، بڕگە دووش ببێتە ئەسڵی ماددەکە، بەس لەباتی (الجهة التي يقررها مجلس وزراء) برادەرانی یەکێتی مامۆستایان پێیان وا پەسند بوو یەکسەر تەحدیدی وەزارەتی پەروەردە بکەین، مومتەلەکاتی ئیتیحاد بەئیعتیبار نزیکترین وەزارەت لە یەکێتی مامۆستایان وەزارەتی پەروەردەیە، لەبەر ئەوە تەحویلی وەزارەتی پەروەردەی ئیقلیم بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی دارایی ئەوەیە بڕگە یەک نەمێنێت، چونکە یەکێتی مامۆستایان شەخسیەتێکی مەعنەویە، چ حقووقێکی هەیە خازعی هەموو یاساکانە، لەبەر هەندێ هیچ حیجز ناکرێت بەبێ یاسا، لەبەر ئەوە بڕگە یەک نەمێنێت، لە بڕگەی دووەمیش بەس ئەوە بمێنێت (إذا تم حل الإتحاد فإن ممتلكاته تؤول الى الجهة التي يقررها مجلس وزراء اقليم كوردستان) چاکترە، بڕگەی یەکەم نەمێنێت، وشەی دووەم لابدرێت، هەر نەصی ماددەی دووەم چ هاتووە، ئەو بمێنێت، ڕاستە وەزارەتی پەروەردە نزیکترین وەزارەتە بۆ یەکێتی مامۆستایان، بەڵام ئەم یەکێتیە لەوانەیە مومتەلەکاتی تری هەیە، مەسەلەی عەقارات، لەبەر عەقارات و ئەوە دەبێت وەزارەتی دارایی بدات، شتەکانی تر ئیعتیادی بۆ وەزارەتی پەروەردەیە، لەبەر ئەوە بڕگەی دوو بمێنێت وەکو خۆی (يقررها مجلس وزرا ءاقليم كوردستان) زۆر چاکترە. ئەو وەختە لە ١٠٠٪ شتەکانی پێویست بۆ وەزارەتی پەروەردە دەڕواتن مومتەلەکاتی تری بۆ نموونە عەقاراتە ئەوە بۆ فەرمانگەی عەقاراتی دەوڵەت دەچێت کە تابعی وەزارەتی دارایی و ئابووریە، بەو شێوەیە چۆن هاتووە بمێنێت چاکترە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز وریا احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە جەنابت کردت وشەی (العراق) لە دوای کوردستان بێت باشترە، چونکە ئەمە نە کورتکراوەیە، ئەگەر کورتکراوە بێت ئەو وەختە پێویست ناکات بڵێین (مجلس وزراء) هەر دەڵێین ( مجلس وزراء اقلیم)، چونکە ئیقلیم پێناسە کراوە، کورتکراوەش بەو شێوەیە ناکرێت، چونکە یەکەم جاریشە دێت، هەر بڵێین (مجلس وزراء اقلیم کوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو مادده بمێنێت، چونکە تەئکید دەکاتە سەر شەخسیەت و هیبەتی حەسانەتی یەکێتی ماموّستایان، بەس وشەیەک زیاد بکرێتە کۆتایی (القروض المفروضة علیه الإ بقرار قضائي)، چونکە ئەو ماددانە زیاتر حەسانەتە بۆ یەکێتی زیاتریش پاراستنی شەخسیەتی مەعنەویە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من پێمان باشە ئەو سیغەی برگەی یەکەم، ئەگەر بەشێوەکەی تر بمێنێت باشترە، چونکە تا رادەیەک پاراستنە بۆ وەزعی ماموّستایان، بەڵام بەنیسبەت برگەی دووەم ئێمە پێمان باش بوو و، راشمان دا نزیکترین وەزارەت بۆ یەکێتی ماموّستایان وەزارەتی پەروەردەیە، ئەگەر بێیتە سەر بینایە ئەو بینایانە لە دوا رۆژ هەر بە قوتابخانە دەکرێت، هەر پەیوەندیدارە بە وەزارەتی پەروەردە، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە پێمان باش بوو، چونکە بەڕاستی ئەو وەزارەتەی کە پەیوەندیدارە بە ماموّستایان وەزارەتی پەروەردەیە، ئەگەر یەکێتی ماموّستایانیش شتێکی بەسەر بێت میراتگری

هەر وەزارەتی پەروەردە دەبێت، واشمان پێ باشە، چونکە مومکینە تەعامولمان لەگەڵ ئەوان زیاتر بێت، ئەوان لە قسەی ئێمە زیاتر تێ بگەن،بەڵام پێمان باشە وابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتێ کە حەل بوو قسەتان لەنێواندا نامێنێت، حەل بوو حەقتان نەبێ بەسەر ئەوە، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە مەنزوری دیموکراتیەت یەکێتی مامۆستایان یەکێک لە ڕێکخراوی ئەهلیە و ئەساسیکە بۆ موجتەمەعی مەدەنی لە نیزامیکی دیموکراتیەتی دا، هەتا چارەش بێت، مەفروزە ڕێکخراوێکی وەک ئەمە یان نزیکی ئەهدافی ئەوە تەشکیل بکرێت یان مەجود بێت ئەسڵەن، نابێت مولکی ڕێکخراوێک لە موجتەمەعێکی دیموکراتی پاش حەل بوونی بچێتە حکومەت، چونکە دەبێتە موصادەرە، موصادەرەش لە حالەتێکی وا، یەعنی مامۆستایان دەمێنن بێتو ڕێکخراوێکی ئەهلی هەبێت تەمسیلی رایان بکات یان تەمسیلی ئەهدافی مەدەنیان بێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو رایە نیم وەکو بڕگەی دووەم مومتەلەکاتی یەکێتی مامۆستایان ئەگەر بێتو حەل بێت بچێتە وەزارەتی پەروەردە یان بچێتە حکومەت ئەسڵەن، چونکە مەبدەئێکی عام لە یاسای جەمعیاتیش هەیە و لە هەموو یاساکانی تریش هەیە تەحویلی نزیکترین ڕێکخراو دەبێت، ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە نزیکی ئامانجی ڕێکخراوی یەکەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەو سیغەیە وەکو خۆی بمێنێت، چونکە بە حەقیقەت یەکێتی مامۆستایان عایدی وەزارەتی پەروەردە نییە وەکو مومتەلەکات بگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، لەبەر هەندێ بە تەسەوری من زۆر شتی تریش هەیە، یەعنی بڕیارەکە بە دەستی (مجلس وزراء) بێتن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت باشترە وەکو بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوانەی تێبینی تریان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگەی دووەم دەڵێ (إذا تم حل الإتحاد) باس نەکراوە ئەو یەکێتیە چۆن چارەسەر دەکرێت، ئێمە تازە تەشکیلی دەکەین، یەعنی لە چ حالەتێک چارەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی باسی مومتەلەکات بکەین و بیدەینە لایەنێکی تر، یاسایەکەم بەر چاو نەکەوتووە، ئەگەر برادەرانی یاسایی تەوزیحی بکەن، لە چ حالەتێک ئەو ئیتیحادە حەل دەبێت و چۆن خۆی حەل دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش لەگەڵ رای لیژنەی یاسامە کە برگەی یەک نەمێنێت، بەس نەک بە تەواوی نەمێنێت، شێخ عەفان شتێکی وت لەو بارەیەوە، بەس تەعدیلەکی بکرێت، منیش لەگەڵ رایەکی وەسەتم وابزانم باشتر دەبێت، یاسای نەقابەش بێت بڵێین (لایجوز حجز أو بیع ممتلکات النقابة الإ إذا کان الدین ناشئا عن ثمنها)، یەعنی شتێک بمێنێت، حەللەکی باشە و شتێکی مەعقولی یاساییە، ئەوە یەک.

دوو: وابزانم (مجلس وزراء) بمێنێت، چونکە (مجلس وزراء) تەقدیر دەکات، ئەگەر حالەتەکە حەل بێت بۆ چ لایەنێک مومتەلەکاتەکەی بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عەبدلخالق زنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ ـ بەنیسبەت برگەی یەکەم (لایجوز وضع الید) بەڕای من بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی مەعنەویەن بۆ ئەو نەقابەیەی کە گەورەترین نەقابەیە لە کوردستان، قیمەتێکی مەعنەوی هەیە زیاتر لەوەی کە لایەنی ئەمنی بێت یان لایەنی تر بێت.

٢ ـ بەنیسبەت ئەو برگەی دووەم هاتووە لەگەڵ ئەودەم (مجلس وزراء) بمێنێت لە لای ئەو، چونکە (مجلس وزراء) تەحدید نەکراوە، دوای حەلی شتەکە تەحویل دەکات بۆ وەزارەتێک، مومکینە بیکاتە لیژنەی تەحزیری تازە، چونکە ئەو نەقابەیە بەردەوامە و (مجلس وزراء) خۆی بەرزترین سوڵتەی تەنفیزیە، هەردوو برگەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر جێگای رێزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو، ئەندامانی بەڕێز ئێمە کە دەڵێین کێ تەعقیبی هەیە ناوەکان دەنووسین، پاش ئەوە کەسی تر حەقی نیە دەستی بەرز بکاتەوە، ئیلا ئەگەر وتمان کێ تەعقیبی هەیە، چونکە عادەتەن یەک جار دەپرسین کێ تەعقیبی هەیە، کێ رایەکی هەیە ناوەکان دەنووسین، ئەگەر زانیمان مەجال هەیە دوو جار پرسیار دەکەین، ئەگەر مەجال نەبوو دوای ئەوە تکامان وایە دەست بەرز نەکرێتەوە، ئیلا ئەگەر ئێمە مەجالمان دا فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی تەئکیدەن بۆ قسەی حاکم سەفەر ، یاسای نەقابەی پزیشکان لە لامە لەسەر مەسەلەی حیجز تەوزیحی کردووە، دەڵێت ئیلا ئەگەر ئەو قەرزە ناشیئ بێت لە نرخی عەقار ئەوسا دەتوانی بیفرۆشی، مادام رای یەکێتی مامۆستایانیش لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو برگەیە بمێنێت، دەتوانن بەو سیغەیەی کە هاتووە بێتە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک فەرسەت تەعقیبی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رای کاک سەفەرم، چونکە راستە دوور نیە سبەینێ نقابەش شتێک بکرێت وەکو عەقارێک، بەس ئیمکانیەتی نەبێت پارەکەی بدات بەناوی خۆشی تەسجیل بکات، هێشتا پارەکەی نەداوە لەو حالەتە مەفروزە خودانی ئەو عەقارەی ئەسڵی حەقی هەبێت حیجز لەسەر ئەو عەقارە دابنێت، تاکو حەقی خۆی جارێکی تر ئیستیعادە بکات، تەبعەن ئەو مەبدەئەش مەوجودە لە زۆر قەوانین هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرانە باسی حەلیان کرد، جەنابی کاک د. ئیدریس فەرمووی نەگوتراوە حەل بکرێت، ئەگەر شتێک عادەتەن لێرە زیکر نەکرا لە قەوانینی عام لە مەبادیئی عام لە مەبادیئی عام هاتووە کە چۆن حەل دەکرێت لە یاسای جەمعیات شێوەی حەل هاتووە، حەل بە بڕیارێکی قەزائی و یان ئەگەر زۆربەی ئەندامەکان فەقدی ئەندامەتیان کرد، گرنگ ئەوەیە هاتووە لەوێ لەبەر ئەوەی حاجەت نیە لێرە

زیکر بکرێت کە چۆن حەل دەکرێت، لەبەر ئەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەو قاعیدە گشتیەی کە هەیە، چۆن زیکر دەکرێت، بەس ئەوەی کاک سەفەر فەرمووی و، جەنابی سکرتێر تەئکیدی کرد، ئێمە دەڵێین ئەسڵەن نەصەکە نەمێنێت، مانای ئەوەیە ئەگەر حەقێک لە زیمەتی یەکێتی هەبوو و، ئەو حەقە خەڵک دەتوانێت بە حوکمی یاسا بیکات، خۆ بە بەلاش ناتوانێت بیکات، بەس ئەوان رەبتیان کرد بە عەقار، باشە بۆ رەبتی ناکەن بە مەوادی ئەساسی کرین و لە جیهەتێکی موعەیەن، ئەو ئەساسە پاشی ساڵێک نەیدات، پارەکەی هەر نەدات، ئەو ئەساسەی بەکار هێنا، مومکینە ئەگەر ئەساسەکەی حیجز بکات ٥٠ ٪ ، ٤٠ ٪ی قیمەتی کۆن نەکات، ئەوە هەر نەگەیشتە حەقی خۆی، مانای ئەوەیە نەیتوانی ماددەیەکی تر حیجز بکات، ئیلا دەبێت ئەو ماددەیە حیجز بکات، لەبەر ئەوەی شت بە یاسا حیجز دەکرێت، بە بڕیاری قەزائی حیجز دەکرێت، بە بڕیاری تەنفیز حیجز دەکرێت، لەبەر ئەوەی پێویست نیە ئەوە بکرێت، (قوانین نافذه المفعول) ئیعتیادییە، ئیمکان هەیە بەو شێوەیە چارەسەر بکرێت.

ئەوە وەڵامی کاک ئیبراهیمیشم دایەوە، بەڕای من ئەو ماددەیە هەر نەبێ، چونکە ئەگەر نەقابە قەرزار بوو، شتێکی کرد حەقی هەبێ، چونکە هەر جیهەتێک حەقی هەیە بە حوکمی یاسا بیکات و موراجەعەی طورقی یاسا دەکات، ئەما بەنیسبەت (مجلس وزراء) تەبعەن جەنابی وەزیری پەروەردە دەڵێ مومتەلەکاتی بۆ ئێمە نیە، با (مجلس وزراء) تەحدید بکات، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا لاریمان نیە، کە بڕگەکە بەو شێوەیە بمێنێت و، سەلیم تریشە بەڕای من لەوەی بڵێین (الجهة المشابهة) ئەو وەختی کێ ئەو جیهە موشابیهەی تەحدید دەکات، با (مجلس وزراء) وەکو خۆی بمێنێت، ئەگەر جیهەتێکی نزیکی لێ هەبوو یان وەکو ئەوەی کاک عەبدولخالق فەرمووی، مومکینە لە حەلیش بڕێک کارەسات روو بدات، زۆر زەحمەتە حەل لەو جۆرە نەقابانە کە (٢٧٠٠٠) ئەندامی هەبێت، با (مجلس وزراء) تەقدیری ئەو جیهەتەی بکات، ئێمە لاریمان نیە، چونکە پێشنیارەکەی ئێمە بە حەقیقەت لەسەر داواکاری لیژنەی پەروەردە کرد، پێویست ناکات بڵێین موئمین بووینە یان موئمین نەبووین، چونکە وا دیارە بۆمان کردن، لەبەر ئەوەی بۆمان کردن دەکات موتەفیق بووین لەگەڵیان، بەس ئێستا ئەنجامی گفتوگۆ وەکو خۆی بمێنێت باشترە و لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە پرسیارێکمان هەیە مەبدەئیەن ناحیەی یاسا ئەو ئیحتیماڵە دابنێین یەکێتی مامۆستایانی کوردستان حەل ببێت، ئایا پەرلەمان موئمینە ئەگەر مەسەلە زۆربەی مامۆستایان وتیان ئێمە یەکێتی مامۆستایان ناهێڵین، ئێمە وەکو پەرلەمان رازی دەبێ لەسەر ئەوە، هیچ تێبینی تر هەیە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک فاتح محەمەد ئەمین فەرموو.

**بەڕێز فـــاتح مـــحـــمـــد امـين:**

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن.**

بەنیـسـبـەت یەكـەم لە مـاددەی بیـست و دوو، ئەگـەر وەكـو خـۆی مـایەوە، لە كـاتێـک یەكـێـتـی مامۆستـایان قـەرزار بوو كێ دەیدات ئەو قـەرزە؟، یەعنی ئەگەر قـەرزار بوو ئەویش حەقی نەبوو كە حیجزیش بخاتە سەری، قەرزەكەی كێ دەیدات.

بەنیسبەت خاڵی دووەمیشەوە، هەروەكو خۆی دەمێنێتەوە، ئەوساكە جیهەتی مەجلیسی وەزارەت بڕیاری ئەوە دەدات ئەمە چ وەزارەتێک لێی نزیكە یان بۆ كێ نزیک بێت، یەعنی خۆی ئەو بڕیارە دەدات، پێویست ناكات ئێمە ئەو تەفسیراتەی لێرە بدەین، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن:**

بەڕێز كاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عـــبـــدالخـــالق مـــحـــمـــد رشـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن.**

من وا تێ دەگـەم كە ئەوە حەلی هیـئەی ئیدارەیە، حـەلی نەقـابە نابێت، چونكە ئەوە بەشـێكە لە كۆمەڵگای مـەدەنی وەک سكرتێری پەرلەمان گوتی، دوایی ئەوە دەستكەوتێكی میللەتەكـەمـانە، یەعنی حەق نیە ئێمە وای تەسەور بكەین، ئەوە حزب نیە هەڵەیەک بكات، تاكو حەل بێت، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن:**

بە قانون نەقابە دامەزراوە، حەل نابێت من وا تەسەور دەكەم. بەڕێز حاكم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز ســـفـــر مـــحـــمـــد حـــسـین:**

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن.**

وابزانم ئیـستیفادەیە نەصەكی وا تێدا بێت كە ئێمە هەموو موتەفیقین كە یەكێتی مامۆستـایانی كوردستان گەورەترین یەكێتیەو زۆر گرنگی خۆی هەیە، بۆ تەقدیر و حیمایەت نەصەكی وا تێدا هەبێت كـە بڵـێین (لایجوز حجز أو بیع ممتلكات النقابة الإ إذا كان الدین ناشئا عن ثمنها)، جەنابی كاكەڕەش ئیشارەتی بە قەنەفە دا، ئەگەر قەنەفە بكرێ بۆ نموونە كۆنیش بێ، ئەو وەختەش ژێ فـەرقی ئەو قـەنەفـە كۆنە بە تەقدیری كۆن حیسـاب دەكرێ، قـەرزەكە دەبێت هەر بدەن، وابزانم ئەگـەر نەصـەكەی تێدا بێت باشـترە و شـێخ عـەفـانیش پێی خـۆش بوو شـتـەكی وا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــەرۆكـی ئـەنجـــومــــەن:**

بەڕێز كاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شـــــــیـــــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئەوەی برای بەڕێزم کاک کاکەڕەش ئیشارەتی پێدا بەنیسبەت حیجز، ئەگەر نەشمینێت بەڕای من قـیـمـەتی نیـە، چونکە ئـەو مـەوزوعـە چارە کـراوە لە قـەوانـینـی وەزعی، بۆ نەقـابە حـەقی هـەبێت شکایەت لە خەڵک بکات بۆ خەڵک حەقی نەبێت شکایەت لە نەقابە بکات، بۆیە حەق وایە بۆ قـانونی تـەنفـیـزی بەجێ بهـێـڵـێ چ چارەیەکی داناوە، بەپێی ئەو چارەسـەرەییـە بڕوات، لەگـەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

بەڕێز کاک د. ناصح سەرۆکی کوتلەی زەرد فەرموو.

**بەڕێز د. نـاصـح غـــــفـــــور رمـــــضـــــان:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

لێرەدا ئەگەر بە وازیحی خـاڵی یەکـەمی مـاددەکە بخـوێنیـەوە، ناڵێ نابێت قـەرزەکـە بدرێتـەوە، یەعنی باسی ئەوە ناکات، بەس دەڵێ نابێت دەستی بەسەردا بگـیرێت، لەبەر ئەوە قـەرزەکـە هەر دەبێت بدرێتەوە، بۆیە ئەم نەصەی کە هاتووە، باوەڕ بکە زۆر زۆر وازیحە، هیچ خەلەلێکی تێدا نیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئێـمـە لەگـەڵ لیژنـەی یاسایی و پەروەردە و دارایی ئێـسـتـا قـسـەمـان کـرد لەگـەڵ نوێنـەرانیـان، لە حەقیقەتدا وەکو سەرۆکایەتی بەو شێوەیە دەبینین کە ماددەی بیست و دوو هەردوو بڕگەی هەبێ و نەبێ تەئسـیری نیـە، لەبەر ئەوە ئەگـەر نەمێنێت چاکـتـرە، مـاددەی بیسـت و دوو ئەگـەر نـەمـێنێت چاکـتـرە، ئەو پێـشـنیـارە تەقـدیم دەکرێت بەنـاوی هەمـوومـانـەوە، ئینجـا تـکا لەو ئەندامـە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوە پەسند دەکەن ئەو ماددەیە هەر نەمێنێت، دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی دەکەن ئەو مـاددەیە هەبێت، دەسـتیـان بەرز بکەنەوە، مـاددەی بیـست و دوو بەگشتی دەنگ لەغو کرا، ماددەی بیست و سێ.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســعـــیـــد احـــمـــد یعـقـــوبی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

لايجوز مراقبة أو تفتيش مقر مكتب السكرتارية أو مقرات الفروع إلا بحضور رئيس الإتحاد أو رؤساء الفروع أو من يمثل الإتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ستوونی حوکمڕانی ئێمە لسەر دیموقراطیەتێ و ئازادیا بیروڕایان و تەعدودیەت هەین بۆ سولتامە بەڕاستی یا هاڤیە دان کو حیمایەتا هاوولاتیان بکەت هەروەک حیمایەتە نەقابەتا بکەت، ئەز نزانم ئەڤ کەلیمە موراقەبێ یەعنی بۆ چی هاتووە؟، کێ موراقەبەی نەقابە دەکات؟، وابزانم چ پێویست ناکات، چ جیهەت نین مونەزەمێکی وا میهەنی موستەقر بێتە موراقەبە کرن، یەعنی ئەو سیستەمە نەمایە، ئێستا موراقەبە بخەنە سەر ئەو جۆرە جیهەتانە، ئەگەر بێتو مەسەلەی تەحری بێت، بۆ هەندێ مەسەلەی تر تەحری بە حزوری رەئیس دروستە، بەس موراقەبە نەمێنێتن، مەسەلەی موراقەبە هەڵبگیرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەو تێبینیە بوو کە کاک ئیبراهیم گوتی کە موراقەبە نەمێنێت، یا دوێش من پێشنیار دکەم جارێکی دی (إلا بقرار من المحكمة وبحضور رئيس الإتحاد) یەعنی دەبێت بڕیاری مەحکمە دەربچێت ئنجا مەقرێ تەفتیش کرن و، ئیلا سەربەخۆ دەزگایەکی رەسمی بچێت مومکین نینە لە قانونا ئیل ڤێرێ زۆر پێویستە بێژێت ( لايجوز تفتيش مقر مكتب السكرتارية أو مقرات الفروع إلا بقرار قضائي وبحضور رئيس الإتحاد )، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەنیسبەت منەوە موڕاقەبە هەر ئیشارەی باش نیە بیکەین، مەسەلەی تەفتیش وەک د. رزگار وتی، بەڕاستی دەبێت بە بڕیار لە مەحکمە بێت، نابێت هیچ جیهەتێک حەق بدات بەخۆی بڕوات بۆ تەفتیشی نەک بەس نەقابەی مامۆستایان، بەڵکو گشت نەقابات، ئیلا دەبێ بە بڕیاری قەزائی بێت، لەبەر ئەوەی یان ئەو بڕگەیە دەبێت ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە، چونکە موڕاقەبەمان نیە لە کوردستان، لەسەر چاپەمەنی موڕاقەبە نیە، چۆن لەسەر نەقابات هەیە، لەبەر ئەوە ئەو

وشەیە هەر نابێت داخیل ببێت، تەفتیشیش یان تەحریاتە ئەویش بە ئەمری قەزائی ئەبێت (وبحضور رئیس الإتحاد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو ماددەیەش هەر نەمێنێت، چونکە ئێمە بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەچین، ئەوەش وەکو هەر دەزگایەکی ئەگەر تەفتیش بکرێن لە قەزا یان لە مەحاکم ئەمرێک دەردەچێ هەر جێگایەک بیانەوێ بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەچی تەفتیش دەکرێت، ئەوە ئیستیسنا ء نیە لەگەڵ جێگایەکانی تر هەر جێگایەک حکومەت بیەوێ تەفتیشی بکات بە قانون بە حوکمێک دەچێت تەفتیشی دەکات، بۆ لێرە هەبێت بۆ جێگایەکی تر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بۆ ئەوە کراوە کە حەسانەتێکی تایبەتی بدرێت بە نەقابەی مامۆستایان کە موحتەمەلە، نیزام چەند دیموکراتی بێت و یاسا چەند سەروەر بێت، لەوانەیە دەزگایەک هەبێت موراقەبە هەر بخاتە سەری، لەوانەیە فەرمانبەرێک یان کارگێری مەرکەزێک بچێت خۆی پیا بکات، ئەو ئیحتیماله هەیە لەبەر ئەوە هەبوونی ئەو بڕگەیە لە یاسا بە تەئکید زەرەری نیە و، ئەگەر هەشبێت هەر قازانجی دەبێت بەنیسبەت نەقابەکە خۆی،بەس مومکینە ئیزافەی ئەوەی بە بڕیاری مەحکمە بێت ئەوە زورورییە، سیغەکەشی ئەگەر وابێت زۆر وازیح بێت مەوزوعەکە مومکینە خراپ نەبێت، بەڕێز کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە دەبوایە لیژنەی تەفتیش و لیژنەی پەروەردە خۆیان ئیتیفاق بکەن لەسەر ئەو سیاغەتانە، پێموایە مەبەستیان ئەوە نیە خەڵکێکی ئاسایش بێن موراقەبەی ئەو مەقرە بکات یان بۆ نموونە تەفتیشێکی ئەمنی بکات نا، مەبەستیان ئەوەیە کە ڕەقابە و تەفتیشی دارایی و ئیداری ئەو شتانەیە کە یاسایان دەوێت، ئەگەر ئەوە نەبێت، دەنا دەبێت هەر نەمێنێت، چونکە هەموو کەسێک ئەگەر خەرقێکی قانونی ئەمنی کرد جیهازی قانونی جیهازی ئەمنی وڵات حەقی هەیە بەپێی بڕیاری مەحکمە موراقەبە بکات و ئیجرائاتی خۆی بکات، بەڵام ئەگەر ئەوەی تر بێت بە شێوەیەکی تر سیغە بکرێت بەڕای من تەبیعیشە و بەڵام مەفهوم بێت، ئەوە مەفهوم نییە، ڕەقابە و تەفتیشی داراییە یان ئەمنیە، کامەیانە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەفتیشی مالی دانراوە (خاضع للرقابة المالیة) لە بڕگەیەکی پێشتر دانراوە، ئەوە جیاوازە، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێزتان فەرمووتان مەوزوعەکە بۆ حەسانەیە، نالێت (مراقبة وتفتیش مالیة) دەڵێ (مراقبة أو تفتیش مقر) مەقر چ پەیوەندی بە دارایی هەیە دەڵێ ( لایجوز تفتیش مقر) مەسەلە تەفتیشی مەقرە، سبەینێ مەرکەزی شورطە کە کارەساتێکی کوشتن دەبێت، یەکسەر دەڵێ کابرای قاتیل رووی کردە ناو مەقری یەکێتی مامۆستایان و، غار دەداتە ناو مەقری یەکێتی و هەمووی تەفتیش دەکات لەو حالەتانە مەفروز نیە ئەو بتوانی بچێتە مەقری ئیتیحاد دەبێت ئاگاداری سەرۆکی لقەکان بکات و، دەبێت ئاگاداری قازی تەحقیق بکات و، هیچ لایەنێک نیە بتوانێت بچێتە جێگایەکی مەسکون ئیلا (بقرار من المحکمة) ئەوە یاسایە، لەبەر ئەوە لێرە پێویستی بە وشەی قەزائی نیە، بەس لێرە ئێمە ئیشتیراکی شتێکمان کردووە، یەعنی ئەگەر بڕیاری قەزائیش هەبێت هەر دەبێت سەرۆکی ئیتیحاد حازر بێت، ئەوجا بچێتە ژوورێ، ئەوە لێرە حەسانەیە بۆ مەقری ئیتیحاد، یەعنی فەرز بکە قازی تەحقیق بڕیاری دا تەفتیشی مەقری یەکێتی مامۆستایان لە دهۆک بکرێ، نابێ قازی تەحقیق بچێتە ناو مەقری ، دەبێت ئاگاداری سەرۆکی لقی دهۆک بکات، بلێتە لقی دهۆک من بڕیاری قەزائیم پێیە وا دەچمە ناو مەقری جەنابت فەرموو حازر بە، دەبێت سەرۆکی ئیتیحاد حازر بێت، ئەوجا بچێتە ناو مەقرەکەی، نەک لە خۆیەوە بچێتە ناو مەقرەکەی، هەتا ئەگەر بڕیاری قەزائیشی پێ بێت، لێرە ئیشتیراکی حوزوری ئەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە زۆر باش هاتووە، پێویستی بە بڕیاری قەزائی ناکات، چونکە بەبێ بڕیاری قەزائی کەس ناتوانێت بچێتە جێگایەک، ئەگەر یاسا رەچاو بکرێت هیچ جێگایەکی مەسکون نابێت خەڵک بچێتە ناوی بەبێ بڕیاری قەزائی، یان بۆ نموونە لایەنێک وا تەسەور دەکات کە ماددەیەکی مەمنوع لەناو مەقرەکە هەیە فەرز بکە ئیخباریەکی دەکات، دەڵێ ماددەیەکی مەمنوع لەناو ئەو جێگایە هەیە، پۆلیسی گومرگ لەخۆیەوە غار نەدا بچێتە ناو ئەو مەقرە بلێ وەڵلا من دەچمە ژوورەوە لەبەر ئەوەی مەوادی تیرۆر لێرە هەیە، مەفروزە بێت موراجەعەی مەحکمەی گومرگی بکات، ئەوێ بەپێی یاسا ئەگەر سەلاحییەتیان هەبێت بڕیار وەربگری، پاشی بڕیار وەرگرتنیش ئاگاداری سەرۆکی ئیتیحاد بکات، بلێ ئەمە بڕیارێکی قەزائیم هەیە بۆ تەفتیش کردنی ئەو مەقرەی جەنابت وەرە حازر بە لەکاتی تەفتیشی، لەبەر ئەوەی ئەوە حەسانەیە بۆ مەقری ئیتیحاد و زەرووریبە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەعقیبی تر هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەمە ئاخیر تەعقیبە، بەڕێز کاک شمایل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتگیری پێشنیارەکەی کاک د. ئیدریس دەکەم، ئەوەی ئێستا کاکەڕەش باسی کرد، بەڕای من ئەو خاڵە ئەگەر لێرە تەسبیت کرا، مانای ئەوەیە حەسانە بۆ مەقری یەکێتی مامۆستایان هەیە، بەس مەقراتی تر نیە، تەوەجوهاتی ئێمە، تەوەجوهاتی دیموکراتی ئەوەیە یاسا حیمایە وحەسانە دەدات بەبێ تەسبیتی ئەو خاڵە لێرە، بەڕای من ئەو خاڵە لەغو بکرێت، باشترە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دوغرمچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ بەڕێز کاکەڕەش هەیە، بڕگەیەک هەیە لێرە دەڵێ (لایعمل بأي نص) ئەمە ئەگەر بڕیاری قەزائی زیکر نەکەین یان ئەمری قەزائیش پێی ناکرێت تەفتیش بکات، لەبەر ئەوە زۆر زۆر زەروورییە زیکر بکرێت بە بڕیاری قەزائی (بقرار قضائی)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەفتیشی جێگای مەسکون ئەوە مەبدەئێکی دەستوورییە، یەعنی حورمەتی مەساکین حورمەتی هەموو جێگایەک مەسوونە بە حوکمی دەستوور لەسەر ئەساسی دەستووریەتی قەوانین بگوترێت و نەگوترێت، هیچ کەسێک حەقی نیە بەبێ بڕیاری قەزائی جێگایەکی مەسکون تەفتیش بکات، ئیلا دەبێت بە بڕیاری قەزائی بێت، مەبدەئێکی دەستوورییە، ئەوە لە مەبادیئی دەستووردا هاتۆتە خوارێ سەربەخۆیی فەرد ئەوە لە قواعیدی گشتی دەستوورە، بەداخەوە کە ئینسانێکی یاسایی بڵێ ئەگەر ئەوە وتی (لا یتعارض) ئەوە تەعاروزی هەیە، هیچ تەعاروزی نییە، ئەگەر هەر یاسایەک لەگەڵ دەستوور تەعاروزی هەبوو، ئەوە یاسایەکە ئیهمال دەکرێت، مەبدەئێکی دەستوورییە ئیمکان نیە جێگایەکی مەسکون تەفتیش بکرێت ئیلا دەبێت بە بڕیاری قەزائی بێت، ئەوە سابیتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڕیاری قەزائی داخیلی برگەکەمان کرد وابزانم هیچ زەرەری نییە، تەسبیتێکە بۆ حەسانەکەی، ئەوە یەک.

هی دوو، ئەوەی کاک شەمائیل باسی کرد لەزۆربەی زۆری نەقابات هاتووە حەسانەی تایبەتی داوە بە مەقری نەقابە و بە ئەندامانی نەقابەش، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو سیغەیە بخوێنەوە چۆنە ئەمەیان، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ڕۆشنایی پێشنیارەکانی ئەندامان، سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارەی هەیە، مادده بیست و دوو ( لایجوز تفتیش مقرات الإتحاد إلا بقرار قضائي وبحضور رئيس الإتحاد أو رؤساء الفروع أو من يمثل الإتحاد ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەش هەیە، تێبینیتان هەیە لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەسڵی ماددەکەینە، لەبەر ئەوەی پێویستی بە بڕیاری قەزائی ناکات، چونکە مەبدئێکی سابیتە بڕیارەکانی قەزائی، هەموو شتێک وەڵڵا پێویست نییە زیکری بکەینەوە، چونکە جائیزە، ئێستا هەموو برادەرانی یاسایی لێرەنە، یەکەکیان هەڵبستێت بڵێ جائیزەماڵێک تەفتیش بکرێ بەبێ بڕیاری قەزائی، دەڵێم قەیدی ناکات هەر جێگایەکی مەسکون نەک ماڵ بەبێ بڕیاری قەزائی خەڵک بچێتە ژوورێ، ئەگەر جائیزە بچێتە ژوورێ من لاریم نییە، لەبەر ئەوەی بڕیاری قەزائی بۆ چییە، ئەوەی ناوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەڕەش باسی کرد، ڕاستە، بەس لە حالەتێک ئێمە دەستوورمان هەبێت ئەو مەبدەئە ڕاستە مەبدەئێکی دەستوورییە، بەس تەسبیت نەکراوە تاکو ئێستا لە هیچ وەسیقەیەکی موحەرەر،

لەبەر ئەوە بەڕای من ئیراد کردنی ئەو مەبدەئەی دەستووری لەو یاسایە زەرەری تێدا نیە، بەپێچەوانەوە، قازانجی تێدایە، ئەوە یەک.
دوو، بەڕای من مەقری نەقابە یان هەر ئیتیحادێک ناتوانین موقارەنە بکەین لەگەڵ ماڵێک، ماڵ حورمەت و حەسانەیەکی تایبەتی هەیە لەگەڵ مەقراتی تر، بەڕای من ئیعتیبار نابێت و بە مەحەلێکی مەسکون حیساب نابێت لە یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش نەقشبەندی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە زۆر دەستوور هاتووە، دەڵێ (حرمة المساكن والمكاتب) مەکاتبیشی تێدایە، مەقری ئیتیحاد یەکێکە لەو مەکاتیبە، مەکاتیب بە جێگایەکی مەسکون ئیعتیبار دەکرێت خەڵک نابێت بچێتە ژووریَ ئیلا بە بڕیاری قەزائی نەبێت، چونکە مەکتەبیش حورمەتی خۆی هەیە بە مەسابەی مەسکەنە، یەعنی ژووری مەکتەبی پارێزەرێک فەرقی نیە لەگەڵ ماڵی کە دەچێتە ژووریَ بە بڕیاری قەزائی، دەبێت بە بڕیاری قەزائی بچێتە ژووریَ تەفتیشی بکات، ئەگەر نا حەقی نیە بچێت تەفتیشی مەکتەبێک بکات، لەبەر ئەوە یەکێتی مامۆستایان کە تەمسیلی (٢٧٠٠٠) کەس دەکات لە خۆڕا بچێتە ژووریَ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ پێشنیارەکەی سەرۆکایەتی هیئەم و، وجودی بڕیاری مەحکمە زۆر زەرورییە لەبەر دوو لایەن:
یەکەمیان: ئەو ئیشارەیەی کە ئێمە دەستوورمان نییە، یان یاسای ئاساسیمان نییە.
دووەم: بەڕاستی هەندێ جیهازی تایبەتیمان یان ئەمنیمان حەق دەدات بەخۆی، ئەو قەزییە ئەگەر تەسبیت کرا، ئەو حەقە نابێت، بەڕای من زۆر باشە و بەنیسبەت گشت نەقابات و حزبەکان و ئەوانەی کە ئیجازەی یاسایی خۆیان وەرگرتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، کەواتە هەردوو پێشنیارەکە دەیخەینە دەنگدانەوە، هی خۆتان بخوێنەوە، ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە یەکەم جار، پێشنیارەکە بخرێتە دەنگدانەوە یەکەم جار یان ئەسڵەکە، رای لیژنەی

یاسایی چیە؟ کامیان دەخەینە دەنگدانەوە یەکەم جار، پێشنیارەکە، فەرمووپێشنیارەکە بخوێنەوە و بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون:

(لايجوز تفتيش مقرات الإتحادإلا بقرار قضائي وبحضور رئيس الإتحاد أو رؤساء الفروع أو من يمثل الإتحاد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و دوو بەو شێوەیەی خوێندرایەوە بەو پێشنیارە دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددە بیست و دوو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

يتم منح هويات الأعضاء من قبل الفرع ضمن الحدود الجغرافية للمحافظة ويجب أن تكون موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی بیست و سێ، فەرموو د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نزانم (يتم منح هويات الأعضاء من قبل الفرع) ودیزڤەرنە (ويجب أن تكون موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية) یەعنی ئەڤ گەل لێکدانە چۆن دەبێت( صادرة من مكتب السكرتارية ويحق الفرع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بۆی شەرح بکەن، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەدەف لەوەیە کە دەڵێین ( صادرة من مكتب السكرتارية) مەوزوع کلێشەو شێوەکەیەتی هەموو بەڵگەنامەکان لە مەکتەبی سکرتاریەت چاپ دەکرێن تەنزیم دەکرێن و دابەش دەکرێنە سەریان،

تاوەکو هەموو وەکو یەک بن، صادیر مەبەستی ژمارە و مێژووی صادیرە نییە، (صادرة یعني المنظمة من قبل مکتب السکرتاریة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی بیست و سێ دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و سێ پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کەس نیە پەسندی نەکات، ماددەی بیست و سێ بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و چوار.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون:

لا یعمل بأي نص یتعارض وأحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ماددەی بیست و چوار، دیارە تێبینی نیە، ماددەی بیست و چوار دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و چوار پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی بیست و چوار بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و پێنج.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والعشرون:

علی مجلس الوزراء تنفیذ أحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ماددەی بیست و پێنج، دیارە تێبینی نیە، ماددەی بیست و پێنج دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و پێنج پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی بیست و پێنج بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و شەش.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والعشرون:

ینفذ هذا القانون إعتبارا من تأریخ نشره في جریدة وقائع کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ماددەی بیست و شەش، دیارە تێبینی نییە، ماددەی بیست و شەش دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و شەش پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی بیست و شەش بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

ئێستا هەموو یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عێراق دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی هەموو یاساکە پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، هەموو یاساکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. فەرموو کاک د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی لیژنەی پەروەردە و بە نوێنەرایەتی شێخ عەفان بەناوی مامۆستایانی کوردستانیشەوە و بەناوی کوتلەی زەردیشەوە، بەناوی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە زۆر سوپاسی ئێوەی بەڕێز و یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە چوار ڕۆژە ئێمە خەریکی تاوو توێ کردنی ئەم یاساییەن کە نزیکەی ساڵێکە هەموومان، بەتایبەتی لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسا و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە کاری لەسەر دەکەین، جگە لەوە یەکێتی مامۆستایان خۆیان و لایەنە سیاسیەکانیش دەوری باشیان بینیوە و، هەروەها ئەو لیژنانەش دەوریان بینیوە لە تاوو توێ کردن و ڕا دان لەسەر ئەم یاسایە، بۆیە جارێکی تر بەناوی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاو، هەروەها بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم و، پیرۆزبایی لە یەکێتی مامۆستایان دەکەم کە ئەم یاسایەیان بەم شێوەیە و، بەڕێکوپێکی دەرچوواند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک د. ناصح وەکو سەرۆکی کوتلەی زەرد، بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی گشت مامۆستایانی کوردستانەوە، سوپاسێکی بێ پایانمان هەیە، بەتایبەتی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسا و لیژنەی پەروەردە و لیژنەی دارایی و، لیژنە تایبەتەکانی تر، هەروەها یەکە یەکەی ئەو برادەرانەی کە بە تایبەتی یاساکەیان تێرو تەسەل کرد، ئومێدەوارین مامۆستایانی کوردستان دەوری خۆیان ببینن لەو دەورەی کە بینیویانە لە ساڵانی ڕابردوو و،

خاوەنی (٣٨٢) شەهیدی مامۆستان لە مامۆستا حەسیبی لە بیر نەچۆوە تا مامۆستا فەرەنسۆ هەریری و، ئومێدەوارین پرۆسەی پەروەردە چاکتر و باشتر لە کوردستاندا جێ بەجێ بکرێت و، هەروەها نەهێشتنی نەخوێندەواری بەجۆرێک بێت ئێمە شان بە شانی ولاتانی پێشکەوتوو دەوری خۆمان ببینین و مامۆستایانی کوردستانیش وەک پێشمەرگەیەکی ماندوو نەناس لەو مەیدانە دەوری خۆیان ببینن و، سوپاس و پێ زانینمان بۆ دەزگای شەرعیەت لە کوردستان، هەر بژین بە شادی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، پیرۆزبایی لە هەموو مامۆستایانی کوردستانی عێراق دەکەین بە دەرچوونی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عێراق لە هەمان کاتیشدا سوپاسمان ئاراستەی هەموو ئەو لیژنانە دەکەین کە کاریان لە پێگەیاندنی ئەم یاسایە کردووەو هەموو ئەندامە بەڕێزەکان کە کاریان تێ کردووە و چ بە پێشنیار، چ راستەوخۆ بۆ چاک کردن و گەشە کردنی ئەم یاسایە، هیواداریـن یاسایەکە ببێتە مایەی پارێزگاری لە مافەکانی مامۆستایانی کوردستان و چاک کردنی باری گوزەرانیان، هەروەها هیوادارین کە یاساکە ببێتە مایەی پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێر کردن لە کوردستاندا، جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین.

ئێستا بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک پشوو دەدەین، پاش ئەوە دێینەوە بۆ بڕگەی دووەمی کاروباری ئەمڕۆمان.

پاش پشوودان..........

ئێستاش دەچینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ئەویش:

٢ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان).

بۆ ئەم مەبەستە تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی و ئەندامێکی لیژنەی دارایی دەکەم کە بفەرموون بۆ سەر سەکۆیەکە.

بەڕێز کاک محەمەد سەعید یەعقوبی و بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموون، لیژنەی یاسایی تکایە رای خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان ـ اربيل